# مەلای گەورە

## چاکسازی - نوێگەری

دڵزار حەسەن

# مەلای گەورە

## چاکسازی - نوێگەری

هەولێر
٢٠٢٥

* ناوی کتێب: مەلای گەورە، چاکسازی – نوێگەری
* بابەت: لێکۆڵینەوە
* نووسەر: دلزار حەسەن
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود
* نەخشەسازی: عیسام موحسین
* نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم
* چاپخانە: چاپخانەی شەهاب - هەولێر
* تیراژ: (٥٠٠) دانە
* نرخ: ٣٠٠٠ دینار
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (١٠١ ) ساڵی ٢٠٢٥ی دراوەتێ
* لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی توێژینەوە و دۆکیومێنتپارێزی.

**ناوەڕۆک**


| | |
|---|---|
| ڕێخۆشکردن: | ٧ |
| پێشگوفتار: | ١٣ |
| تەوەری یەکەم: کورتەیەک لە بارەی ڕیفۆرم و نوێگەری لە مێژوودا | ١٧ |
| تەوەری دووەم : پرسی نوێگەری لای بەشێک لە زانایانی ئیسلامی | ٢٧ |
| تەوەری سێیەم: پێگەی مزگەوت و حوجرە وەک ناوەندێکی زانستیی و پەروەردەیی | ٣٧ |
| تەوەری چوارەم: تێگەیشتن لە ئایین | ٤٥ |
| تەوەری پێنجەم: ژیاننامەی مەلای گەورە | ٥١ |
| تەوەری شەشەم: خوێندن و مەلایەتی و نووسین | ٥٩ |
| تەوەری حەوتەم: نیشتمان پەروەریی و بەرگریکردن لە کورد | ٦٥ |
| تەوەری هەشتەم: ئەو کتێبانەی، کە کاریگەرییان لەسەر مەلای گەورە داناوە | ٧٧ |
| تەوەری نۆیەم: مەلای گەورە و چاکسازی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی شیعرەوە | ٨٧ |
| تەوەری دەیەم: مەلای گەورە وەک نووسەر و وەک داکۆکیکارێک لە مافی ژن | ٩٩ |
| تەوەری یانزەهەم: ئافرەت لە پێش ئیسلامدا، بە گوێرەی گێڕانەوەی قورئانی پیرۆز | ١١١ |
| تەوەری دوانزەهەم: مەزهەب و فتوا و تێگەیشتنی مەلای گەورە بۆ ئاییندارى | ١١٩ |
| تەوەری سێزدەهەم: تێڕوانینی مەلای گەورە بۆ چەمکی موجەدید (نوێگەر) | ١٣١ |
| ئەنجام | ١٣٩ |

## ڕێخۆشکردن

کـورد وەک بەشـێک لە میراتـی مرۆڤـایەتی، لەناویـدا وەک دەرکەوتەیەکی شارستانیی و ئایینی، لە دەوڵەتی ماددەوە تا هاتنی ئایینی ئیسلام بە چەندان قۆناغی کلتووریی و کۆمەڵایەتی و فیکری تێپەڕیوە. لەگەڵ هاتنی ئیسلامیشدا بووەتە بەبەشێک لەم جەستەیە و زۆرێـک قوربـانی لەپێنـاو بەخشـیوە، هەروەهـا لە نێـو ئەو مەنزوومەیەدا برەوی بە زانستە ئایینیەکان داوە. کارەکانیشی لەنێو دوو وێسـتگەدا بەرجەسـتەبووە، نمـوونەی (حـوجرە) و (ناوەنـدە عیرفـانیی و تەسـەوفییەکان، وەک نمـوونەی تەکیـیە و خانەقاکـان). سـەرچاوەی بیـری ئـایینی کـوردیش، جـگە لەم پەرتـووک و دەستنووسـانی تـایبەت بە زانـا کوردەکـان، بەشـی زۆری سەرچاوەکانی دیکە ئەو پەرتووکانە بووینە، کە ئەوی دیکەی غەیرە کورد بەرهەمـی هێنـاون. زانا و عـاریفە گەورەکـان هەوێنـی بەشـی زۆری ئایینـداری ئەو کەسـانەبووینە، کە گرنگیـان بە لایەنـی تەزکیـیەی نەفـس و گرنگیـدان بە لایەنـی ڕۆح و مەعـنەویەت دەدا. بەشـەکەی دیـکەی لە زانایـانی کـورد پەروەردەی حـوجرە بـووینە، کەوتبوونە ژێر کاریگەری تەفسیرەکانی (تەبەریی و قورتبیی و ئبن کەسیر و ڕازیی) لە بواری زانستی شەرعییەوە وەک (ئیبن ولقەیم ئەلجـۆزیی و هتـد..) لە بـواری فیکر و فەلسەفەشـدا وەک (فـارابی و ئەبـوو ئەلرەیحـان ئەلبیرونـی و ئەبـوبەکر ئەلـڕازی و ئیـبن سـینا و

ئیبن ڕوشد و کیندی و هتد....) لەسەرووی هەمووشیانەوە بە ئیمامی ئەبو حامیدی غەزالی سەرسامبووینە، کە بە هۆی پەرتووکەکانیەوە ڕێگری لە تەوژمی فەلسەفە عەقلانییەکەی ئیبن ڕوشدی دەکرد. ئەویش نەک وەک دژایەتی، بەڵکوو ئەو داویا دەکرد وەک بابەتێک کە لە ڕێگەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و لۆژیک و زانستی کەلام و مەقاسیدی شەرعییەوە مامەڵە لەگەڵ فەلسەفەدا بکرێت، نەک وەکوو ئەوەی یۆنانییەکان بەرهەمیان هێناوە. یەکێک لەو زانا کوردانەی دوای خوێندنی سەرجەم کتێبە فەلسەفیی و عەقلانییەکان، دواجار بەشێوەیەکی توند کەوتە ژێر کاریگەری غەزالی (ئیبن سەلاحی شارەزووری بووە، کە لە (١١٨١ ز تا ١٢٤٥ ز) ژیاوە. وەک قازی و موفتی لەسەردەمی دەسەلاتی ئەیوبییەکان کۆمەڵێک فتوای دەرهەق بە قوتابخانە عەقلانییەکان دەرکردووە، لە دژی ئیبن سینا فتوای داوە و (دژبە ئایین ناوی بردووە). خۆرهەلاتناسی هەنگاری (ئیگناس گوڵدزیهەر کە لە ١٩٢١ ژیاوە) ئاماژە بە فتواکانی ئیبن سەلاحی شارەزووی دەکات، کە چۆن دژە بیرکردنەوە بووە. هەر لەو سەردەمەشدا زانایەکی دیکەی کورد، کە بە سەرمەشقی قوتابخانە عەقلانییەکان دادەنرێ ئەویش (سەیفەددینی ئامەدییە)، کە لە (١١٥٦ ز تا ١٢٣٣) ژیاوە کە دواجار بووە قوربانی فتواکەی ئیبن سەلاحی شارەزووریی و دوورخرایەوە لە وانە گوتنەوە. ئیبن تەیمیە ئەو میژووەمان بەو شێوەیە بۆ دەگێڕێتەوە و دەنووسێ: شارەزووی گوتوویەتی: لێسەندنەوەی ئەو قوتابخانەیە لە ئامەدیی لە گرتنەوەی حەککا، باشترە؟! لە شاری هەولێریش لەو سەردەمە کەسایەتییەکی دیاری وەک شێخ شەرەفەددینی هەولێری هەبووە، کە قوتابخانەیەکی

تـــايبەتی بە وانە فەلســـەفیەکان هەبـــووە. کەســـایەتییەکی وەک (حەســەنی کـوڕی مــحەمەد – ١١٩٠ تــا ١٢٦٢ز) کە لە بنەڕەتـدا خەڵکی نسـێبینەی بـاکوری کوردسـتانە، بەڵام بـۆ خوێنـدن هـاتۆتە هەولێـرێ، لای ئەو شـێخ شـەرەفەددینە زانسـتی (کەلام ولۆژیـک و ئەدەب و فیزیک و فەلسـەفەی ئیبن سینا و هتد... خوێندووە) بەڵام هەر لەو قۆنـاغەدا دۆخەکە لە خـۆرڵاتی کوردسـتان دەگـۆڕێ و زانـایەکی وەک قـازی (سـیراجەددین مەحمـوود کوڕی ئەبـووبەکری ورمێـــی ١١٩٨ – ١٢٨٣ز) ســـەردەردەکات، کە هەم شـــافیعیەکی ئەشـــعەریی و هەم کەلامنـــاس و زانـــایەکی بـــواری زانســـتە عەقڵانییەکــان بــووە، لەزۆر کاتــان پێیگــوتراوە شــافیعی دووەم. کتێبێکی بەناوبانگی هەیە بەناوی (مطالع الانوار في المنطق والحكمة) سەرباری ئەوە شرۆڤەی بۆ کتێبی (الاشارات والتنبيهات)ەکەی ئیبن سـینا کـردووە. لێـرە دەتـوانین بڵێـین هەوڵەکەی ئیـبن سـەڵاحی شــارەزووی بــووە هــۆی ئەوەی ئیــدی حــوجرەی کــوردی، لەم سەردەم بە دواوە فەلسـەفە و بـابەتە عەقڵانییەکانی تێکەوت. ئیدی بووە نەریت، کە لە زۆربەی زۆری حوجرەکان فەلسـەفە و کەلام و لۆژیک بخوێندرێت.

هەڵـبەتە ســەردەمی مــەلای گــەورەش ســەردەمی ڕووخــانی دەوڵەتی عوسـمانی بوو، تێکەڵبوون لەگەڵ شارستانیەتی ئەوروپا. هێواش هێواش وڵاتە ئیسلامییەکان بە خۆیاندا دەهاتنەوە، گۆڕانێکی تـازە بەرهەمهـات. مـەلا و زانـا گـەورەکانی ئیسـلامی بەخۆیانـدا چوونەوە، نموونەی عەبدولڕەحمان کەواکیبی و محەمـەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانی لێوەبەرهەم هات. کۆمەڵگەی کوردەواریش ئەو کات لە ڕیگەی مەلای گەورەی کۆییەوە، کەوتە ژێر کاریگەری ئەو

تەوژمە. دیارە مەلای گەورەش هەمان ئەو ڕەوتەی گرتە بەر، من نـالێم لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو زانایانـە بـوو، بەڵام ژیـنگەی ئیمراتـۆرییەتی عوسـمانی بەتەواوی تووشـی داڕمـان هـاتبوو. ئەو وتەیەی، کە دەیـانگوت: عوسـمانییەکان تـا ڕۆژی قیامـەت حکـوم دەکەن و خەلافەتی پێغەمبەرن لەسەر زەوییدا، وا دەرنەچوو. ئەمانە هیچـی وانـەبوو و ئیـدی بـەرەو ڕووخـان دەڕۆیشـتن و خۆیـان ڕوویان لە تورکایەتی و فیکری ڕۆژئاوایی بوو، ئیدی گەلانی ژێر دەستی عوسمانیش بەخۆیاندا هاتنەوە. کارەکتەری مەلای گەورەش لێرەدا وەک کەسێکی زۆر تایبەت هەڵکەوت لە کوردستان. هەرچەند مەلای گەورە تەواو لە عوسمانییەکان نا ئومێد ببوو. لە زۆر شوێن بە لادەر لە ئایین وەسفیکردوون، بەڵام زۆریش دڵخۆش نەبووە بە بەدیلەکەی، کە بەریتانیایە. مەلای گەورە سەرەتا بەناچاری لەپێناو ڕووخانی عوسمانییەکان دڵخۆشبووە بە هاتنی بەریتانییەکان، بەڵام دواتر چارەی ئینگلیزی نەویستووە. لە نامەکەیدا، کە بۆ یاریدەدەری ئەفسـەری سیاسـی بـەریتانیای نووسـیوە بـە ئومێدەوە دەنواڕێتـە حوکمی بەریتانی لە ناوچەکەدا. پێیوایە خۆشگوزەرانی دەهێنێت بۆ خەڵک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوایان لێدەکات دادگەربن و هەموو خواستەکانی کورد بهێننە دی .

بنەماڵەی جەلی زادە، نەک هەر مەلای گەورە، بەڵکوو باوک و باپیریشی بە شێوەیەک لە شێوەکان لە هەوڵی چاکسازی ئایینیدا بووینە. مەلا عەبدوڵلای باوکی و مەلا ئەسعەدی غازی باپیرەشی یەکێبوون لە کەسایەتییە دیارەکان، تەنانەت لە شوێنێک مەلای گەورە سەرسامی خۆی بەرانبەر بە باوکی دەردەبڕێت و دەڵێت: یەکێک بووە لە موجەددینی سەردەم، وەک محەمەد عەبدەیە، بەس

داخەکەم کورد بووە و کەس نەیناسیوە. بە کورتی جیاوازی مەلای گەورە لەوەدایە لە دوو سەردەمدا ژیاوە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکان و دەسەڵاتی ئینگلیز، مەلای گەورە دژە عوسمانی بووە، چارەی ئەوانی نەویستووە، کوردانە هەڵسوکەوتی لەگەڵکردوون، ئەوانیش بە هۆی زانست و پێگە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکەی ڕێزیان بۆ دادەنا. لەسەردەمی ئینگلیزیش، هەمیشە قسەی خۆیکردووە و ڕاوسەرنجەکانی بێ ترس دەربڕیوە.

پرۆژە چاکسازییەکانی مەلای گەورە لە دوو تەوەر خۆی دەبینێتەوە: (چاکسازیی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی فیکری)

چاکسازیی کۆمەڵایەتی: بەو مانایەی هەوڵیداوە لە ڕێگەی پەند و شیعر و بەسەرهات و چیرۆکی جۆراو جۆرەوە، قسە لەسەر دونیای خورافیی و دواکەوتووی کورد بکات. سەبارەت بە بۆچوونە فیکری و نویگەرییەکانی: زیاتر لەناو تەفسیرەکەی ڕەنگیداوەتەوە، کە لە درێژەی ئەو کتێبەدا ئاماژەمان پێیداوە.

## پێشگوفتار:

سەرەتا لە پێناسەی چەمکی ڕیفۆرم دەست پێدەکەین و پاشان دەچینە ناو وردەکاری کۆڵینەوەکەمان مانا فەرهەنگییەکەی "اصلاح" ڕیفۆرم، دەکرێت وەها پێناسە بکرێت: ( نۆژەنکردنەوە، تازەبوونەوە، شکڵپێدانەوە، دروستکردنەوە، چاکترکردن، گۆڕین، گەشەپێدان، هەنگاونان، بۆ خولّقاندنی دۆخ و هەلومەرجێکی نوێ هتد...).[1] ئەگەرچی پرۆسەی چاکسازی لە دەستپێکدا، پێگە و ڕیشەی لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی ئاینییدا هەبووە، بەڵام پاشتر و لەگەڵ زەمەندا، چ وەک تێرم و چ وەک پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی، تخووبی هێزە ئاینییەکانی تێپەڕاندووە و لە هەناوی ئایدۆلۆژیە لیبراڵ و گروپە کۆنزەرڤاتیڤە نوێکانیشدا جێی خۆی کردووەتەوە. بە مانا سادەییەکەی "ڕیفۆرم" گۆڕینی دۆخە خراپەکانە بەرە و باشبوون، بەشێوازی هێمن و لەسەرەخۆی بێ توندوتیژیی و شۆڕش، جا ئەو چاکسازییە ڕوو لە تاک بێت یان کۆمەڵگە، یاخود دەزگا. (بەمانایەکی دیکە اصلاح لە ڕووی بەرکارەوە دەبێتە هاودژی فەسادی، واتە پرسی چاکسازی

---

[1] مفهوم الاصلاح أو نحو اصلاح الفهم المصطلح: تـأليف / د. محمد بريش- خبير في الدراسات المستقبلية والاستراتيجية عضو " معهد الدراسات المصطلحية" ص١٣

لەجەوهەردا دژی خراپەکاری و گەندەڵییە. چەمکی خراپەکاریش بریتییە لە دەرچوونی شتێک لە دۆخی میانڕەویدا).[١] هەڵبەتە چاکسازی نێو پرسە سیاسی و ئایینی و کلتوورییەکان، نزیکترین دۆخن لەیەکتریەوە، کە ئەو چەمکەیان بۆ بەکاربهێندرێت. جارجارەش ئەگەر دۆخەکە پێویستی بە قووڵبوونەوەی زیاتر هەبوو، ئەوکاتە ئاوەڵناوی شۆڕشی پێوە دەنووسێت و وەک شۆڕشی ئیسلاحی زاراوەکە بەکاردێت. مەبەست لە ڕیفۆرمی ئاینیی پێداچوونەوەی کلتووری ئاینییە، لە ڕووی گونجان و نەگونجانی هەندێک لە بابەتەکانی لەگەڵ سەردەم یان بەسەرچوون و بەسەرنەچوونی هەندێک، لە بۆچوون و ئیجتیهادەکانی زانایانی پێشین.

ئەو ڕیفۆرمە لە بازنەی خودی بۆچوونە دێرینەکان و کوانووی کلتووری ئیسلامیدا جێی بۆتەوە، چونکە ئەوەی ناونراوە زەمینەی ئیجتیهاد و بوونی ڕا و ڕای جیاواز لای فەقیهەکان، دەچێتە خانەی ڕیفۆرمەوە. لێرەدا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە چەمکی (ڕیفۆرم) هەڵقوڵاوی واقعی فیکریی و کۆمەڵایەتیی خۆرئاوایە و جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ڕەوتی ئیسلاحیی لە چوارچێوە ئیسلامییەکەدا. دەتوانین بڵێین ڕەوتی ڕیفۆرمی ئایینیی لە مێژووی ئیسلامدا لەو کاتەوە وەستا، کە وتیان: "دەرگای ئیجتیهاد بەستراوە". ئەو ڕستەیەی، کە بۆ چەندین سەدە ئوممەتی ئیسلامیی بێبەش کرد لە عەقڵ و ئەزموون و توانا زانستییەکانی. ژمارەیەکی زۆر لە زانایان، کە لەبەر ئەو ڕستەیە چرای هزری

[١] المفردات في غريب القران: تأليف/ راغب الاصفهاني – ص١٨٦

خۆیان کوژاندەوە و چەکەرەکانی بیری خۆیان پووکاندەوە. دیارە ئەو ڕستەیەش لەوێوە هات، کە لە سەدەکانی پێنج و شەشی کۆچیدا دیاردەیەکی ترسناک سەری هەڵدابوو، لە دەستنیشاکردن لە مەرجەکانی ئیجتیهاددا، گوایە کەسانی نا "ئەهل" خۆیان خزاندبۆوە ڕیزی موجتەهیدەکان، لەکاتێکدا دەکرا لە درێژەی خودی ڕەوتە ئیسلاحییەکەدا، ئەو دیاردە نەخوازراوەش چارەسەر بکرێت. ماوەتەوە ئەوەیش بڵێین: کە لە مەنزوومەی فیکری ئیسلامیدا پرۆسیسێکی گرنگتر و پێشکەوتووتر لە "ڕیفۆرم" هەیە کە پێی دەگوترێ "تجدید الدين")، واتە: (نوێکردنەوەی ئایین)، کە دەستەواژەیەکی زۆر وردتر و گشتگیرترە، لە دەستەواژەی ڕیفۆرم. یەکەم کەسیش کە لە مێژووی ئیسلامدا ئەو دەستەواژەیەی بەکار هێناوە، خودی پێغەمبەری ئیسلامە (دروودی خوای لەسەر بێت)، کە فەرموویەتی: (إِنّ اللّهَ يَبْعَثُ لِهَذِهِ الْأُمّةِ عَلَى رَأْسِ كُلّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدّدُ لَهَا دِينَهَا).[1]

واتا خودا لەسەری هەموو سەدەیەک، کەسێک دەنێرێت تا ئایین نوێ بکاتەوە. ئەوە ڕیفۆرمی ئاینییە لە بازنەی تێگەیشتنە ئیسلامییەکەدا، بەڵام کەی ئەو ڕیفۆرمە دەکرێت؟ هەر کاتێک کە هەستکرا هەندێک لە ئیجتیهاد و فتوا و بۆچوونەکان، خەریکە بەسەر دەچن و بە فاکتەری زەمەن، تۆز و گەردیان لەسەر دەنیشێت و خەریکە ڕەونەقی (فیقه) تێک بدەن، یان ئاڵوگۆڕی سیستەمی ژیان و سروشتی ژینگەکان، خەریکە مۆرکی نەسازان لەگەڵ واقیع، بەسەر بۆچوونە دێرینەکاندا بدەن، ئەوە پێداچوونەوە

[1] رواه أبو داود (رقم/٤٢٩١) وصححه السخاوي في "المقاصد الحسنة" (١٤٩)، والألباني في "السلسلة الصحيحة" (رقم/٥٩٩)

به ڕا و بۆچـــوونە فیقهییەکانـــدا دەخـــوازێ، ئەو کـــات دەبـــێ لە چوارچێـوەی حـــوکمە (جێگیرەکـــان)دا، پێـــداچوونەوە بە حـــوکمە (ناجێگیرەکـان)دا بکـرێ و بە تێگەیشـتنی نـوێی هەڵقـوڵاوی ژینگە و کۆمەڵگە و سـەردەمەکە، ڕا و بۆچـوونی نـوێ ببێتە مەودای (فیقهی نوێی) و پێشهاتی تازە و گونجاندنی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا، کە یاسا بەڕەتییەکانی بۆ هـەموو سـەردەمێک دەگونجێ بـەپێی ئـەوەی دەبێ تێگەیشـتنی سـەردەمیانەی بۆ بکرێت، بـە پێی کات و شـوێن. ئەمە ڕاسـتییەکی گـرنگە و بەلەبـەرچاوگرتنی زۆر شـت، پیویسـتە وەکخۆی زیندووبکرێتەوە.

# تەوەری یەکەم:

## کورتەیەک لە بارەی ڕیفۆرم و نوێگەری لە مێژوودا

لێکۆڵـەر و نوسـەرانی کۆمەڵگـەی ئـێمە، بەردەوام قسـە لەسـەر گرنگـــی و پێویســـتی ئەنجامـــدانی ڕیفـــۆرمێکی ئـــایینی دەکەن. هاوشـێوەی ئەو ڕیفـۆرمەی، کـە لە ئـایینی مەسـیحیدا لە سـەدەی شـانزە و لە سـەردەمی ڕۆشنگەریدا بەدیهات. تەنـانەت ئەو بـاس و خواسـتە تەنهـا لەسـەر زمـانی تـوێژەران و خوێنـدەواران قەتـیس نەبـووە، بـەڵکوو وەک زمـانێکی ڕۆژانەی خەڵکـی ئاسـایی لێهـاتووە. خەڵکی بە پەرۆشەوە خوازیاری سـەرهەڵدانی چاکسـازی بنەڕەتین، لە کایەکـانی ئـایین و دۆخـی ئایینـداری لە کۆمەڵگـەی ئـێمەدا. بە تایبەتی دوای پێشـهاتەکانی ئەو دوایە و دوای سـەرهەڵدانی چەندان گـروپ و دەسـتەی ئـایینی جیـا جیـای ڕادیکـاڵ. چەنـدان چـین و ڕێکخـراوو کـۆمەڵی ئـایینی، کە لە دیـدگایەکی ئـایینی پەتـیەوە لە دونیـاو مێـژوو کۆمەڵگـەو ئینسـان دەڕوانـن و لە هەوڵـی ئەوەدان سـەرجەم کایە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتوریەکانی کۆمەڵگـەی ئـێمە لە چـاوی ئـایین و دیـدگای تێکسـتە پیرۆزەکـانەوە ڕاڤە بـکەن و ژیـانی تـاک و ژیـانی کۆمەڵگـەش لە دیـدی ئایینـەوە چوارچێوە بکێشـن. تەنـانەت ئەو بـاس و خواسـتە خەونـی بەشـێکی زۆری ڕۆشـــنبیران و نوســـەرانی عەرەبـیش بـووە، لە نمـــوونەی (محـــەمەد عابـــد جـــابری[١] و مـــحەمەد ئارکـــۆن[١] جـــۆرج

[١] محەمـەد عابد جـابری ( ١٩٣٥م – ٢٠١٠م) خـەڵکی وڵاتـی مەغریبـە، چەندان

تەرابـیش[٢]) و چەنـدانی تـر، کە چەنـدین کتێبیـان لەم بـارەیەوە نووسـیوە و چەنـدین لێکـۆڵینەوە و بابەتیـان لەسـەر پێویسـتی چاکسـازی ئـایینی و بەرپـاکردنی شۆڕشـێکی بنەڕەتـی لەسـەرجەم کایەکانی ئاییندا خستۆتە ڕوو . ئەوان بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئـایینی لە خۆرئـاوا وەکـو سـیمبولی بەرخـودان و ڕۆشـنگەری و نـوێ بـوونەوە و لە دایـک بـوونەوە لەقەڵەم دەدەن و واقعـی خۆرئـاوای مـەدەنی ئەمـڕۆ بەبەرهەمـی ڕیفـۆرمی ئـایینی دەزانـن و ئەو بەهـا مۆراڵیی و ئینسانیی و کلتوریەی ئەمڕۆ لە خۆرئاوا لە برەودایە بە دەرئەنجـامی حەتمـی شۆڕشـی چاکسـازی ئـایینی لە قەڵەم دەدەن. ڕیفــۆرمێکی بنەڕەتــی لە نێــو کــایەی ئاییــندا دەرفەتــی ئەوە دەرەخســێنیت ئــایین لەو دۆخــە دەربهێنــدرێت و ببێــتە مــوڵکی سـەرجەم تاکەکـان. قسـەکردن لەسـەر خـاڵ و بڕگەکـانی ڕیفـۆرمی ئایینی و دەستپێکی ئەو ڕیفۆرمە و گرنگی و بەرئەنجامەکانی وەهـا پـڕۆژەیەک ئامـانجی ئەم باسـەی مـن نیـیە، ئامـانجی مـن لێـرەدا قسـەکردن نیـیە لەسـەر مـاهیەتی ڕیفـۆرمی ئـایینی و چـۆنیەتی ئەنجامـدانی ئەو ڕیفـۆرمەو ئەو ئاسـتەنگ و بەربەسـتانەی دێـنە ڕێگای وەها پڕۆژەیەک، هەروەکو چۆن ناشمەوێت لێرەدا نـاوەڕۆک

---

پەرتووکی ڕەخنەیی لەسـەر ئـەقڵی عـەرەبی و مێژووی ئایین و مۆسڵمانان نووسیوە. (**توێژەر**)

[١] محەمەد ئاراگۆن ( ١٩٢٨م – ٢٠١٠م) خەڵکی وڵاتی جەزائیرە و توێژەرێکی دیاری جیهانە و چەندان کتێبی لەسەر ئایین و ئیسلام و قورئان، بە زمانی فەرەنسی نووسیوە. (**توێژەر**)

[٢] جۆرج ترابیشی (١٩٣٩م – ٢٠١٦م) لێکۆڵەر و نووسەرێکی مەسیحی سوورییە. چەنـدان پـەرتووکی لەسـەر ئیسـلام و مێـژووی ئـایین هـەیـە، بـە زمـانێکی ڕەخنەئامێز لە بارەی ئایینەوە دەدوێت. (**توێژەر**)

و جەوهەری بـزووتنەوەی ڕیفـۆرمی ئـایینی لە خۆرئـاوا شـیتاڵ بکەمەوەو باس لەو کارو پڕۆژانە بکەم، کە ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە .

ئەوەی دەمەوێـت لە میـانەی ئەم توێژینەوەیـەدا بـیخەمە ڕوو ئەگەر زۆر بەکـورتیش بێـت، بەبیرهێنـانەوەی خـوێنەرو ڕیفۆرمخـوازانی کۆمەڵگـەی ئـێمەیە، بەو ژێرخـانە مێژوویـی و بابەتیانەی کاریگەری سەرەکی و گرنگیان لە سەرهەڵدانی ڕیفۆرمی ئـایینی و بەئەنجـام گەیانـدنی پـڕۆژەی چاکسـازی، لە کـایەی خوداناسی و خوداپەرستیدا هەبـووە. ئامـانجی ئەم نووسینەی مـن ناساندنێکی خێرای تینوانی ڕیفۆرمی ئاینییە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. ئەمەش بە ئامـانجی ئەوەی خەڵکـی ئـێمەو ڕۆشـنبیرانی ئـێمە لەوە تێبگەن، کە بزووتنەوەی چاکسازی ئایینی دەرەنجامی مێژوویەکی درێـژی ململانـێ و کێشمەکێشـی سیاسـی و زانسـتی و کلتـوری و بەرمەبنـای گۆڕانکاریەکی بنەڕەتـی کـایەی ئـابووری و جـوگرافی و ژیـاری بـووە. تـاوەکو ئـێمەش لە میـانەی ڕووداو پێشـهات و گۆڕانکاریەکـانەوە، قسـە لەسـەر زەمینـەی سـەرهەڵدانی ڕیفـۆرمی ئـایینی بکەیـن و ڕادەی شـیاویەتی ئەنجامـدانی ڕیفـۆرمێکی ڕیشـەییمان، لە کۆمەڵگـەی خۆمـان بـۆ دەربکەوێـت . ئەگەر بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی بە سیاقە میژوویەکەیەوە گرێبدەین، ئەوا بۆمـان دەردەکەوێـت کەوا گەلێـک ڕووداوو پێشـهات و گۆڕانکـاری پـێش ئەم مێـژووە دەکەون و دەکرێـت نەخشـی سەرەکیان لە سەرهەڵدانی بیرۆکەی ڕیفۆرمدا هەبوبێت. ئێمە لەوە دڵنییـاین، کە ڕیفـۆرمی ئایینی لـە خۆرئـاوا لەسـەر دەسـتی "مـارتن لۆسـەر" بەدیهـات و "جـۆن کـاڵفن" یـش، لەژێـر کـاریگەری لۆسـەر

جۆرێکی تری ڕیفۆرمی ئایینی بەئەنجام گەیاند. لێرەدا بەکورتی باس لە هەندێک لەو پێشهاتانە دەکەین، کە لە ڕووی مێژووییەوە پێش شۆڕشەکەی " لۆتەر" کەوتوون . پێش ئەوەش ناساندنی کورتەیەکی ڕیفۆرمی ئایینی بە مانا ڕۆژئاواییەکەی بە خوێنەرانی ئێمە پێویست و گرنگە، تا لەو میانەیەوەو لە ڕوانگەی مێژووی سەرهەڵدانیەوە لە ڕووداوو پێشهاتەکانی پێشتر وورد ببینەوە. نابێ بیرمان بچێت "مارتن لۆسەر"[1]. ئەو داوایەی پاپا "لیۆنی دەیەم " یشی ڕەتکردەوە، کە داوای پاشگەزبوونەوەی لە نامە (٩٥) خاڵیەکەی لێکردبوو، دەرئەنجامیش "لۆسەر" کەوتە بەر نەفرەتی "ئیمپراتۆریای ڕۆمانی پیرۆز" و ئیمپراتۆر "شارلی پێنجەم"یش فەرمانی نەفیکردنی بۆ دەرکردوو لە کەنیسەش بێبەری کراو بە "دەرچوون لە دین " تاوانباریان کرد، لێرەشەوە شۆڕشەکەی "لۆسەر هەڵگیرسا ئەوەی دواتر بە "بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی" ناسراو (مەزهەبی پرۆتستانتیزم)ی لێکەوتەوە. من لیرەدا جەخت لەسەر هەندێ ڕووداوو پێشهات دەکەمەوە کە لەڕووی مێژووییەوە پێش بزووتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینی دەکەون، واتە پێش ساڵی "١٥١٧" ، لەوانە دیدگەی فەیلەسووفی ئینگلیزی "ڕۆجەر بیکۆن"[2]

---

[1] "مارتن لۆسەر" لە ساڵی (١٥١٧) لە نامە بەناوبانگەکەی خۆیدا کە لە (٩٥) خاڵ پێکهاتبوو نارەزایی بەرانبەر "صکوک الغفران – نامەی لێخۆشبوون " دەربڕی – کە کەنیسە لە ڕێگایەوە بەڵێنی بەدەستهێنانی لێخۆشبوونی بۆ خەڵک رادەگەیاند لە بەرانبەر بڕە پارەیەک، کە خەڵکی دەیاندا بە کەنیسە و کەنیسەش ئەم ڕێگایەی وەکو ئامرازێک بۆ ڕووتاندنەوەی خەڵک و کۆکردنەوەی پارەو سامان بەکار دەهێنا. (**توێژەر**)

[2] "ڕۆجەر بیکۆن " لە نێوان ساڵانی ( ١٢١٤ – ١٢٩٤ ) ژیاوە واتە سێ سەدە پێش شۆڕشەکەی " لۆسەر " . "بیکۆن " بە دامەزرێنەری میتۆدی زانستی

فەیلەسوفێکی ئینگلیزی و قەشەیەکی فرانسیسکانی بوو.

کتێبەکەی فەیلەسووفی سیاسی ئیتالّی "نیکۆلا ماکیاڤێلی " بەناوی "الأمیر- میر" لەڕووی تیوری سیاسییەوە، بەهەمان شێوە پێش شۆڕشەکەی لۆسەر دەکەوێت.[1] ماکیاڤێلی لەم کتێبەیدا فەلسەفەی سیاسی خۆی دەخاتە ڕوو، لەو ڕێگەیەوە هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئایین و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە تێڕوانین و دیدگە ئاینییەکان لەوە بخرێن بتوانن کاریگەری لەسەر سیاسەت و دەوڵەتداری دابنێن. سیاسەت کایەیەکی سەربەخۆ بێت، لە ئایین و ئەخلاق و میر و پادشاکانیش دەستکراوەبن لە شوێنکەوتنی ئامانج و مەرامە سیاسییەکانیان، بەبێ ئەوەی پابەندی ئایین و مۆراڵ بن. دەسەلاتی کەنیسە و پیاوانی ئاینییش بەسەر سیاسەت و فەرمانڕەواییەوە بەتەواوی سنوردار بکرێت. بەهەمان شێوە کەوتنی "ئیمپراتۆریای ڕۆمانی خۆرهەلات" یاخود "ئیمپراتۆریای بێزەنتی" لە لایەن سولّتانی عوسمانی (محەمەدی دووەم)[2] ئەم ڕووداوەش (٦٤) ساڵ پێش پڕۆژەکەی مارتن

---

دادەنرێت و بە باوکی ئەزمونگەرایی لەقەڵەم دەدرێت، لە ڕوانگەی "ڕۆجەر بیکۆن" دوە ئەزموونەکانی ژیان سەرچاوەی مەعریفەن و مەعریفەی ڕەسەن بەرئەنجامی ئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤە ، بەمەش گومان دەخاتە سەر هەر حەقیقەت و زانینێک لە دەرەوەی ئەزموون و کاری مرۆڤ بوونی هەبێت، بێگومان ئەم دیدە تێڕوانینی ئایین بۆ حەقیقەت دەخاتە ژێر پرسیاروو ڕوبەڕوی گومانی توندی دەکاتەوە . (**توێژەر**)

[1] ماکیاڤێلی لە نێوان سالأنی (١٤٦٩ -١٥٢٧) ژیاوەو کتێبی "میر"ی لە سالّی (١٥١٣) دا نووسیوە (چوار ساڵ پێش شۆڕشەکەی لۆسەر). **توێژەر**

[2] بە "محەمەدی فاتیح" لە سالّی ( ١٤٥٣ ) و گرتنی "قوستەنتینیە"، یەکێکە لەو ڕووداوە گەورانەی مێژوو، کە نەخشی سەرەکی لەسەر ئایندەی کەنیسەی

لۆسەر  دەکەوێت و دەکرێت کاریگەری لەسەر بیرو ئەندێشەی قەشەو پیاوانی ئایینی کەنیسەی کاسۆلیکی دانابێت و ڕوبەڕووی پرسیارو ئەندێشەی قوولّی کردبێتنەوە . ناکرێت ڕووداوێکی وا گرنگ شۆکی گەورەی لای پیاوانی کەنیسە و ئایینداراانی مەسیحی لە خۆرئاوا دروست نەکردبێت . دۆزینەوەی کیشوەرو جوگرافیەکانیش یەکێکی ترن لەو ڕووداوە گرنگ و چارەنووسسازانەی مێژووی خۆرئاوا، کە شوێن پێی خۆیان نەک تەنها لە جیهانی خۆرئاوا، بەڵکو لەسەرجەم جیهان و تیکڕای ژیانی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە. ناکرێت دۆزینەوەکانی گەڕیدەی ئیتالی " مارکۆ پۆلۆ " لە کاریگەری بۆسەر ژیانی ئایینی و سیاسی کۆمەڵگەی خۆرئاوایی و دونیای مەسیحی نادیدە بگرین.[1] ناکرێت ئەو دۆزینەوە نوێیانە نەخشی سەرەکییان لەسەر ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆرئاوا نەبووبێت و کاریگەریان لە بیروڕای خەڵکدا بەدینەهێنابێت. بەهەمان شێوەش دۆزینەوەکانی " فاسکۆ داگاما "ی پرتۆگالی، کە لەسەدەی پانزە ژیاوە و ساڵی (١٤٦٩ ) لە دایک بووە، کاریگەری توندی لەسەر کلتورو فەرهەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دیاری کردووە. [2] بێگومان کاتێک  خەڵکی

---

کاسۆلیکی بەجێهێشت و پرسیارو گومانی لەسەر ئایینی مەسیحی هێنایەکایەوە. (**توێژەر**)

[1] ساڵی (١٢٥٤) ساڵی لە دایک بوونی "مارکۆ پۆلۆ" یە و دۆزەرەوەی "ڕێگەی ئاوریشم " بەرە و "چین" لە دۆزینەوەکانی ئەوە و گەشتە درێژەکانی بۆ "ئاسیا " چاوی ئەورووپیەکانی لەسەر دونیای سەرسوڕهێنەری "چین" کردەوە . (**توێژەر**)

[2] "داگاما " یەکەم کەس بووە لە ئەورووپاوە بەرەو "هیند " بە دەریادا گەشتی کردوە و ڕێگەی بەناوبانگی " رأس رجاء الصالح " ی دۆزیوەتەوە، فەزڵی

ڕاهاتوو بە ئایینی مەسیحی بە ئایینی تازەو بیرو ئایدیای نوێ ئاشنا دەبن دووچاری شۆکێکی دەروونی گەورەو دەبن و لە دونیابینی و بیروباوەڕوو ئایینی خۆیان دەکەونە پرسیارو گومان. دوابەدوای ئەمە ساڵی (١٤٩٢)ش کۆمەڵگەی مەسیحی خۆرئاوایی تووشی سەرسوڕمانێکی گەورە بوون، کاتێک "کریستۆف کۆڵۆمبوس " دوورگەکانی " کاریبی" دۆزیەوە و ساڵی ( ١٤٩ )یش بە کیشوەری ئەمریکا ئاشنا بوو. ئاشنابوونی خۆرئاواییەکان بەو خەڵکەی، کە دواتر ناوی "هیندیە سورەکان"یان لێنان لە کەنارەکانی ئەمریکا شۆک و سەرسامیەکی گەورە بوو بۆیان، ئەوان لە نێو دەقەکانی " ئینجیل " و لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی پیاوانی کەنیسەوە سەیری دونیا و ژیان و مرۆڤایەتییان دەکرد. پێیان وابوو هیچ شتێک لە گەردووندا، لە چاوی کەنیسەو پیاوانی ئایینیدا شاراوە نییە.

---

ناسینی ئەوەی ئەمڕۆ بەسەر زەمینی "ئەفریقا " بۆ " فاسکۆ داگاما" دەگەڕێتەوە. (**توێژەر**)

# تەوەری دووەم:

## پرسی نوێگەری لای بەشێک لە زانایانی ئیسلامی

لەسەردەمی مێژووی هاوچەرخی ئیسلامیدا گەلێک زاناو بیرمەند ڕچەشکێنیانکردووە ودەمیان لەزۆرێک بابەتی زۆر کاریگەر و جەوهەری داوە، کە بۆتە دەروازەیەک تا لێیەوە کەسانی دیکە گفتوگۆی ورد و جددیتری لەسەر بکەن و بونیادی مێژوویەکی تازە لە دونیای ئیسلامی دروستبکەن. ئەویش بەکارهێنانی عەقڵ و ڕاڤەی تازە بۆ دەق و ئایین و تەنانەت بۆ وەحیی و پێغەمبەرایەتیی و هتد.....، هەرچەندە لەنێو ئەو مێژووەدا، چەندان عەقڵ دوورخراوەتەو و زیندانیکراوە و، بوونەتە قوربانی. کەسایەتییەکی وەک محەمەد عەبدە ١٨٤٩ – ١٩٠٥ز، کە بە سەرمەشقی نوێگەری هاوچەرخی ئیسلامی ناودەبرێت. بناغەی دەربازبوونی لە چنگ نەریتی ئایینی بەستەوە بە (دادگەری، عەقڵ، ئازادی). تەنانەت چەمکی (خیلافەتی ئیسلامی) بە چەمکێکی دونیایی ناودەبرد و هیچ کاتێک نەیدەبەستەوە بە جەوهەری ئایینەوە. قسەی بوێرانەشی لەبارەی دیاردەی (فرەژنی) هەبوو. ئەو پێیوابوو بابەتێکی وەک (تەیری ئەبابیلە و ساڵی فیل)، چیرۆکەکە بەو شێوەیە نییە، کە مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی دیکەیە، بۆیە دەڵێت: (ئەو باڵندانە میکرۆب بە قاچیانەوە بووە و نەخۆشییان بڵاوکردووەتەوە، نەک بەردبارانکردن.)[1] محەمەدعەبدە هەر

[1] العروة الوثقى/ تأليف جماالدين الافغاني و محمد عبده/ الناشر مؤسسة هنداوي - ص ١٥٩

بـەوەیش نەوەسـتاوە، هێـواش هیـواش دەسـتی بـرد، بـۆ ئیشـکردن لەنـاو شـــەریعەت و موعجیزەکـان و چەمکـی خـیلافەت. لەلایـەکی دیکەوە دەهاتە سەر بابەتی پێویستی چاکسازی لەناو دامودەزگەی ئـایینیش و پێیوابـوو دەبێـت (ئەزهەر) وەک ناوەنـدێکی ئـایینیی و پەروەردەیی چاکسازی تێدابکرێت. ڕیفۆرم لای محەمەد عەبدە شتی لاوەکـی و ڕۆتـین نـەبوو، بـەڵکـوو گەوهەر و کرۆکـی ئیسـلامی دەگرتەوە، نەک تەنها کۆمەڵێک بـابەتی فقهیی و ڕووگەش، کە هیچ لە کێشە گەوەرکە چارەسەر ناکات. لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین چەمکی نوێگەری و ئیجتیهاد لای ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێتەوە، لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی ڕووگەشانە و سەر پێی و بەپەلە نایەت، بەڵکوو ئەنجامی ئەو بیرکردنەوە قووڵەیە، کە قورئان داوای دەکات. لە کورترین پیناسەدا: (بیرکردنەوە هەڵگێڕ و وەرگێڕی تێروانینە و بەکارهێنانی فیکرە، جار لە دوای جار، بۆ ئەوەی هەموو جارێک لای ئەو کەسەی بیردەکاتەوە شتێکی تری بۆ دەرکەوێت، کە پێشتر پەی پێ نەبردووە یان پەی بە شتێک ببات کەسی تر پەیی پێ نەبردبێت) [1] .

نووســەرێکی وەک ئیــبن عاشــوور١٨٧٩ – ١٩٧٣ز، دەڵێــت: (بیرکردنەوە لە قورئان بریتییە، لە بیرکردنەوە لە کۆتایی. واتە لە ئامانجەکەی، بیرکردنەوە دەتبات بۆ ناوخۆی، بیر لە دەلالەتەکانی بکەیتەوە، بیر لە وردەکاری لەسەر مەقاسیدەکانی بکەیتەوە، کە

---

[1] رسالة في اللاهوت والسياسة: تأليف / باروخ سبينوزا - ترجمة: حسن حنفي – مراجعة فؤاد زكريا/ الناشر مؤسسة هنداوي - الطبعة الثانية: سنة ٢٠٢٠. ص ٣٨٨

موسـڵمانانی بـۆ ئاراسـتەکراوە).[1] هـەروەها دەڵێـت: (بیرکردنـەوە بریتییە، لە بەکارهێنانی دیدی عەقڵی، لـە دەلالەتـەکانی ئـەوەی بۆی داندراوە. ئەوەیش لـەو شـتانەیە، کـە بەئاسـانی ناکەویتـە نێو هـزری مرۆڤ).[2] لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین، کە لـە بنەڕەتدا ئـایین شـتێکە و ئاییناری کە بریتییە لە جۆر و شێوازی تێگەیشتن لە ئـایین شـتێکی ترە. ئایین و دەق و ناوەڕۆکەکەی پیرۆزە و جێگیرە، بـەڵام فـەهم و تێگەیشـتنی مـرۆڤ بـۆ دەق و نـاوەڕۆکی ئـایین نـە جێگیـرە و نـە پیرۆزیشـە؟!.[3] بەواتایەکی تـر کاتێک تێگەیشـتن و مامەڵـەی مـرۆڤ، کە بەرەنجامی کارلێکی عەقڵە لەگەڵ قورئان، پیرۆزە و جێگیرکراوە و سیفەتی پابەنـدێتی پـێ بەخشـراوە، ئەنجامەکـەی بریتـی دەبـێ لـە گۆشەگیربوون، لەناو ئاییناری و ململانێـی مەزهـەب و ڕێبازەکـان، ئایـدیۆلۆژیا شـوێنی بـەها بـاڵا مرۆییـەکان دەگرێتـەوە، دەمـارگیری دەبێتە جێگرەوەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشـتن، ئیتـر ئـەو کـات ڕێگاکـان دادەخـرێن و لــە تـونێلێکی تاریکـدا گیردەخـۆن و دەخولێنــەوە.[4] هەنــدێک لــەو لێکۆڵەرانــەی فیکــری ئیســلامی، کــە میتۆدەکــانی پۆستمۆدێرنەیان تەبـەنی کـردووە، وەک هـەوڵێک بـۆ نوێسـازی لـە فیکری ئیسلامیدا بە گشـتی و قسـەکردن لـە ئامانجـەکانی شـەریعەت (مقاصد الشـريعة) بەتایبـەت، بەشـی زۆری ئوسـوڵییەکان پێیانوایـە، کــە بانگەشــەکارانی نوێکردنــەوەی ئامانجــەکانی شــەریعەت بــە بزووتنەوەیــەکی عەلمانییــەوە پــەردەپۆشــەکراوە. وەک محەمــەد

---

[1] اصول النظام الاجتماعي في الاسلام، ص ١٦٣

[2] اصول النظام الاجتماعي في الاسلام، ١٦٩

[3] التراث والتجديد/ حسن حنفي، ص٧٠

[4] التراث والتجديد/ حسن حنفي، ص٨٣

ئەركون ١٩٢٨ – ٢٠١٠ ز، دەڵێت: (هەمیشە تاوانبارمان دەکەن، کە ئێمە سەر بە لا دینەکانین، لەکاتیکدا وانییە و ئێمە زیاتر ڕەخنە دەگرین و ویستی نوێگەریمان هەیە).[1] ئەرکون پێیوایە لە بری تەئویلکردنی واتا ئیسلامییەکان بە گوێرەی سەردەم، باشترە میتۆدی سەردەمی ڕۆشنگەری خۆرئاوایی وەربگرین، نەک هەر وەرگرتنێکی لاوەکی، بەڵکوو وەک چارەسەرێک لە پێناو گەشەپێدانی بۆچوونەکان و تێپەڕاندنی قەیرانەکان، پێویستە سیستەمی مەدەنی و ژیاری خۆرئاوایی بە تەواوی وەربگرین.[2]
ئەو وتەیەی ئەرکون زۆر نزیکە لە تێڕوانینەکەی لێکۆڵەری میسری تەها حوسێن ١٨٨٩ – ١٩٧٣ه، کە دەڵێت (بۆ ئەوەی واقیعی عەرەبی ئیسلامی بگۆڕین پێوستە کلتووری خۆرئاوایی پیت بە پیتی وەرگرین).[3] هەرچەندە ئەدۆنیس ١٩٣٠ ی، شاعیری سوری لایوایە (ئەوەندە پێویستمان بە کلتووری خۆرئاوا هەیە، تا وەک کلیلێک بەکاری بهێنین بۆ کردنەوەی کلتوری داخراوی خۆمان).[4] "ئەرکون" لایوایە: بە مانەوەمان لەنێو مێژوو، ئیدی چارەسەرکردنی پرسە هاوچەرخەکان ئاسان نابێت[5] .

لەلایەکی دیکەوە توێژەرێکی وەک دکتۆر حەسەن حەنەفیش ١٩٣٥ – ٢٠٢١ ز، داوا دەکات چەمکە (مێژوویی)یەکانی (دۆزەخ، بەهەشت، دوارۆژ)، بگۆڕدرێن بە چەمکی (ئازادی، سروشت، عەقڵ).

---

[1] الفكر الإسلامي - نقد واجتهاد/ محمد اركون، ص٤٣
[2] من الاجتهاد إلى نقد العقل الإسلامي/ محمد اركون ص١٤٤
[3] مستقبل الثقافة في مصر/ طه حسين ص٥٦
[4] الهوية غير المكتملة – الإبداع ، الدين ، السياسة ، و الجنس/ أدونيس ص٢٠٨
[5] من الاجتهاد إلى نقد العقل الإسلامي/ محمد اركون ص١٨٩

چـەمکی (مێژوویيـەتـی قورئـان) کـە محەمـەد ئـەرکون و حەسـەن حەنـــەفی داوای دەکـــەن، کـــە مەبەســـت پێـــی هەڵوەشـــاندنەوەی (دەسەڵاتی دەق)ە بە مانا فەلسەفەییەکەی. بە بۆچوونی زۆرێک لـە ئـەهلی سـوننە و ئـەهلی مەزهـەب، ئـەو لۆژیکـە لەگـەڵ ئیمـان بـە پیـرۆزی کـەلامی خـوا و دابـەزینی وەحـی ئیلاهـی ڕاسـتەوخۆ، بـۆ پێغەمبەران ناگونجێت. لەکاتی خۆیدا ڕەخنەی قورس بەسەر "دکتۆر حەسەن حەنەفی"یەوە ئەوەبوو، کە دەیگوت: (سستەمی ئـابوریی و کۆمەڵایەتی ئیسلام، لـە مەنزومـەی سۆسـیالیزمییەوە نزیکترە تـا لـە لیبرالیەت و سەرمایەداریيەوە).[1] هەر ئـەوەیش بـووە هـۆی ئـەوەی، کـە تۆمـەتبار بکرێـت بـە دامەزرێنـەری "ئیسـلامی چـەپ".[2] ڕەنگـە لەمـاوەی سـەد سـاڵی ڕابـردوو، جیهـانی عەرەبـی هـیچ پڕۆژەیەکـی فیکریـــی و فەلســـەفیی بەخـــۆیەوە نەدیبێـــت بەرفراوانتـــر و فـــرە جەمسەرتر لە نووسینەکانی دکتۆر حەسەن حەنەفی. ئەو نووسـەرە ژیانی تەرخانکردبوو بۆ خوێندنەوەی توراسی ئیسلامیی و فەلسەفە بە گشتی. پڕۆژەکەی حەنەفی هەوڵێکی شیکاریی و لێکدانەوەیەکی وردە بـۆ قۆنـاغی ڕاگـوزەریی مەعریفیی لە کۆمەڵگەی هـاوچەرخی ئیسلامیی و ئەو دەیەوێت موسڵمانان هانبدات لە قۆنـاغێکەوە بـڕۆن بـۆ قۆنـاغێکی تـری تێگەیشـتن لە ترادسـیۆن، بـۆیە بەشـێکی زۆری نووسینەکانی بە "من... وإلى" ناونراون. بـۆ نمـوونە (مـن العقيـدة إلـى

---

[1] الـدكتور حســن حنفــي: اليمــين واليســار فــي الفكـر الـديني ، منشـورات دار علاءالدين- ديمشق، ودار الثقافة الجديد – القاهرة ص ٦-٧

[2] مقال: مفهوم اليسار الاسلامي في فكر الدكتور حسن حنفي – بقلم: د. جميل قاســم – موقــع الانترنيــت- المعــارف الحكميــة – معهــد الدراســات الدينيــة والفلسفية.

الثورة) و (من البقاء إلى الفناء) و (الدين والثورة) و (من النقل إلى العقل) و (من الترجمة إلى التأليف. یەکێک لە کتێبە گرنگەکانیشی دەربارەی خۆرئاواناسیی نووسیوە، (مقدمة في علم الاستغراب). بە هۆی ئەوەی کتێب و توێژینەوەکانی مشتومڕئامێزن و لەژێر کاریگەریی فیکریی ئیعتیزالیی و هەندێکیش فەلسەفەی مۆدێرنی خۆرئاوای بەرهەمهاتوون، نزیک ٣٠ تێزی دکتۆرا و ماستەرنامە لەسەر بۆچوونەکانی نووسراون، جگە لە سەدان وتار و توێژینەوەی ئەکادیمیی و کتێبی تر. دکتۆر حەنەفی عەقڵێکی گەورەبوو، بەڵام بەڕای خۆم دەکرا پرۆژە و بۆچوونەکانی ڕەسەنتر بپارێزێت ئەگەر کاریگەریی فیکری مۆدێرنی خۆرئاوای هێندە بە چڕیی و توندی بیرکردنەوەی گۆشەنەکردبا، بەجۆرێک نووسینەکانی بەو ستایلە مۆدێرنیستییە نەبن بۆ ئەوەی زیاتر تەعبیر بکەن لە شوناس و ترادسیۆنی خۆرهەڵاتی نەوەک بە پێچەوانەوە، چونکە ڕاستە ئەو نووسەرێکی دەوڵەمەندە و ئاگاداری ژیاری ئیسلامییە، بەڵام زۆرجار بۆچوونەکانی دەکرێنە ئامرازێکی شێوێندراو، لەلایەن کەسانێک کە شارەزای ئیسلام نین بۆ ئەوەی دژ بە گوتاری میتافیزیکیی دینی سودیان لێببینن و خۆیشی ڕەنگە ئەمەی مەبەست نەبووبێت .

محەمەد عابد جابریش، کە نووسەرو ئەکادیمییەکی مەغریبییە لە ساڵی ١٩٣٦ ز، لە دایکبووە. ساڵی ١٩٧٠ ز، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری فەلسەفە بەدەستهێناوە. خاوەنی کۆمەڵێک کتێب و توێژینەوەیە، وەکوو: (الخطاب العربي المعاصر) و (الدين والدولة وتطبيق الشريعة) و(مدخل إلى القران ) ٣ بەرگە و(معرفه القران الحكيم) ٣ بەرگە. وەکو پێشەنگ تەماشا دەکرێت. کۆمەڵێک

ڕاوبۆچـوونی نـامۆی هەیـە، سـەبارەت بەئیسـلام وەک: ( گـۆڕینی سـزای جەڵـدە لێدان (الحـد) بـە زینـدانیکردن، بـە پێویسـتی دەزانـێ پێداچوونـەوەی گشـتگیر بـۆ بنـەماکانی ئیسـلام بکرێـت بـە تایبـەتی (أصـول الفقـە). پێیوایـە بەرژەوەنـدی (المصـلحة) بنـەمای هـەموو بنەماکانـــە و لـــەم بارەشـــەوە قســـەی زۆر وشـــیکردنەوەی دوروودرێژی هەیە. چەندین پێویستی تری بۆ (الضـرورات الخمس) زیاد کردووە. گومانی لەوە هەیە، کە قورئان بە بێ گۆڕین و زیاد و کـەم و پێمـان گەشـتبێت. لـە بـارەی مێـژووی ئیسـلام و هـاوەڵانیش بیـرو بۆچـوونی نـامۆی زۆرە، لەنووسـینەکانیدا بەشـێوەیەکی ورد هەوڵیداوە گفتوگۆ، لەبارەی قورئان و هاوەڵان و مێژووی ئیسلام و زۆرێـک لـە بابەتـە فیقهـی و ئسـوڵییەکان دروسـت بکـات. ئـەو نووسـەرە، جێگـای بایـەخی زۆربـەی نوێگـەر و ڕیفۆرمخوازەکانـە. لەلایـەکی دیکـەوە کەسـێکی وەک حەسـەن تـورابی، کـە نووسـەرێکی ئیسـلامی خـەڵکی وڵاتـی سـودانە دەڵێت: زانایـانی بـواری فقهیمـان چارەسەری زۆرێک کێشە و گرفتەکانی ژیانمانیان کردووە.[١]

بـە دیـوێکی دیکـەوە نووسـەرێکی وەک شـێخ محەمـەد مەهـدی شەمسەدین، سـەبارەت بـەو گرفتـە فیکری و فقهی و مەنهەجیانـەی، کە ڕوبەڕووی ئوممەتی ئیسلامی بووەتەوە دەڵێت: زانایان پێویسـتە شارەزاییەکی تەواویان لە قورئان و فەرموودە و زانستە شـەرعی و فقهییەکانـدا هـەبێت، بـۆ ئـەوەی ببن بـە موجتەهیـد.[٢] نووسـەرێکی وەک ڕەزوان سەیدیش پێداگری دەکات لەوەی، کە کردەی ئیجتیهاد

---

[١] حسن الترابي / قضايا التجديد ص١٩٦

[٢] مناهج الاجتهاد / شيخ محمد مهدي الشمسدين: حوار اجرته معه مجلة قضاية اسلامية العدد الخامس، ص٥٠

کردەیەکی زۆر گرنگ و وزە بەخشە بۆ نوێبوونەوەی بابەتە فقهیی و فیکرییــەکان.[1] ئیــبن عاشــور نایشــارێتەوە، کــە جیــاوازی بیرکردنــەوە و مەزهەبــەکانی زانایــانی ئیســلام بــۆ ئــەوە بــووە تــا کارئاســانی بــۆ پێداویســتییەکانی موســڵمانان بکــەن و ئــایین بــە ئاسانترین شێوە بگەیەنن.[2]

[1] رضوان السد/ الاسلام المعاصر، بيروت: دار العلوم العربية ١٩٨٦، ص ٩٠
[2] مقاصد الشريعة الاسلامية ص ٤٠٩

# تەوەری سێیەم:

## پێگەی مزگەوت و حوجرە

## وەک ناوەندێکی زانستیی و پەروەردەی ئیسلامیی

( إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلَّا اللَّهَ ۖ فَعَسَىٰ أُولَٰئِكَ أَن يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ)[١].

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ -صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ-: (إِنَّ مِمَّا يَلْحَقُ الْمُؤْمِنَ مِنْ عَمَلِهِ وَحَسَنَاتِهِ بَعْدَ مَوْتِهِ عِلْمًا عَلَّمَهُ وَنَشَرَهُ، وَوَلَدًا صَالِحًا تَرَكَهُ، وَمُصْحَفًا وَرَّثَهُ، أَوْ مَسْجِدًا بَنَاهُ، أَوْ بَيْتًا لِابْنِ السَّبِيلِ بَنَاهُ، أَوْ نَهْرًا أَجْرَاهُ، أَوْ صَدَقَةً أَخْرَجَهَا مِنْ مَالِهِ فِي صِحَّتِهِ وَحَيَاتِهِ، يَلْحَقُهُ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهِ).[٢]

هەرچەندە حوجرە بەشێکە لە دامودزەگە و دامەزراوەی مزگەوت، بەڵام لە هەموو بەشەکانی دیکەی مزگەوت چالاکترە و بەکارترە، بەتایبەتیش وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی لەناو مزگەوت پێگە و پایەی دیار و بەرچاوی هەبووە، چونکە لەڕێگەی حوجرەوە درێژە بە چالاکییەکانی مزگەوتەکان دراوە و لەوێوە مەلا پێگەیەندراوە و ئامادەکراوە بۆئەوەی بچنە مزگەوتەکان وەکو بەڕێوەبەری ئەو دەزگا و دامەزراوە ئاینییە دەستبەکاربن، بۆیە ئەگەر مزگەوت لەڕووی ئاینییەوە بناغە و بنچینەی کۆمەڵگە بێت، ئەوا حوجرە بە بناغە و بنچینەی مزگەوت دادەنرێت. لە

---

[١] القران الكريم – سورة التوبة الاية ١٨

[٢] رواه ابن ماجة، في سنن ابن ماجة، عن أبي هريرة، الصفحة أو الرقم:٢٤٢، قال الألباني حسن.

حوجرەکاندا یاسا و ڕێسای تایبەت بەخوێندن و ئاستەکانی خوێندن هەبووە و جۆرێک لە کولتووری تایبەت بەخۆی هێناوەتە ئاراوە. حوجرە سەرەڕای ئەرکە ئاینییەکەی، ئەرکی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و ڕۆشنبیریشی لەئەستۆ بووە. سەرەڕای ئەمانەش ئەو مزگەوتانەی کە حوجرەیان هەبووە، پێگە و پایەیان زیاتر بووە و ناوبانگیان دەرکردووە. لە ڕابردوودا تاکە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و پەروەردە مزگەوتەکان بوون، حوجرەش ڕۆحی ئەو مەڵبەندە ڕۆشنبیریی و پەروەردەییانەی پێکهێناوە.[1] مەلای گەورەی کۆیەش بە شیعرێک بەو جۆرە تەعبیرلە بەهای مزگەوت دەکات و دەڵێت:

**مزگەوت ئەی فێرگەکەی قورئان و دین**
**ئەی پەیام بەخشی بە خۆشی دوایی ژین.** [2]

دامەزراوە ئاینییەکان، بەتایبەت مزگەوت و حوجرە وەک ناوەندێکی زانستیی و پەروەردەی ئیسلامی بۆ کورد، هەمیشە جێگەی زانست و پەروەدەی ڕەوشت بووە. مزگەوت ماڵی خوایەو لە سەرەتاوە تائیستا شوێنی عیبادەت کردنی موسوڵمانان بووە . پێغەمبەری خۆشەویست (سڵاوی خوای لێبێت) لەکاتی ژیانی خۆیدا بەدەستی موبارەکی بناخەی چەن مزگەوتی داناوە . موسوڵمانان پێنج فەرزەی نوێژەکانیان بە جەماعەت لە مزگەوت ئەخوێنن . هەروەها مزگەوت شوێنی خوێندنی نوێژی جێژنەکان ،

---

[1] ڕەنگدانەوەی حوجرەی ئایینی لە چەند ڕۆمانێکی کوردیدا - نووسینی: د. عەبدوڵڵا ڕەحمان / ماڵپەری خاڵ.

[2] کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی: نووسینی – مەلا حوسێن گورژی، چاپ نووسینگەی تەفسیر- ساڵی ١٤٣٠ک – ٢٠٠٩ز لاپەرە ١٦٨

نوێژیمەیت و کۆبونەوە بۆ پێکهێنانی عیبادەتەکانی دیکەیە . زۆر یەک لە گەورە زانایانی ئیسلام ، لە مزگەوتەکان فێری عیلمی خۆیان بون و دواتریش لەڕێی خوا ، خزمەتیان بە کۆمەڵگە کردوە. باوکانی ئێمە لە سەرەتاوە بەئاشتی، بەهەر فکرو بۆچونێک لە مزگەوتەکاندا کۆبونەتەوە و عیبادەتی خوای گەورەیان کردوە. مزگەوت لە ئیسلامدا پایەیەکی بەرز و شوێنێکی پایەداری هەیە، پیرۆزترینی شوێنەکانە. خواپەرستی تێدا دەکرێت و ناوی خوای تێدا دەبرێت .

﴿فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَن تُرْفَعَ وَيُذْكَرَ فِيهَا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ﴾.[1]

ڕێورەوشت و هەدیەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە مزگەوتدا تەنها لە نوێژکردندا کورت هەڵنەهاتبوو، بەڵکوو هەروەک شوێنی بەندایەتی بوو، شوێنی فەرمانڕەوایی و قەزاوەتیش بوو، شوێنی بەڕێوەبردن و سیاسەتی دەوڵەت بوو، شوێنی بەڕێکردنی سوپا و دانانی نەخشەی جەنگ بوو. هەموو جوڵەیەکی کۆمەڵی ئیسلامیی ئەوکاتە، لە مزگەوتەوە ئاڕاستە دەکرا و نەخشەی بۆ دەکێشرا. جا کاتێک مزگەوت ئەم مەکانەتە گەورەی هەبێت، ئەوە یەکەم کارێک کە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دوای گەیشتنی بۆ مەدینە ئەنجامی دابێت، دروستکردنی مزگەوت بوو کە لەم بابەتەماندا ڕوونی دەکەینەوە. پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کاتێک گەیشتە مەدینە لە هەر شوێنێک کاتی نوێژ بهاتایە نوێژی دەکرد، پاشان فەرمانی دا بە دروستکردنی مزگەوت لە شوێنێکدا کە دارخورمانی دوو منداڵی هەتیوی تێدا بوو لە نەوەی نەجار، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لێی کڕین و موسڵمانەکان

[1] القران الكريم – سورة: النور– الاية ٣٦

دارخورماکەیان بڕی و لەگەڵ زەوی تەختیان کرد، ئیتر دەستیان کرد بە ڕێکخستن و لەسەریەکدانانی بەردەکانی ڕووی پێشەوەی کە ئەو کاتە ڕووی لە (بیت المقدس) بوو، هیچ کاتێکیان لەوە خۆشتر نەبووە کە کاریان تێدا دەکردو بەرزیان دەکردەوەو پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) لەگەڵیاندا کاری دەکرد و هەموو بە یەکەوە دڵخۆش و ئاسوودە بوون. پشتێن و ناواخنیشی لە ڕەگی دارخورماو سەرەکەشی بە گەڵای دارخورمان داپۆشرابوو، بەم شێوەیە تا دوای چوار ساڵ لە کۆچ ئەوکات پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە دیوارو بەرد هەڵیچنی و دروستی کردەوە، پاشان لەساڵی حەوتەمی کۆچیدا دووبارە دروست کرایەوە کە ئەوکاتە ئەبوهورەیرەو تەلقی کوڕی علی حەنەفی‌ش کە لەوساڵەدا موسڵمان بوون بەشداریان تێدا کرد و ئەمجارەیان مزگەوتەکە گەورەتر کرا. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) شوێنی میمبەرەکەی دیاری کرد، وە ماڵی خێزانەکانیشی بە شێوەیەک لێ کرد، کە بکەونە لای سەرو و ڕۆژهەڵات و خوارووەوە، وە زۆر بە وردیش شوێنی نوێژی دیاری کرد کە پاش خۆی کرایە میحراب، وە ئەو شوێنەی ئەکەوێتە نێوان ماڵی عائیشەو میمبەرەوە ناو نرا بە "الروضة ."

مزگەوت گرنگیی و پێگەیەکی ئێجگار گەورەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەیە، ڕۆژانە پێنج جار تێیدا کۆ دەبنەوە بۆ نوێژ، بە حاڵی یەکتری ئاشنا دەبن و لە یەکتری دەپرسن، لەسەر چاکەو خواناسی یارمەتی و کۆمەکی یەکتر دەکەن، پاشان مزگەوت بنکەی قەزاوەت و دادوەری بووە لە نێوان خەڵکیداو پێگەی بانگەشە جیهادو نەفیری گشتی بووە لە مێژووی ئیسلامیدا. گرنگییەکەی

تـەواوی هەیـە لـە فێربـوونی موسـڵمانان و شـارەزا بوونیـان لـە ئایینەکەیان، ڕۆشـنبیرکردن و تێگەیشـتنیان، خوێندنـەوەی قورئـان و لەبەرکردنی...هتد. بەم شێوەیە مزگـەوتی پێغەمبـەر (صـلی الله علیه وسلم) چەندەها جۆرو شێوازی چالاکی بە خۆیەوە دەبینی، شـوێنی بەندایـەتی و خواپەرسـتی، نـوێژو زیکـری خـوا، شـوێنی قـەزاوەت، شـوێنی جـەنگ دژی خراپـەکاریی، وەرگرتنـی عـیلم و زانیـاری شـەرعی، فێربوونی قورئـان و سـوننەت. بەم شـێوەیە لـە ڕابـوردوو ئێستەشـدا مزگـەوت گـەورەترین ڕۆڵـی لـە ژیـانی کۆمەڵگـەی موسـڵماندا هەیـە و بـێ مزگـەوت ئـەو کۆمەڵگەیـە پێـی ناوترێـت کۆمەڵگەیـەکی موسـڵمان، ئەمـەش بـوو یـەکێک لـە هـەرە کـارە گەورەکانی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کە دوای هـاتنی بۆ مەدینەی پیرۆز، دروستکردنی مزگەوتی مەدینـە بـوو، پاشـانیش ئیتر لە سەرانسەری جیهانی ئیسـلامیدا مزگەوتـەکان دروسـتکران و پـەیامی خواپەرسـتی و فێربـوونی زانسـت و هۆشـیارکردنەوەو ڕۆشـنبیرکردنی موسـڵمانانیان لـە ئەسـتۆ گـرت و هـەزاران زانـاو شـارەزاو موجاهیـدو خوانـاس لـە مزگەوتەکانـەوە پێیـان هـەڵناو پـەروەردە کـران وەک ئاماژەمـان پێـدا ڕێـز و قەدری مـزگەوت لەئیسلام دا لەوەدا بەڕوونی دەردەکەوێت، کە پێغەمبەر (صـلی الله علیه وسلم) کاتێ کۆچی کرد بۆ مەدینە هێشتا جێگیر نەبوو بوو و لەکـاتی گەیشـتنی بەقوبـا یەکسـەر مزگەوتـی قوبـای دروسـت کـرد، ئەوە یەکەم مـــزگەوتە لەمەدیـــنەدا، یەکەم مـــزگەوتە، کە بـــۆ موسوڵمانان بونیاد نرابێت .[1]

بـەهۆی ئەمەشـەوە دامـەزراوە ئایینیـەکان، وەک مزگـەوت و

---

[1] ابن كثير: البداية والنهاية – مجلد ٣ ص٢٠٩

حـوجره كاريگـەری ڕاسـتەوخۆیان لەسـەر لایـەنی پـەروەردەیی و کۆمەڵایـەتی و دەروونـی مرۆڤـەکان هەیـە. لەمبارەیـەوە کۆمەڵناسـی فەڕەنسـی "دورکهـایم" بۆچـوونی وایـە، کـە (بەتـەنیا دامودەزگـا ئاینییەکان توانای یەکخستنی مرۆڤیان لەڕووی هەست و سۆزەوە هەیـە).[1] بـەم پێیـەش دامـەزراوە ئاینییـەکان بەشـێک لـە پێوانـە و ڕۆڵێکی ڕێکخـراو پێکدەهێنن، لـە هەسـت و خولیـا و ئارەزووەکـانی مـرۆڤ، بـۆ گـەڕان بـەدوای نهێنییـەکانی ژیـان و مـردن. بێگومـان (ئایینی هەر کۆمەڵگەیەک بەشێکی گەورە لـە شـێوەی بیرکردنـەوە و بۆچوونــەکان لــەلای خــەڵکی ئــەو کۆمەڵگەیــە دروســت دەکــات، کاریگەریشـی لەسـەر ڕەفتـار و ئـەخلاقی تاکـەکانی و دیـاریکردنی سنووری پەیوەندی نێوانیان ....هەیە[2].

[1] نـاجم مـولای، موسسـة الدينيـة ودورهـا فـي الحفـاظ علـى الهويـه الوطنيـة، http://elaphblogs.com/post/.html٢٠١١

[2] د.عەبـدوڵڵا خورشـید عەبـدوڵڵا و ئەسـرین زرار: کێشـە کۆمەڵایەتییـەکانی ئافرەتی کورد و هۆکارەکانی، گۆڤاری (ئەکادیمی)، ژمارە (١٨)، ٢٠١١.

# تەوەری چوارەم:

## تێگەیشتن لە ئایین

سروشتی ئایین وایە، وەک لە پێناسەکەیدا بۆی کراوە، ماهیەتی دین ( گرێدان و پێکەوە بەستن)ە.[1] ئەم فیگەرانەی دین، کە خۆی دەنوێنێت لە گرێدان و پێکەوە بەستنەوە بۆتە بەبەشێک لە ڕەهەندە هیومانیەکانیش، بەشی زۆری قوتابخانە ئایینیی و پەرستگەکان، ئایین بەو جۆرە پێناسەدەکەن کە فاکتێکە بۆ پارێزگاریکردن لە مرۆڤ، ئیدی ئەم جیهانبینیەی ئایینزاکان بۆ دین فۆرم و بەهای دیکەی وەرگرتووە، لە زۆر شوێندا ئایین ئەم پێناسەیە لەدەست دەدات، مرۆڤ دەکاتەوە بە قوربانی، لە پێکەوە گرێدان و بەستنەوەی دڵەکان، دەگوازرێتەوە بۆ لێکترازان و کوشتنی ئایینداران. ئەم فیگۆر و دالانەش بەدوای جۆرێک لە مەدلوولی شاراوەدا دەگەڕێن لە مرۆڤدا، لە دەربڕینێکی مەجازیەوە دەچێتە تەلبەندێکی دیکەوە، کە ئاماژەیەکە لە باوەڕ و بە پیرۆزسەیرکردنی ئەوەی ڕۆحی پیرۆز گوتوویەتی کە لە ئیمانێکی دەروونیەوە خۆی دەردەخات. ناشتوانین بڵێین ئەم ئاکارە ئیمانییە تەنها تایبەت بە ئایینی ئیسلام یان هەر ئایینێکی دیکەوە، بەڵکوو ڕۆحیەتێکە هەمیشە لە ژینگەی مرۆڤ و لە هەناوی سایکۆلۆژیای مرۆڤەکاندا لە دیزاینێکی ئاکاری خۆی مانیفێست دەکاتەوە. بەو تێگەیشتن و

---

[1] دراسات في الأديان اليهودية والنصرانية / لسعود بن عبد العزيز الخلف، ص١١

دەرهاویشتانەبێت، بە واتا گشتیەکەی دین لوغزێکی نادیارە و وەک ڕووداوێکی دەروونیی، کە لە ئارەزوەکانی نا وشیارەوە سەرچاوە دەگرێت، خوێندنەوەی بۆ کراوە. ئارەزوویەک، کە دەیەوێت لە ڕێگەی ئیمانەوە بە نادیار یان هەر سوژەیەکی دیکەوە بێت جەستە و گیانی ڕزگار بکات. وەک ماکس ڤێبەر دەڵێت: (تەنها شتێک توانای ڕاگرتنی ئەم بەلانسەی هەیە، ئاگایی و هۆشیاریی کەسەکانە).[1] بە بۆچوونی من ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ ئیدی دەربازی دەبێت لە ئیمانهێنان بە ئاینێک یان کاریگەربوون بە هێزێک، کە بە ئەودیوی سروشت (میتافیزیقا) ناوزەندکراوە، پێموایە مرۆڤ لە ڕێگەی توانا ئەقڵی و ئاگاییەکانیەوە، ناتوانێت سنوور بۆ فشارە دەرەکیەکان دابنێت، بۆیە هەمیشە ئایین کە بە گریدان و بەستنەوە وێنای کراوە لە زۆر حاڵەتدا شوناسە ڕاستەقینەکەی دەردەکەوێت و لە کاتی شڵەژانە دەروونیی و بێ هێزیدا لەبەردەم کارەساتە سروشتیەکاندا، جارێکی دیکە دەبێتەوە بە هاوڕێ بێدەنگەکەی مرۆڤ. دەبێ خواستی قسەکردنمان لەسەر ئایین، سەیرکردنی بێت وەک خۆی یان بۆنەیەک هەبێت بۆ ئەوەی بیدوێنین. پڕ ماناترین بۆنەش، سەیرکردنیەتی وەک بەرکەوتنێکی تیۆری و زانستی. واچاکە باسەکەمان بەو پرسیارە بکەینەوە، ئایە ئایین بۆتە کێشە بۆمان؟!. بە مانایەکی دیکە ئایە ئایین بۆتە کەرستەیەک لە دونیای مەعریفی ئێمەدا، وەک ماتریالێک بەر مەعریفەمان کەوتووە؟!. یان وەک بوونێکی مەعریفی بەریی کەوتووین، بۆتە هۆشیاری ئێمە، پرسیاری لا دروستکردووین؟!. کاتێک دەڵێین ئایە بەر ئایین

---

[1] الاخلاق البروتستانتية وروح الرأسمالية/ ماكس / ڤيبر – ترجمة / محمد علي مقلد ص٣١

کەوتووین، مەبەستمان دە بارەکردنەوەی ئەو وتە بێ ئەرزشانە نییە کە ئایین بە ئاستەنگ و ڕێگر لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی دەبینن یان پێیانوایە ئایین، ئەفیونێکە و گەلان بێ مەیل و خواست دەکات. پێچەوانەی ئەمە، کە دەڵێین ئایین وەک بەرکەوتن، مەبەستمان بەرکەوتنی مەعریفی کوردە بە ئایینەوە، نەک بانگەشەکردنی بۆ بێ ئاینیی و دوورکەوتنەوە لە ئایین.

دەبێ ئەو ڕاستیە لەبەرچاوبگرێن، کە ئایین لە دونیای ئێمەدا ئامادەگیەکی مەعریفی و فەلسەفیانەی نیە، تەنها سرووتێکی ڕۆژانەی خەڵک بووە. واتە نەبۆتە جێگەی مشت و مڕی نەک مەعریفەدار و ئەقڵگەراکان، بەڵکوو لەناو خۆشیاندا پەیڕەوکارانی ئایین نەیانتوانیوە وەک پێویست دەروازەکانی گفتوگۆی ئایینی بەسەر خۆشیاندا بکەنەوە، (مەبەست لە دیبەتیی زانستیانە و تیۆریانەیە بۆ ئایین). کاتێکیش خواستی قسەکردنمان لەسەر ئایین بۆ دروست دەبێت، بێشک خاڵی پێکەوە گرێدراوی ئایین و زانست لەبەر چاودەگرین، کە جورئەتی توێژینەوە و پرسیارکردنمان لێیی هەبێت، ئەگەر بەو ڕۆحیەتەوە مەلە لە دەریای قووڵی ئایین نەکەین، ئەوە ناتوانین بەو بەرکەوتنە بڵێین بەرکەوتنی مەعریفیانە. بە دیوێکی دیکەوە توێژینەوە لە دۆخی ئایینی و لێکۆڵینەوە لە شوێنپێی ئایین لە ئاوەز و هۆش و بیرمان، خۆی لە خۆیدا کارێکی ئەقڵانیی و گرینگییەکی ئەکادیمییە، چونکە هێندەی ئایین بۆتە کۆنەستی تاکی کورد، هێندە ئایدیاکانی دیکە بابەتی جەوهەری نەبووینە لە دونیای کوردیدا، هیچێک لەمانە تاکو ئەمڕۆکەمان نەکراوەتە پرسێکی ئەکادیمیانە، کە وەک دەرکەوتەیەک خۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا مانیفێسکردووە، بێ ئەوەی مەعریفەی ئێمە

لای بۆ بکاتەوە، کە ئەمەش جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. هەر بۆیە مشتوماڵکردنی تیۆری بۆ ئایین لە دونیابینی ئێمەدا دواجار دەبێتەوە بە جەدەلێکی جیاوازتر لە جاران، بەمەش دەگوترێت ئایین وەک بەرکەوتنێکی مەعریفیانە. بەمانایەکی دیکە ئایین یان دین کۆکراوەیەکی سیستەمی کەلتوری و سیستەمی بیر و باوەڕ و تێڕوانینی جیهانییە، کە پەیوەندییەک دادەمەزرێنێت لە نێوان مرۆڤ و ڕۆحانییەتدا، یاخود لەگەڵ چەند ڕێڕەوێکی ئەخلاقیدا. زۆر لە ئایینەکان چیرۆک و هێماو و نەریت و مێژووی پیرۆزیان هەیە، کە تیایدا دەیانەوێت مانا بۆ ژیان ببەخشن یا سەرچاوەی ژیان و گەردوون ڕوون بکەنەوە. لەمانەوە ئەخلاق و ئەدەب و یاسایی ئایینی دادەڕێژن، یاخود شێوە ژیانێک بەپێی تێگەیشتنی سروشتی مرۆڤ. ئایین وەک پێویستیەک بۆ ڕێکخستنی کار و کردەوەکانی (مرۆڤ) بە درێژایی مێژوو و وەک یەکێ لە سەرچاوەکانی یاسا دادەنرێ لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا و هەر لە ڕێگەی ئایینەوە باس لە ژیانێکی ئەبەدی کراوە و باسی دوبارە زیندوو بوونەوە و بەهەشت و جەهەنەم کراوە. ئایین سێهەمیین ئامرازی گەورەی یەکخستنی مرۆڤایەتییە، لەبەرئەوەی هەموو هەرەم و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وێناکراون، هەموویان ناسکن و چەندەی کۆمەڵگەکە گەورەتر بێت، ئەوەندەش ناسکترە.[1]

هەندێ لە توێژەران لە بواری ئاییناسی پێیانوایە باشترین پێناسە بۆ مرۆڤ ئەوەیە، کە (بوونەوەرێکی ئاییندارە) .

[1] یوڤاڵ نوح هەراری. هۆشمەندەکان، پوختیەک لە مێژووی مرۆڤ. وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە، کارزان کاوسێن. چاپ و پەخشی ڕێنما. چاپی دووەم. ٢٠٢٠ ل٣١٦

# تەوەری پێنجەم:

## ژیاننامەی مەلای گەورە

ناوی محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی کاک ئەسعەدی جەلیی کۆییە، کونیەکەی ئەبوو مەسعوودە، نازناوی کەمالەدینە. لە سەرەتای ژیانیەوە بە کاک حەمەد ناوبانگی دەرکردبوو، دوای کۆچی دوایی باوکی، سەرۆکایەتیی زانایانی ناوچەکەی خۆیانی گرتووەتە ئەستۆ، بۆیە بە مەلای گەورە شۆرەتی بڵاوەی کرد. تا وای لێهات بەم ناوبانگەی لەناوی خۆی زیاتر دەناسرایەوە، هەر وەک ناو و شۆرەتی بە جەنابی مەلایش بڵاوی کردبوو.[1] لە سەرەتای مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٢٩٣ی کۆچی، بەرانبەر ساڵی ١٨٧٦ ی زایینی، لە شاری کۆیە لە دایک بووە. باووباپیرانی هەموو زانا، دانا و شارەزا و بنەماڵەیەکی ناوداری ناوچەکە بوونە و خزمەتێکی زۆری زانست، ڕۆشنبیری و ئایینیان کردووە.

**دەرگەی لەزەتم لەسەر خۆ بەست**

**چی عولووم هەبوو، بە دەستم خست.**[2]

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەو شێوەیە وەسفی مەلای گەورە دەکات و دەڵێت: کان لصاحب الترجمة دوور عجیب

---

[1] محمد بن عبدالله الجلي وجهوده العلمية: تأليف/ د. جواد فقي علي الچوم حيدري، طبع ونشر- مكتب التفسير- مطبعة وزارة التربية – أربيل / الطبعة: الأولى ٢٠٠٦م – ص ١٠٢

[2] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٢ – ١٠٣

في الحركة العلمية وتوجيه الطلاب بل توجيه المسلمين كافة الى اليقظة والاعتماد على النفس، والتوجه الى معالى الامور والوحدة والاعتصام، والبتعاد عن الاختلاف والخرافيات، وفى الواقع كان أحد الاحدين في العلم والفضل والغيرة والشهامة والجسارة الادبية وقوة القلم، و فلاحة البيان، وصراحة اللسان، و لو لا بعض الموانع لاستفاد الناس منه ما لا يستفاد بكثير من الزمان، فكان يختار العلماء الدين التراس والاستقلال بتوجيه المسلمين، واخذ الزمن الامور المهمة، والحركة نحو الامام في كافة الشئون الدينية والاجتماعية والسبق على سائر الناس.[1] مەلای گەورە لە ساڵی ١٣٠٣ی کۆچییەوە، واتە لە تەمەنی دە ساڵییدا دەستی بە خوێندن و فێربوون کردووە و سەرەتا بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و چەند نامیلکەیەکی فارسی دەستی پێکردووە. پاش ئەم قۆناغە دەستی بە خوێندنی زانستی (نحو، صرف، فقه) لای موستەعیدەکانی باوکی کردووە. لای چەندین مامۆستا خوێندوویەتی، مامۆستایەک لە هەموو ئەوانی تر زیاتر کاریگەریی بەسەریەوە هەبووبێت، مامۆستا مەلا محەمەد ئەمینی کونەفلوسییە، کە مەلای گەورە خۆی لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: (ئەو دڵمی کردەوە، تێی گەیاندم و وەک پێویست دەرسی دام).[2] گەلێ لە مەلای ناودار لەبەر دەستیدا پێگەیشتوون و ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە، لە هەرە گەورەکانیان (مەلا فەتحوڵلای هەرتەل، مەلا سدیق نازەنینی، مەلا مەعصوم خدر هەورامی، مەلا ئەبوبەکر، مەلا سادقی مەلا ئەحمەد،

---

[1] كتاب: علماءنا في خدمة والدين – تاأليف شيخ العلامة ملا عبدلكريم المدريس: ص٥٣٥

[2] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ١٠٨

مـەلا سـلێمان ئاومـاڵی، مـەلا قـادری کـانی دەربەنـدی، مـەلا سـەیید عەبـدولڕەحمانی ئەتهـەریی زەنگێنـدەریی، مـەلا حەمیـد عەسـکەری .....هتد)[1]

**بنەچەی بنەماڵەی جەلیزادە:**

بنەماڵـەی جـەلیزادە لـە بنەچـەوە بـۆ سـور (شـێخ ئیبـراهیم)ی جـەزیری دەگەڕێتـەوە، کـە ئـەو خانەوادەیـە لـە جـەزیر و بۆتانـەوە لەبەر هۆیەکی نادیار ڕووە و کوردستانی عێراق گەشتیان کردووە. دواتر دێنە گوندی ( بێگەلاس) لە ناوچەی پشدەر، دواتر بەشێکیان هـاتوون بـۆ گونـدی (شیواشـان) لـە دەڤـەری ڕانیـە، بـاپیرە هـەرە گـەورەیان (محەمــەد) کـە بـە مــەلازادەی شیواشــان بەناوبانگـە، دەگێڕنـەوە، کـە زۆرینـەی ژیـانی خـۆی لـە ئەشـکەوتفتێکی نزیکـی شیواشان بە عیبادات بردووەتە سەر، گۆیا لە زۆر باردا بە شیری بزنـە کێـوی گوزەراندوویـەتی. یـازدە کـوڕی هـەبوو، کـوڕی هـەرە گەورەی (مەلا عەبدوڵلا) بووە، دەچێتە گوندی (جەلی) کە دەکەوێتـە دەڤــەری خۆشــناوەتی، لەوســاوە ئــەم بنەماڵەیــە بــە جــەلیزادە ناودەبرێن. ئیتر بەم چەشنە بڵاودەبنەوە تاکو لە سەردەمی (مەلا عەبـدولڕەحمان)ی بـاپیرە گەورەیانـدا کاتێـک (عەبـدولڕەحمان)ی پاشـای بابـان مزگـەوت و مەدرەسـەی لـە قەبـەڵ دەکـات و بـەراتی چەنـد گونـدێکی بـەو مزگەوتـەوە دەبەسـتێتەوە، بۆیـە وراتـی (کۆیـە) دەکەنە مەڵبەند و لێی جێگیر دەبـەن. مـەلا عەبدولڕەحمان لـە سـاڵی ١٢١٧ک ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. دوای مەلا عەبدولڕەحمان کوڕە گەورەکـەی (واثـق بیللا مـەلا عەبدوڵلا)ی جـەلیزادە دەبێتـە جێگـری

[1] ژیـان و ئـەزموونی مـەلای گـەورە/ نووسـینی: هاوکـار عەبدوڵلا شـێخ بزێنـی ل١٥.

باوکی، کە خەلیفەی مەولانا خالید بووە، لە ساڵی ١٢٤٦ک بە تاعوون گیان لەدەست دەدات. کوڕە گەورەکەی، کە ناوی (ئەسعەد)ە لە ساڵی ١٨١١ ز لە دایک بووە، کە دواتر بە حاجی مەلا ئەسعەدی جەلیزادە ناسراوە، محەمەد پاشای والی ڕەواندز، کە ئەوکات لە (کۆیە) بووە لە شوێنی باوکی دایدەنێتەوە، حاجی مەلا ئەسعەد لە ساڵی ١٨٤٤ ز بۆ خوێندن دەچێتە شام و لای (شێخ عەبدولڕحمان کەزبەری).[1] ئیجازەی (حەدیس و فقە و تەفسیر) وەردەگرێ و بۆ مەککە دەچێت و پاشان بۆ کۆیە دەگەڕێتەوە، دواتر لای ( مەلا عەبدولڕەحمان)ی ڕۆژبەیانی لە بەغدا ئیجازەی گشتی لە زانستەکانی ئیسلامی وەردەگرێ. حاجی مەلا ئەسعەد لە ساڵی ١٢٨٨ ک بۆ جاری دووەم دەچێتەوە حەج، کوڕە گەورەکەی (عەبدوڵلا) کە لە ساڵی ١٨٣٥ ز لە دایک بووە، کە دواتر بە حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە ناسراوبووە لە لەگەڵیدا دەچێت بۆ حەج، دوای بەجێهێنانی مەڕاسیمی حەج، حاجی مەلا ئەسعەد هەر لە مەککە دەمێنێتەوە، لە ساڵی ١٢٨٩ ک – ١٨٧٢ ز هەر لە وێش کۆچی دوایی دەکات. حاجی مەلا عەبدوڵلا دوای مەرگی باوکی دێتەوە کۆیە و لە شوێنی باوکی دادەنیشێت. حاجی مەلا عەبدوڵلا سێ کوڕی دەبێت بە ناوەکانی ( بەهادین - محەمەد – نورەدین). (محەمەد)، کە بە مەلای گەورە ناسراوە دوای کۆچی دوایی باوکی

---

[1] شێخ عەبدولڕحمان کەزبەری لە نێوان ساڵانی ١٧٧١ تا ١٨٤٦ ژیاوە، سەرۆکی زانایانی ئیسلامی ناوچەی شام (دیمەشق)بووە، بە عەللامە و زانای سەردەم ناسراوە. شافیعی مەزهەب بووە، ئیجازەی مەلایەتی بەچەندان مەلا و زانای ئەو ڕۆژگارە بەخشیوە، لە ماڵی خودا لە ڕۆژی وەستانی عەرەفەدا، گیانی بە خودای تاقانە دەسپێرێت. سەرچاوە: الدرر الشامية/ القسم العلمي. **توێژەر**

حـاجی مـەلا عەبـدوڵلا لـە سـاڵی ١٣٢٦ ک – ١٩٠٨ ز جێگـەی ئـەو دەگرێتەوە.[1]

(مامۆسـتای کـۆیی پیـاوێکی زۆر پیتـۆڵ و خۆنـاس و خوانـاس گەل ناس و وریا و ژیر و دڵسـۆزێکی ڕاستەقینەی ئـایینی پیرۆزی ئیسـلام و خـەمخۆرێکی گـەلی کـورد و ڕۆڵەیـەکی هەڵکـەوتووی کوردستانی دابەشکراو و بەدبەخت و فێڵ کێکراوبووە. ئەو هۆنەر بووە، هونەرمەند بووە، زانا بووە، مەلا بووە، ڕامیار بووە، وانەبێژ بووە، پێشنوێژ بووە، وتاربێژ بووە، نووسەر بووە، وێژەوان بووە، دێژەوان "فقیە" بووە، ڕاڤەدەر "مفسر" بووە، ڕاست وێژو دڵسۆزو خەمخۆر بووە، کوڕێکی مەرد و مەردێکی کورد و نەترس بووە، بزوێنـەری هەسـتی دڵان و ڕاپەڕێنـەری خەولێکـەوتووان بـووە).[2] لەتەمـەنی بیسـت سـاڵیدا ئیجـازەی زانسـتی مەلایـەتی لـەباوکی وەرگرتووە و هەر لەو تەمەنەدا جگە لە (فتوا)، ئەرکەکانی وتاری هـەینی و وانـەی ئـایینی و سەرپەرشـتی هـەردوو مزگـەوتی مـەلا ئەسعەدی جەلیزادە و مزگەوتی گەورەی گرتۆتە ئەستۆو، لەسالانی ١٩١٢ تـا ١٩٢٨ چەنـدین کـاری ڕەسـمی حکـومی سـەرکەوتووانە ڕاپەڕاندووە، لەساڵی ١٩١٢ کراوە بەموفتی کۆیە و لەساڵی ١٩١٩ کـراوە بـەقازی و لەسـاڵی ١٩٢٤ هـەڵبژێردراوە بەئەنجومـەنی دامەزرانـدنی عیـراق و زۆر شـێلگیرانە پێـداگری کـردووە، لەسەرمافەکانی نەتەوەی کورد.(٤) دواتر جارێکیتر کراوە بەقازی وراتی کۆیە و لەساڵی ١٩٢٨ وازی لەکاری میری هێناوە و خۆی

---

[1] گەشتی ژیانم: نووسینی، مەسعود محەمەد – کۆتا چاپ ٢٠١٤/ ل ٣ تا ١٢

[2] کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی: نووسینی – مەلا حوسێن گورژی، چاپ نووسینگەی تەفسیر- ساڵی ١٤٣٠ک – ٢٠٠٩ز لاپەڕە ١١١

تەرخانکردووە بۆ هۆنینەوەی شیعرو وانەی ئایینی و نووسینی کتێب، بەجۆرێک وەک دەڵێن لەشەوو ڕۆژێکدا بیست و یەک سەعات خەریکی نووسین و خوێندنەوە و وانەوتنەوە بووە، لەو ماوەیەشدا خەرمانێک بەرهەمی بەهێزو پێویستی ئامادەکردووە، کەجگەلە چواردە کتێب و نامیلکە بەزمانی عەرەبی، شەش بەرهەمیشی بەزمانی کوردی داناوە، کەبریتین لە (عەقیدەی ئیسلام، مجدد ، فرِی فرِی قەل فرِی، تەفسیری قورئانی پیرۆزو دیوانی شیعر). دیارە شیعرەکانی بەسەر چەندین لایەنی ئایینی و کوردایەتی و کۆمەڵایەتی و مافی ژنان و منداڵان دابەش دەبن.[1]

مەلای گەورە بەرهەم و کارەکانی دابەش ئەبن، بۆ سەر (شەش) بەش:

- خوێندن و مەلایەتی و نووسین.
- نیشتمان پەروەری و بەرگریکردن لە کورد.
- ئەو کتێبانەی، کە کاریگەرییان لەسەر داناوە.
- چاکسازی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی شیعر .
- مافەکانی ئافرەت.
- مەزهەب و فتوا و تێگەیشتنی بۆ ئاییندارى.

---

[1] محمد بن عبدالله الجلي وجهوده العلمية: تأليف/ د. جواد فقي علي الچوم حيدري، طبع ونشر- مكتب التفسير مطبعة وزارة التربية – أربيل / الطبعة: الأولى ٢٠٠٦م – ص ١١٠

# تەوەری شەشەم :

## خوێندن و مەلایەتی و نووسین

مـــەلای گـــەورە وەک بـــاقی مامۆســـتایانی ئـــایینی دیکـــە، سەرگوزەشـتە و چیرۆکـی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، بەتایبـەتی لـە بواری خوێندن و فەقییاتی و تا وەرگرتنی ئیجازەی مەلایـەتی. هـەر یەکێک لەم بەسەرهاتانە بۆ ئێمە دەبێتە هۆیەک تا لە نزیکەوە ئاشنا بە توانایی و زیرەکی و خولیا و حەزی ئەو زاتانە بکەین، تـا لێیـەوە لێیانــە شــارەزای چۆنییــەتی خوێنــدن و بەرزکردنــەوەی ئاســتی زانستیی و زانیاری ببین. مامۆستایان و مـەلایانی کورد ڕاهـاتوون لە مزگەوتـەکان و لـە شـار و شـارۆچکەکانی کوردسـتان، بگـەڕێن و زانستی شـەرعی وەرگرن. تەنانەت هـەیانبووە چووەتـە وڵاتـان و بـە هەزاران میلی بڕیوە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری تـا ئیجازەیـەک لــە بــوارێکی شــەرعی و زانســتی ئیســلامی وەرگرێـت. بنەماڵــەی جـەلیزادە، یـەکێک بووینـە لـەو بنەماڵـە مێرخاسـانەی، کـە هــەموو ژیانیـان بـۆ ئیسـلام و وەرگرتنـی زانسـت و خزمـەتکردنی ئیسـلام تـەرخانکردووە. مـەلای گـەورە دەگێڕێتـەوە: بـاوکم دەیفـەرموو بـە منداڵی زۆر مـەیلی خوێنـدنم نـەبووە، چەنـد موسـتەعیدیان پێکـردم فائیدەی نەبوو ئاخیری مەلا محەمـەد ئـەمین کونەفلووسـەیی گوتی: بیدەنـە مـن ئـەم وادەکـەم بخوێنێـت، کـە چوومـە کنـی پـێش دەرس دەیگوت: حەزت لە چییە کەلایانێ، جگانێ....[1] دەمگوت نـا..... وەڕز

---

[1] کەلایانێ: یاریەکی منداڵانە لە هەمبانە بۆرینەدا بەو جۆرە هاتووە (تیلە بـازی،

دەبوو ئەوجا دەیگوت: کاکە دەرسەکەی نەخوێنین؟ دەمگوت با.[1]

(بەینەکی لە کن موستەعیدانی باوکی دەخوێنێ، ئاخیری دێتە خزمەت باوکی و دەڵێ ئەگەر جەنابت دەرسم پێ دەڵێی باشە، دەنا ناخوێنم، فەرمووی عەرزی بابم کرد ئەمن ناچمە فەقێیاتی لە مزگەوتی گەورە دابنیشین نایەمەوە ماڵیش هەتا تەحصیل تەواو دەکەم بە گەڕیدەیی و نانی سواڵی نابمە مەلا).[2] دوای خوێندن و دەورکردن توانا و دانایی بۆ باوکی دەردەکەوێ، تا ئاستێک پلەی زانستی بەرز دەبێت باوکی ڕێزی تایبەتی بۆ دادەنێت.[3] لەسەر دەستی باوکی ئیجازە وەردەگرێت و لەبەر دەمی باوکیشی ئیجازەی داوەتە ئەو فەقێیانە، کە دەرسیان لەلا خوێندییە. دوای وەفاتی باوکی لە ساڵی ١٣٢٦ ک ، لە جێگەی ئەو دانیشت و لەقەبی مەلای گەورایەتی و ڕئیسی مەلایەتی وەرگرت.[4]

دوا بەدوای وەرگرتنی پلەی زانستی و ئیجازەی مەلایەتی، مەلای گەورە لە مزگەوت وتاری دەدا. لە بارەی وتاربێژییەوە سەرگوزەشتەی زۆر هەن، کە دەلالەت لە زانایی و توانای وتاردانی ئەو دەگەیەنێت. مامۆستا مەسعود محەمەد لە بارەی وتاردانی مەلای گەورەی باوکی دەنووسێت: باوکم خەتیب بوو.

---

هەڵماتێن، مەڕمەڕێن). جگانێ، جک جگانێ: لە فەرهەنگی خاڵ دا بە میچێن هاتووە. لە هەمبانە بۆرینەدا ئاوها هاتووە: گەمە بە جک – بازی با شتالنگ.
**توێژەر**

[1] مێژووی جەلیزادە: نەجیبەخانی جەلی زادە ل ١١٥ – ١١٦ – ١١٧
[2] هەمان سەرچاوە ل ١١٧
[3] هەمان سەرچاوە ل ١١٧
[4] هەمان سەرچاوە ل ١١٧

بەڵام خەتیبێک کە بتوانێ بە کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی تا حەزبکات لەسەر بابەت بدوێ.[1]

مەلای گەورە زیاتر لە بیست بەرهەمی وەک کتێب و نامیلکە و تەفسیر، پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە. بەداخەوە بەشێکی کەمیان نەبێت ئەوانی دیکە چاپنەکراون و هەر بەدەستنووسی ماونەتەوە. دەتوانین بڵێین سەرەتای کاری نووسین لای مەلای گەورە، بۆ ساڵی ١٩٢٨ دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی، کە لە بەڕێوەبردنی کاری حکومی دووردەکەوێتەوە. هەموو کاتی خۆی بۆ خوێندنەوە و دەرسگوتنەوە و نووسین و دانانی کتێب تەرخان دەکات. بە جۆرێک لە شەو و ڕۆژێکدا شانزە کاتژمێرخەریک بووە.[2] لە بارەی پاراستنی ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی مەلای گەورە مەسعود محەمەد دەنووسێت: دەبێ ئەوە بڵێم ئەگەر ئەرکی دەیان ساڵی بێ وچانی خوشکم یا نەجیبە نەبا بەشی هەرە گرنگی کەلەپووری کۆچکردووان کە لای ئێمە ماوە هەموو دەفەوتا.[3]

هەندێک لە دانراوەکانی مەلای گەورە:

تەفسیری قورئانی پیرۆز: بە زمانی کوردی، عەقیدەی ئیسلامی، موجەدید، نوێ کەرەوە، حیکایەت خەون و کەرامەت.

بە زمانی عەرەبیش ئەو کتێبانەی چاپکراوە:

لمقصود في علم الأصول، الكلام الجديد، القائيد في العقائد، رسالة في حقيقة الاسلام، رسالة في حقيقة الايمان، المعجزات

---

[1] گەشتی ژیانم / مەسعود محەمەد ل ٢٠ – ٢١

[2] مەلای گەورە زانا و ئەدیب و شاعیر/ نووسینی: عەبدولخالق عەلائەدین ل٧٦

[3] حاجی قادری کۆیی: نووسینی مەسعود محەمەد ب:١ ل ٢٦١

والكراما، خراب العالم، الوسيلة، حواش على جمع الجو، غايتى وأملى في علمي وعملي، الحدس سلم الارتقاء، الاله والطبيعة والعقل والنبوة، المشاهد على طراز الموقف والمقاصد.[1]

---

[1] ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە/ نووسینی: هاوکار عەبدوڵلا شێخ بزێنی ل٣٢٩ – ٣٣٠

# تەوەری حەوتەم:

## نیشتمان پەروەریی و بەرگریکردن لە کورد

( يَـا أَيُّهَـا النَّـاسُ إِنَّـا خَلَقْنَـاكُم مِّـن ذَكَـرٍ وَأُنثَـىٰ وَجَعَلْنَـاكُمْ شُـعُوبًا وَقَبَائِـلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ )[١]

"ئـەی خەڵکینـە، ئێوەمـان لـە نێر و مـێ دروست کـردووە، بـە چەند نەتەوە و خێڵ و هۆزێک دەوردراون، بۆ ئەوەی یەکتر بناسن، ڕێزدارترتان لای خودا، خۆپارێزەکانن، خودا زانا و لێزانە".[٢]

لــە دوای ڕوخــاتی ئیمپراتۆریــەتی عوســمان و دابەشــبوونی زەمینی وڵاتانی ئیسلام بەسـەر هـەر یـەک لـە بـەریتانیا و فەرنسـا و ئیتاڵیـا، کـوردیش خاکەکـەی دابەشـکرا بەسـەر عێـراق و ئێـران و تورکیـا و سـوریا، بۆیـە دەتـوانین بڵێـین ئـەو سـەدەیە بـە سـەدەی نەتەوەســازی ناودەبرێــت، کــە هەســتی نەتــەوەیی بــەهۆی داگیرکردنەوە، لای زۆربـەی گـەلانی موسڵمان و ناوچەکـە دروست بوو. بێگومان ناسیۆنالیزم- نەتەوایەتی، پڕ بەکارهێنەرترین چـەمکی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست ویەک، پرسێکی گرنگ و پڕبایـەخ و گـەرمی دنیـا، کـە وابەسـتەی تـەواوی گـەلانی زینـدووی سـەرزەوینە. بـە ئامـانج و مەبەسـتی چێکردنـی یەکەیـەکی سیاسـیی جیۆگرافیی، کـە واتـای "دەوڵـەت" دەگەیـەنێ. ناسـیۆنالیزم بـە مانـای

---

[١] قورئانی پیرۆز سورەتی الحجرات ئایەتی ١٣

[٢] بەکوردیکردنی: **توێژەر**

"میللەتگەرایی، هەستی نەتەوایەتی، دەمارگیری نەتەوەیی دێت. فرە بۆچوونی جیاواز لەبارەی مێژوو و ڕەچەڵەک و ڕیشەی ناسیۆنالیزمەوە هەیە. بەشێک لە شرۆڤەکارانی بواری نەتەوە، مێژووی ناسیۆنالیزم دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای ژیان و کەونارای کۆن، چونکە لە سەرەتای زیندەگییەوە مرۆڤ هەوڵی مانەوەی لەسەر زەوی داوە و فیکرەی خاوەندارییەتی هەبووە و هەوڵی داوە سنووری دەسەڵاتی فراوان بکات.[1] ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزی کوردی دەگەڕێتەوە، بۆ شاعیری ناسیۆنالیست "ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧) ئەو بە یەکەم کورد ئەژمار دەکرێ، کە لەبارەی نەتەوایەتی و سازکردنی دەوڵەتی کوردی، لەڕێی نووسین و شیعر و داستانەوە دواوە و لە داستانی "مەم و زین"دا ساڵی ١٦٩٥ نووسراوە.[2]

لەڕێی ئەڤین و خۆشەویستی و جوانی و پاکی، هاوکاران و دژان، باسی سەردەمی خراپی خۆی دەکات و وێنای دەوڵەت دروستکردن نیشان دەدا، ئەمەش وابەستە بە هەستی ناسیۆنالیستی و کوردایەتیی و نیشتمانپەروەرییەوە، ئەم داستانە لە دوای ئازار و ئەشکەنجەدانی کوردان نووسراوە. ئەو هەستە ناسیۆنالیستییەی خانی دەگەڕێتەوە بۆ باروودۆخی سیاسی و جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی سەردەمی ژیانکردنی. ئەو لە سەردەمی کێشە و کێشمەکێشەکانی نێوان دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی ژیاوە، کە

---

[1] ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی/ نووسینی: زامدار ئەحمەد – ماڵپەڕی وشە ٢٠١٧/٧/٣١

[2] مەم و زین، لە ساڵی ١٦٩٢ز، نووسراوە/ یەکەم جار لە ١٩١٩ ز،لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە.

زۆربەی کێشەکانیان لەسەر خاکی کوردان و ناوچە کوردییەکان بووە، هەردوولا هەوڵیان داوە لەسەر حسێبی کوردان، یەکەی جیۆگرافیی خۆیان فراوان بکەن، لەم نێوەندەدا بە پلەی یەکەم کورد زیانمەندی گیانی و مادی بووە، هیچ دەسەڵات و پێگەیەکی لە ناوچەکەدا نەبووە، ئەمە هۆی سەرەکیی و گرنگە کە ئەحمەدی خانی بەو ئاراستەیەدا برد. لە دوای ئەحمەدی خانی، "حاجی قادری کۆیی ١٨١٦-١٨٩٧" بە بیری نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستی دادەنرێ، ئەمەش وابەستەیە بە دوورکەوتنەوە لە وڵات و دەڤەر و زێدی خۆی و ئاوارەبوون بۆ وڵاتی دژە کوردان و مەیلی خۆ بە کەمزانی لە بەرانبەر عوسمانییەکان، چونکە خاوەن دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی نییە، بۆیە دەنووسێ:[1]

**وەکو بیستوومە ئەی یاری نیکۆپەی**
**لە تەئریخی جەم و ئەسکەندەر و کەی**
**بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**
**ئەمن خامەم هەیە، شیر نادیارە[2]**

هەروەها دەڵێ:

**خاکی جزیر و بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان**
**سەد حەیف و مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان[3]** .

لە شیعرەکانی حاجی قادر، ڕوون دەبێتەوە، کە بەتەواوی ڕۆ

---

[1] ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی/ نووسینی: زامدار ئەحمەد – ماڵپەڕی وشە ٢٠١٧/٧/٣١

[2] هەمان سەرچاوە

[3] هەمان سەرچاوە

چووەتــە نــاو هەســتی ناســیۆنالیزمی کــوردی و ئاواتــەخواز و ئومێدەواری دەوڵەتە بۆ کوردان .

جگە لەو کەسایەتیانەی باسمانکردن، مەلای گەورە یەکێکە لەو زانـا و دانایانـەی کـورد، کـە بـە شـیعر و هەڵوێسـت و وتارەکـانی داکۆکی لە ماف و داخوازییەکانی کورد کردووە وەک دەڵێت :

**هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم**
**عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بە ماڵم**
**دەبێ کەیفی چیم بە جەنیا بێ**
**قەومی من وا ڕەزیل و ڕیسوا بــێ**
**بێکەس و بێدەر وفەقیر و هەژار**
**بێ سەر و سەرفراز و بێ سەردار**
**ئەوی ڕێگەی لە کوردەکان گۆڕی**
**لەعنەتی خودا لە ئەلحەد و گۆڕی** (١)

ئـەو هەستەیشـی لـەژێر ڕۆشـنایی ئـەو ئایەتـە پیـرۆزەی، کـە لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێداوە دەربیڕیـوە. مـەلای گـەورە و تـەواوی زانایان و مامۆستایانی ئـایینی داکۆکیـان لـە نەتـەوە و میللەتەکەیان کـردووە، کـوردیش وەک نەتەوەیـەک، لـە نێـو ئـەو جیهانـە پـان و بەرینـەدا خـاوەن مافـە، بۆ ئـەو مەبەسـتەیش  هەمیشـە داکۆکیکـاری ماف و داخوازییەکانی بـووە. ئەو هەسـتە نەتەوییـەی مـەلای گـەورە دەگەڕێتەوە بۆ مامەڵەی خراپی دەسەڵاتداری عوسمانی لە ناوچەکە و بێشبەشـکردنی کـورد لــە مافــە مرۆییــەکانی، بجگــە لــەوەیش بەرپەچدانـــەوەی سیاســـەتە دوژمنکارەکـــانی بـــەریتانی  و

(١) کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی: نووسینی/ مەلا حوسێن گورژی ل ٢٨

فەرەنسییەکان بووە، کە خاکی کوردیان دابەشکردووە. ناتوانین کاریگەرییەکانی محەمەد عەبدە لەسەر تێڕوانینە دژەکانی بۆ ئینگلیز لای مەلا گەورە بشاردرێتەوە، چونکە لە پەرتووکی (العروة الوثقی)[1] عەبدە زۆر بە توونی دژی داگیرکردنی بەریتانیا و ئینگلیز دەوەستێتەوە چەندان وتار لە دژیان لەو کتێبە بڵاودەکاتەوە. لایمن بۆتە پرسیار، من باسی عەمەلییەی دژکارییەکانی مەلای گەورە ناکەم بەرانبەر بە عوسمانییەکان، کە خۆی لەگەڵیاندا ژیاوە و هەڵسووکەوتە خراپەکانی بینیوون، بەڵام مەلای گەورە خۆی بەشداری دروستکردنی دەوڵەتی تازەی عێراق دەکات، بە ئاگاداری ئینگلیزەکان و بەشداری ئەوان، ئەی لە پای چی دواتر دژایەتی ئینگلیز دەکات.؟ پێموایە ئەوەیان جگە لە هەستە نەتەوەییەکەی، بەشێکیشی بۆ هەڵویستی محەمەد عەبدە دەگەڕێتەوە، کە ئەو دژی بەریتانیا و سیاسەتەکانی ئینگلیز بووە لە ناوچەکەدا، چونکە دەبێ ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، مەلای گەورە خۆی بەبەشێک لە داکۆکیکارانی فیکری محەمەد عەبدە دەزانێت و نایشارێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا سەرسامە بە شارستانییەتی خۆرئاوایی و بە ئاشکرا ناوی ئەوروپا و ئەمریکا و پێشکەوتنەکانیان دەهێنێت .

ئەی بۆچی دژی ئەو ڕەوتە دەوەستێتەوە لەکاتێکدا خۆرئاوا هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو بۆهاتنە نێو خاکی موسڵمانان گەر بەو ڕێگایە نەبووایە؟!. لێرە تێگەیشتنمان بۆ هەڵوێستەکانی مەلای گەورە بۆ دەردەکەوێ، کە بەمانای وشە کوردانە و موسڵمانانە بیری کردووەتەوە، نەک وەک ناسیۆنالیستێکی ڕووت، بەڵکوو

---

[1] العروة الوثقی/ تألیف جماالدین الافغاني و محمد عبده/ الناشر مؤسسة هنداوي - ص ٣٣٩

ویستوویەتی لەو ڕیگەیەوە هەم ئامۆژگاری کورد بکات لەسەر ئەوەی بۆ پێشناکەوێت، لەهەمان کاتدا ڕێگرییشی لەداگیرکردن و دووژمنان کردووە و ڕەخنەی لێگرتوون، ئەوەیشی وەک ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی و ئایینی سەیرکردووە .

(کە مەجلیسی تەئسیسی داندرا جەنابی مەلای گەورە بووە ئەندام لە ساڵی ١٩٢٤ لەسەر میللەتی کورد زۆر بەجواب بوو، فەرمووی ڕۆژەکی لە مەجلیس قسەم دەکرد، جەعفەر پاشای عەسکەری ڕەئیس وزەرا بوو بە کوردی بانگی کرد گۆتی: توخوا ئەگەر دەستەکانتم نەدەیتێ ماچی بکەم بەخوای قسەکانتم پێخۆشبوو. مەلای گەورە یەک لە نائیبانە بوو، کە معاهدەی عێراقی و بەریتانی مۆر نەکرد، ڕۆژەکی پیاوێکی بەغدایی عەرزی دەکات سبەینێ بەسەر مەجلیس دادەدەین ئاگات لە خۆبی، فەرمووی سبەینێ چوومە مەجلیسی ( عەبدالمحسن سعدون ) ڕەئیس مەجلیس بوو دەستی گرتم، گوتی: لۆ قەت جارەکی نایە هۆدەی ڕیئاسەت گۆتم: چی فەرموو بابچین چووینە ژوورێ دانیشتین شێخ حەبیبی تاڵەبانی نائیب کەرکوک و چەند کوردێکیش هاتن، هەرهەندەمان زانی میللەت دەورەی بینایەی مەجلیسی دا عەسکەریش هات دەورەی میللەتی دا، تەقە و هەرا پەیدا بوو... بە کوردی بە کوردەکانم گۆت: لە جێی خۆتان مەبزون مەردن لەو پەنچەرانە گوللە نامان گرێتەوە، مەڕۆنە دەرێ با شەقی میللەتان پێ نەکەوێ، بچنە دەرێ دەرێ حەیاتان دەچی. چونکی هەندەک نائیب چووبوونەدەرێ میللەت زۆری تێ هەڵدابوون، هاتبوونەوە ناو بینایەی مەجلیس گوێیان لە دەنگ و باس و قیژەی بووبوو.... جەنابی مەلا لەگەڵ محسن سەعدون گفتوگۆ دەکات حاڵەتی تەبیعی

تێکناچێت. محسن هەڵدەستی دەست دەداتە دەستی جەنابی مەلای دەڵێ: بەخوای بەغیرەتی، جەنابی مەلای دەفەرمووی، کەسێ کوردبێ، موسڵمان بێ، دەبێ بە غیرەت بێ[1]).

دیارە ماوەی کۆتایی ژیانیشی وەک دەگێڕنەوە بێ ئومێدی زۆری پێوە دیار بووە، گتوویەتی: هیچ سوودی نییە. دیارە بێ ئومێدیەکەشی لە کورد و ئەو دەوڵەتە نوێیەی، کە لە عێراق دروستکرابوو ئەو لە مەجلیسی دامەزراندن دابوو، بەڵام دواتر بێ ئومێد بوو لەوەی کە هیچ مافی بە کورد نەدا.[2] لەبارەی مەلای گەورە زۆر نووسراوە و زۆر وتراوە، بەڵام ئایا هەموو ئەم شتانەی لەسەر مەلای گەورە کراون شایستەی مەلای گەورەن، یاخود تەنیا باسێکە و بەس؟ یاخود وڕێنەیە و هەر لێی تێنەگەیشتووین؟ ئەو نوێگەری و ئیجتیهاداتانە چین، کە مەلای گەورە بێ ترس ڕای خۆی لەسەر گوتووە؟ ئایا مەلای گەورە خۆی دروستکرد، یاخود زەمانە و دەورووبەر کاریگەر بوون بۆ هاتنە کایەی؟ تۆ بڵێیت هۆکار چی بووبێت کە مەلای گەورە جیاواز بێت لە مەلاکانی سەردەمی خۆی؟.[3]

(سەردەمی مەلای گەورە سەردەمی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی بوو، واتە کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی بوو، تێکەڵبوون

---

[1] مێژووی جەلیزادە، نەجیبەخانی جەلیزادە ل ١١٧

[2] ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە/ نووسینی هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی ل ١٩٩

[3] پێشەکی دیمانەیەکی ڕۆژنامەی بەیان، کە لە ساڵی ٢٠١٣ لەگەڵ محەمەد مەسعود محەمەدی نەوەی مەلای گەورە ئەنجام دراوە. هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی جارێکی دیکە لە پەرتووکی ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە جارێکی دیکە بڵاوی کردووەتەوە ل ١٩٤

لەگـەڵ شارسـتانیەتی ئـەوروپا، وڵاتـە ئیسـلامییەکان بـە خۆیانـدا دەهاتنـەوە، زەمـەنێکی وا بـووە مـەلا و زانـا گـەورەکانی ئیسـلامی بەخۆیانـدا بچنـەوە، کـە سـەردەمی عەبـدولڕەحمان کـەواکیبی و محەمـەد عەبـدە و جەمالـەدینی ئـەفغانی بـوو، لەگۆمەڵگـەی کوردەواریدا ئەو کات لە هەموویان زیاتر کە بەدەر کەوتووە مـەلای گەورە بووە. دیارە مەلای گەورەش هەمان ئەو ڕەوتـەی گرتـە بـەر، من ناڵێم لە ژێر کاریگەری ئەو زانایانە بوو، بـەڵکو ئـەو لـە ژینگـەی خۆیەوە بە هەمان بارودۆخ کە کاتی خۆی دەیانگوت عوسمانییەکان تـا ڕۆژی قیامـەت حکوم دەکـەن و خەلافـەتی پێغەمبـەرن، دەرچـوو ئەمانـە هـیچ وانـەبوو و بـەرە و ڕووخـان دەڕۆیشـتن و خۆیـان ڕوویان لە تورکایەتی و فیکری ڕۆژئـاوایی بـوو، ئیدی گـەلانی ژێر دەستی عوسمانیش بەخۆیاندا هاتنـەوە. کەسـایەتی مـەلای گـەورەش لێرەدا وەک کەسێکی زۆر تایبەت هەڵکەوت لە کوردستان).[1]

هەرچەند مەلای گەورە تەواو لە عوسمانییەکان نائومێد بوو، بە لادەر لـە ئـایین وەسـفیکردوون، بـەڵام زۆریش دڵخۆش نـەبووە، بـە بەدیلەکـەی، کـە بەریتانیایـە. مـەلای گـەورە سـەرەتا بـا، بـەڵام دواتـر چـارەی ئینگلیـزی نەویسـتووە. لـە نامەکەیـدا بـۆ یاریـدەدەری ئەفسـەری سیاسـی بـەریتانیا بـە ئومێـدەوە دەنواڕێتـە حـوکمی بـەریتانی لـە ناوچەکـەدا، پێیوایـە خۆشگوزەرانی دەوێت بۆ خـەڵک. داوایان لێدەکات دادگەربن و هەموو خواستـەکانی کورد بهێننـە دی.

---

[1] دیمانەیەکی ڕۆژنامـەی بـەیان، کـە لـە سـاڵی ٢٠١٣ لەگـەڵ محەمـەد مەسـعود محەمـەدی نـەوەی مـەلای گـەورە ئـەنجام دراوە. هاوکـار عەبـدوڵڵا شـێخ وەسانی جارێکی دیکە لە پەرتووکی ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە جارێکی دیکە بڵاوی کردووەتەوە ل ١٩٥

داوای دانـانی حاکمێـک دەکـات لـە ناوخۆیـدا کـورد یـان حـاکمێکی ئینگلیـز یـان بێگانــە بەســەر کـوردا بچەســپێنن. دەشـڵێت ئەگــەر حکوومەتی بەریتانی دەستی یارمەتی بۆ ئەو گەلە درێژ نەکات هـەتا هەتایە دەچەوسێتەوە.[1]

دوای ئەو یاریدەدەری ئەفسەری سیاسی بەریتانی، نامەیەک بۆ ئەفسەری سیاسی بەریتانی لە هەولێر دەنێرێت و باس لەوە دەکات، کــە ســەردانی مــەلا محەمــەدی کــۆیی کــردووە، ســەبارەت بــە گەڕانـەوەی دەسـەڵاتی عوسـمانییەکان بـۆ کوردسـتان زۆر نیگـەران بووە، نایشارێتەوە ئاکاری تورکەکان دژ بەو فەرمایشـتانەیە، کە لـە قورئانی پیرۆزدا هاتووە.[2] بـۆ حکومـداری کوردسـتانیش پێشـنیاری (حەمــدی بــەگ) ی بابــانی کــردووە، کــە کــوردێکی ڕۆشــنبیر و کوردپەروەرە.[3]

مەلای گەورە هەر بەتەنیا لەبوارێکدا کۆششـی نـەکردووە، هـەر بەتــەنیا لەیــەک مەیدانـدا خزمــەتی نەتەوەکــەی نــەکردووە، بــەڵکو مەلایـەکی زانـا بـووە بەهـەمان جـۆریش شـاعیرێکی نیشـتمانپەروەر

[1] کورد لـە بەڵگەنامـەکانی بەریتانیدا/ نووسینی د. عوسـمان عـەلی، وەرگێڕانـی کامەران بابان زادە ل ١١٣

[2] هەمان سەرچاوە ل ١١٥

[3] ئەحمەد حەمدی بەگ، کوڕی محەمەد پاشـا، کـوڕی سـڵێمان پاشـا، کـوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابانە. ساڵی ١٨٧٠ لە دایکبووە، دوای ئەوەی حکوومەتی ئێــراق لە ١١/ تشــرینی دووەمــی/١٩٢٠ بە ســەرۆکایەتی "عەبـدولرەحمان نەقیب" پێکهات داوا لە کۆمەڵێک کەسایەتی کرا ببن بە وەزیر یەکێک لەو کەسانە حەمدی بەگ بوو، ئەو داوەتنامەکەی ڕەد کردەوە، چونکە هەرگیز گەرەکی نەبووە کوردستانی باشوور بەشێک بێت لە ئێراق، تەنانەت لە کەرنەڤاڵی تاج لە سەرنانی مەلیکدا بەشداری نەکرد. **توێژەر**

بـــووەو لەســـــەرجەم بوارەکـــانی کوردایـــەتی و کۆمەلایـــەتی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت و هـەژاران و هاوکـاریکردنی خوێندنی زانستی و دادپەروەریدا جێپەنجەی دیاربووە. مەلای گەورە کەسێک بـووە بـەئاگابوو لـە دنیـا و سـەردەمەکەی دەووروبـەری خۆیـدا، کتێبخانەی مەلای گەورە دەوڵەمەندبوو بە هەمەجۆری بوارەکان.

# تەوەری هەشتەم:

## ئەو كتێبانەی، كە كاریگەرییان لەسەر مەلای گەورە داناوە

پەیوەندی کتێب بە بنەماڵەی جەلیزادە، ڕایەڵەیەکی لە مێژینەیە. خانەوادەیەکی ئاوها هەر لە کۆنەوە پەیوەست بە زانست و کتێب و خوێندنەوە بوینە. مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت ئاسان نییە بوون بە شت، بەشێک لە زانایان پێیانوایە ژینگە و جینات و کرۆسۆم ڕۆڵێکی گرنگ لە دروستکردنی مرۆڤ دەبینێت، خوێن و مەعریفەی بۆماوەیی یەکێکە لەو میکانیزمانەی، کە یارمەتی ژیری دەدات. مرۆڤی ئاوەزمەند جگە لەو بەهرە و توانا و قابیلییەتە زاتییەی، کە خودای جوانکار لە ناخ و هۆش و بیریدا چاندوویەتی، چەندان هۆکاری دیکەیش هەن، کە یارمەتی بەزیندوو ڕاگرتنی مێشک و ئەندێشەی مرۆڤ دەدات. بەشێکی دیکە لە زانستخوازان پێیانوایە مێشکی ئێمەی مرۆڤ یەک سۆفت وێرە، هەرچی زانست و زانیارییە تێیدا خەزنکراوە وەک یەک بێ جیاوازی، کاتێک خودای تاقانە لە بارەی ئادەمەوە دەفەرموێت ( **وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا**).[1] ئەوە تەنها بۆ ئادەم نییە، بەڵکو ئێمەیش فێرە ئەو ناوانە بوینە یانی خودای بێهاوتا ئەو زانست و زانیارییەی، کە بە "ناوەکان" ناوی بردووە لە مێشک و موغی هەموو بەنی ئادەمێک داناوە، بەڵام هەر یەکە و بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەو سۆفت وێرەدا دەکات، هەیە

[1] سورة البقرة : ئاية ٣١

بەکاری دەهێنێت و هەیە کەم یان هەر بەکاری ناهێنێت، گرنگ لە زانست و توانا و بەهەرەدا هەموومان یەک مستەواین. شتێک نییە بەناوی گەشەی عەقڵ، ئەوەی هەیە ئەزموونە، ئەزموونیش یارمەتی مێشک و ئەندێشەمان دەدات تا شتمان بەبیربێتەوە ئەوەی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مرۆڤ بەدەستی هێناوە ئەوشتانەن، کە بەبیری هاتووەتەوە، نەک خۆی بەرهەمی هێنابێت. مێشکی مرۆڤ شت خەڵق ناکات، لە نەبوونەوە شت دروست ناکات، ئەوە ئیشی عەقڵ نییە، عەقڵ ئامێرێکە بەهۆی بەریەککەوتن و ڕوودا ئیدی شتی بیر دەکەوێتەوە و بیردەچێتەوە یانی ئەوانەی، کە دەیزانین بیرمان کەوتووەتەوە، ئەوانەی، کە لەحاڵی حازردا نایزانین و خودا خۆی دەزانێت کەی بیرمان دەخاتەوە ئەوەیە، کە تا ئێستا بیرمان نەهاتووەتەوە. زاینین و زانیاری ئەوشتانەن، کە خودای تەعاله هەر لە ئەزەلەوە فێری ئادەم و ئادەمیانی کردووە، چونکە ناکرێ ئادەم شتێک بزانێت و ئێمە نەیزانین، لەکاتێکدا یەک جەوهەر و یەک مەعدەنمان هەیە. پێغەمبەری ئازیزمان دەفەرموێت (**كلُّهُمْ بَنُو آدمَ وآدَمُ خُلِقَ من تُرَابٍ**).[1] ئەوەیان، لە ڕووی بەهای ژێرییەوەیە. هەرچەند لە ڕووی فیزیک و فسیۆلۆژیەوە جیاوازیمان هەیە، ئەوە پەیوەندی بە خەڵقەتەوە هەیە، ئەکتیڤی هەستەکانمان، جودایی ڕەنگ و جنس و هتد ...

بەڵام جگە لە هەموو ئەو کتێبانەی، کە هەوڵدەدین لەو بەشە یاداشتی بکەین تاکە کاریگەر لەسەر فیکر و ئەندێشەی مەلا گەورە

---

[1] الراوي : أبو هريرة | المحدث : الترمذي | المصدر : سنن الترمذي الصفحة أو الرقم: ٣٩٥٥ | خلاصة حكم المحدث : حسن غريب
التخريج : أخرجه الترمذي (3955)

باوکی بووە، مەلا عەبدوڵلا کە بە ئەبو محەمەد الحاج الغازی.[١]
ناسراوە بە مەلا عەبدوڵلا ئەفەندی جەلیزادە. پلە و ئاستی زانست و زانیارییەکانی باوکی لە بواری شەرع و فقە و نەحوو صرف و زانستی حەدیس و تەفسیر و هتد.... مەلای گەورەی بەتەواوی بەخۆی سەرسامکردبوو. جگە لەوە لەسەر وەسییەتی باوکی هیچ نووسینێکی بە سووک سەیر نەکردووە. دەڵێت: بابم ئەیفەرموو ڕۆڵە قەت نووسراوت لا سووک نەبی هەرچی بی موتالەعەی کە ئیستیفادەی لیَ ئەکەی. لەم وەسیەتە بە قیمەتەی بابم زۆرم ئیستیفادە کرد.[٢] سەبارەت بە بلیمەتی باوکی دەڵێت: باوکم موجەدیدی قەڕنی چوارەمینی هیجری بوو، بەڵام لە زاویەی کۆیە بە زایەع چوو، ئەگەر لە جێیەکی وەکو (میصر) بووایە، نەفعی ئەو بۆ ئیسلام لە ( محەمەد عەبدە) زیاتر بوو.[٣]

یەکێک لەو کتێبانەی، کە سەر و سەودای باشی لەگەڵیدا هەبوو ئینجا شارەزایەکی گەلە باشیشی لەسەر پەیداکردبوو، باش باش تێیگەیشتبوو، ئەویش پەرتووکی گوڵستانی سەعدی شیرازییە.[٤] ڕۆژێک مەلا عەبدولحەکیم دێتە مزگەوت تا دەرسی گوڵستان لای

---

[١] لەقەبی "الغازی" واتە غەزاکەر، ناوبرا و بەشداری غەزای نێوان عوسمانییەکان و ڕوسی کردووە. بیرەوەری ڕوانینەکانی مەلای گەورە/ د. هێمن عومەر خۆشناو ل ٤٣

[٢] هەمان سەرچاوە ل ٧٩

[٣] ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە/ نووسینی: هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی ل٧٥

[٤] شاعیر و متەسەوفێکی ئێرانییە، لە سەدەی حەفتی هیجری ژیاوە. خاوەنی چەندان پەرتووکە، گوڵستان یەکێکە لەو کتێبە دیارانەی، کە مەلاکانی کورد لە مزگەوتەکان دەیانخوێند. **توێژەر**

مـەلا عەبـدوڵڵای بـاوکی مـەلا گـەورە بخـوێنێ، مـەلای گـەورەیش ئیجازە لە باوکی وەردەگرێت تا خۆی دەرسەکەی بۆ شـەرح بکات، بـاوکی هەرچەنـد سـەرەتا دوو دڵبـوو، بـەڵام وتـی: سـەرەتا لەبـەر چـاوی مـن هەنـدێک دەرسـەکەی بـۆ شـەرح بکـە ئەگـەر ڕام لێبـوو، ئینجا بەردەوام. بە پێیی گوتم جارێ هەندێ موتـاڵایێ بکە؟ وتـم نـا پێویسـت ناکـا. مـەلای گـەورە دەگێڕێتـەوە، کـە لـە حـوزوری مـەلای باوکم دەرسەکی چاکم پێگوت.[1]

(لـە یـەکێ لـە گەشـتەکانی بـۆ شـاری بەغـدا لـە میوانخانەیـەک تووشی کەسـێکی ئاییـنداری هیندۆسـی دەبـێ، ڕۆژی دووجـاران بـۆ نوێژکردن ڕوو لە مەشریق و مەغریب دەکات. دەڵێت: پێم گـوت بـۆ ڕوو ئەکەیتە مەشریق و مـەغریب؟ لـە وەڵامـدا گـوتی: ئێمـە خـۆر نـا پەرسـتین، بـەڵام لـە کـاتی هـەڵاتن و ئاوابوونـدا ڕووی تێدەکـەین؟[2] ئەو نوێژە بۆ ئەوەیە تا لە خزمەت خودا شاهیدیمان بۆ بدات. گوتم: عەجەبە ئێوە بـە چـی ئـەزانن؟ خـۆر عیلمـی هەیـە و ئاگـاداری حـاڵی ئێوەیە. سەنەدتان لێ وەرگرتووە، کە ئـەدای شـاهادەت لـە خزمـەت خودا بکا و ئەگەر ئـەدای شـەهادەتی نـەکرد، ئـەوکات چـی؟ عەجـەب خودا نازانێ، کە ئێوە عیبادەتی ئەو ئەکەن؟ کـە وام گـوت تەماشـای

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ١٩

[2] لە یەکێ لە وتارە دەنگییەکانی مامۆستا ناسری سوبحانیدا، ١٩٥١ - ١٩٩٠ ، ئایینناسێکی کوردی خۆرهـەڵاتی کوردسـتانە، کـە بیـرم دێ سـاڵی ١٩٩٣ بـوو، لەبارەی ئەو جۆرە نوێژ و عیبادەتەوە لە قورئـان دەیفـەرموو، بـەیانیان پێش خۆرهەڵاتن و ئێواران پێش خۆرئاوابوون دەبێ بـەدیار هـەڵاتن و ئـاوابوونی خۆر بووەستین لە شێوەی نوێژکردنێک تا بزانین و ببینین چۆن ئەو ئینقلابـە کەونییە ڕوودەدات و چۆن شەو و ڕۆژ دادێ. تا لە گـەورەیی خـۆدا تێبگـەین. دەیوت ئەوە نوێژێکە، کەم موسڵمان ئاگادارییەتی. **توێژەر**

کردم ئاوی له چاو هات، گوتی: چی بکەین وایان پێ گوتووین.[1])

پەرتووکی "فصوص"[2] یەکێکی دیکەیە لەو کتێبانەی، کە مەلای گەورە زۆر بە وردی خوێندوویەتییەوە و بە باشی تێگەیشتووە.[3] کتێبی "اظهار الحق"[4] مەلای گەورە زۆر سەرسامی بووە. دەڵێت: ئەو نووسەرە تەصنیفەکی کردیە دائیر بە ئیسپاتی تەحریفی تەورات و ئینجیل، ئیسپاتی نەسخی تەحقیقی موبەششیرات. حەققەن شایەنی موتالەعەیە.[5] مەلای گەورە جگە لەو کتێبانەی، کە نووسەرەکانی موسڵمانن، هەوڵیداوە بەباشی ئەو نووسەر و کتێبانەی غەیرە موسڵمانیش بخوێنێتەوە و سەرنجی خۆیانی لەسەر بنووسێت. لە بارەی نووسەری ئیرلەندایی جۆرج بەرنادشۆ.[6]

دەڵێت: کاتبی شەهیری ئینگلیزی لە هیند نوتقێکی دابوو، خیتاب بۆ شوببانی تەلامیزی مەداریس، وتبووی: زۆر ئاگاداری عەقڵی خۆتان بن! ڕوئەسای مەداریس بە غەیری ئەمە عەقڵی فیترپیتان لێ نەزع نەکەن. عەقڵێکی دی بە ئارەزووی خۆیان بهاوێتە دەماغتان،

---

[1] تەفسیری کوردی، نووسینی: مەلای گەورە بەرگی ١ ل ١٦٧

[2] مەبەست لە کتێبی (فصوص الحكم)ی ئیبن عەرەبییە، (٢٢٨) لاپەڕەیە، ئیشکردنە لە بواری تەسەوف. ناوی تەواوی (محی الدين محمد ابن العربی الحاتمی الطائی الاندلسی لە ١٢٤٠- ١١٦٥ز ژیاوە. **توێژەر**

[3] هەمان سەرچاوە بەرگی ٢ ل ٦٢

[4] لە نووسینی ڕەحمە اللە هیندی کەیرەوانی کوڕی ڕەحمانە. زانایەکی ناوداربووە، لە ساڵی ١٨١٨ لە دایک بووە لە ١٨٩١ مردووە. **توێژەر**

[5] تەفسیری کوردی، مەلای گەورە بەرگی ١٠ ل ٨٧

[6] جۆرج بەرنادشۆ ١٨٥٦ – ١٩٥٠ نووسەر و شانۆنامەنووس، لە ساڵی ١٩٢٥ خەڵاتی نۆبڵ و لە ١٩٣٨ خەڵاتی ئۆسکاری لە ئەدەبیات وەرگرتووە. **توێژەر**

هیچ مەقسەدی تریان نییە.[1] لە بوارەی پزیشکی و زانایانی ئەو بووارەیش شارەزایی هەبووە موتاڵەعەی کتێب و ڕاو سەرنجەکانی لەسەر زانستی پزیشکی کردوون. لە تەفسیرەکەیدا دێتە سەر پزیشکێکی بواری منداڵان، دکتۆر هارتومان.[2] دەنووسێت: لە مەجەلەی (کل شیء) ی میصری عەدەدی ٤٣٧ ڕۆژی چوارشەموو، یەنایەر دەی ڕەمەزان ٢٤ی سەنەی هیجری ١٣٥٣، سەنەی میلادی ١٩٣٤ صەحیفە ٢٥، بە عینوانی ( حاسة واحدة أم خمس حواس) دەڵێ: بێنی خۆش و مۆسیقا تەقویەی بەصەر دەکەن، ئەنەهو سوئال دەکا، سەبەبی چییە ئەگەر گوێت لە شتێ خۆش بوو تەئسیر لە بەصەر دەکا؟ پەسیو تەئسیر لە بەصەر و سەمع دەکا، چاو گوێ ئێشان تەئسیر لە قووەتی شاممە دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک مەرکەزی خاصی خۆی هەیە لە مێشک، کەس حەللی نەکردیە تاکو دکتۆر هارتومان ئەو نەزەریەی دانا، دەماغ موستەودەعە بۆ قووەی فیکر و خەیاڵ و ئیحساس، زاهیرەن مونقەسیمە، ئەمما لە باتین و حەقیقەتدا تەقسیم نییە! بەڵکەیەک مەتبەعیان هەیە! قووای زهنییە لەوێڕا فەیزان دەکا، لەلای ئەو مەرکەزە موعەیینە تەییاراتی حەواس لە ئەعزای حەواس، بەصەر و سەمع و شەم و زەوق و لەمس، تەلاقی دەکەن. سروور لە تەقویەی خوا زۆر دەخلی هەیە، حەتتا لە کوردیدا دەڵێ: ئینسان بە گوێ قەڵە و دەبێ، یەعنی بە قسەی خۆش! وە قووای عامیلەش بە

---

[1] هەمان سەرچاوە بەرگی ٤ ل ٣٦

[2] ئەلیکسیس فرانک هارتمان، پزیشکی بواری منداڵان بووە لە سویسرا، لە ساڵی ١٨٩٨ لە دایک بووە و لە ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە. **توێژەر**

قووەت دەبیٚ، هاضمه و غازیه و نامیه، تەئسیریان زیاد دەبیٚ.[1]
جگە لەو کتێبانە چەندان پەرتووک و نووسەری دیکە هەن، لە ڕووی زانست و زانیارییەوە کاریگەرییان لەسەر مەلای گەورە داناوە .

[1] هەمان سەرچاوە بەرگی ٥ ل ٣١

# تەوەری نۆیەم:

## مەلای گەورە و چاکسازی کۆمەڵایەتی

## بە ڕێگەی شیعرەوە

له قۆناغی ژیانی مەلای گەورە، شاری کۆیە نێوەندێکی پڕ بایەخی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بووە. بنەماڵەی مەلای گەورە بە تایبەت مەرحووم مەلا عەبدوڵای باوکی هەم ئەدەب دۆست و شاعیربووە، هەمیش نزیکایەتی لەگەڵ شاعیرانی سەردەم وبەتایبەتی لەگەڵ حاجی قادری کۆییدا هەبووە. ئەو دۆخە بۆ مەلای گەورە دەبێتە وێستگەیەکی دەوڵەمەندوو ئاشنایەتییان لەگەڵ شاعیران و حاجی قادری کۆیی دەرگا بە ڕووی ئەدەب شیعر بۆ مەلای گەورەیش ئاوالا دەکات. حاجی بە شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانی ناسراوە، بەڵام مەلای گەورە دوو دەروازە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی کۆمەلایەتی ئەو ساکەی کورد بەکار دەهێنێت، زمانی ئایین و ئەدەب. مەلای گەورە بە ڕێگەی توانجە شیعرەکانییەوە نەقدی خووە خراپەکانی کۆمەڵگە دەکات و وەک دیاردە لەسەریان دەوستێت و ڕەخنەیان لێدەگرێ و ئامۆژگارییان دەکات. لەگەڵ ئەوەیشدا هەوڵی چاکسازی کۆمەلایەتیش دەدات. سڵ لە هیچ دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵگەی کوردی ناکاتەوە، ورد ورد لەسەر جومگە و تەوەرەکانی دەوەستێت و بە شیعر و وتار و چیرۆک و پەند ئامۆژگارییان دەکات. ڕێگە خراپەکان پێنیشان دەدات و چارەسەریش دەدۆزێتەوە. بەرهەمی شیعری مەلای گەورە هەمووی دەچێتە ناو شیعری میللییەوە، لەسەر هەر کێش و

قافیـەک دانرابـێ. لـە ڕووی ڕووخســار و ناوەڕۆکـەوە ئـەدگار و شـەقڵی شـیعری میللیـی حـاجی قادریـان پێوەیـە. لـە خوێندنـەوەی شـیعریدا ئەگـەر کەسـێک نـەزانی شـیعرەکە مـەلا محەمـەد داینـاوە- بەتایبەتی نازناویشی نییە، بە شیعری میللی فۆلکلۆری بێ خاوەن حسـێبی دەکـا. زمـانی شـیعری مـەلا محەمـەد ئاسـان و سـاکارە، وشـەکانی لـە زمـانی قسـەکردنی نـاو خـەڵک وەرگیـراون. ڕسـتە و تەعبیری زیاتر دەشکێتەوە سەر دیالێکتی ناوچەیی کۆیە.[١]

لە یەکێ لە ئامۆژگارییەکانیدا دەڵێ:

**قسێکت بۆ دەکەم چاکی بزانە**
**قوبووڵی کە بەبێ عوزرو بەهانە**
**لەسەر زارو زمانان گەرچی سووکە**
**لە میزانی حەقیقەت زۆر گرانە**
**بە خێری خۆت بە خەڵکی ڕاگەیێنە**
**هەتا زاهیر بێ ئەو ئەسیرری نیهانە**
**هەتاکو ئەهلی شار و دشت و لادێ**
**خەبەردار بن لە ئەحواڵی ئەوانە**
**بۆ خۆت ئەحواڵی لادێ چاک دەزانی**
**یەکێ جووتیار یەکێکی بەرخەوانە**
**فلان ئاودێرە ئەوەیان عارد دەکێڵێ**
**شوانە ئەو ئەویتریان سەپانە**
**خەریکی کاروبار و جووت و شوانی**
**لە فێڵی فێڵکەران ناشارەزانە**

---

[١] مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەرگی پێنجەم ل ٣٧٩ – ٣٩٥

**مەلاییێکیان هەیە سندانی لێدا**

**نەخوێندە و ئەحمەق و پووچ و نەزانە**

**وەکو کەر گڕ دەخوا دائیم لە دێدا**

**بەڕاستی پان دەڵێی مالمی جووانە**

**ئەویش بۆ شێخ وەکو کەلبی موعەلەم**

**بەدەم کەوێشکی بۆ دەگرێ لەلانە**(١)

بە زمانێکی ئاسان و ئاسایی لەگەڵ ڕەنجبەر و جووتیاری دەشت و خەڵکی کرێکار و هەژارانی شار قسە دەکا و بەسەرهاتی نالەباری خۆیانیان بۆ دەگێڕێتەوە. لە کار و کردەوەی کۆلکە مەلا دەدوێ و توانج لە شێخی فێڵباز دەگرێت و دەروێش و موریدانی شێخ بە ئاگا دێنێتەوە.

وەک ئاشکرایە زۆربەی هۆنراوەکانی مەلای گەورە کۆمەڵایەتیین و داوای لە خەڵک کردووە، کە خەریکی خوێندن بن و دەست لە سۆفییەتی و دەروێشی و دەمارگیری و نەخوێندەواری هەڵگرن و گوڵی ئەم و ئەو نەخۆن و هەتا دەتوانن بۆ بەهرە وەرگرتن لە زانست هەوڵدەن و فێری پیشەسازی و هونەر بن و بە گوێرەی زەمان ژیان بەرنە سەر.(٢)

مەلای گەورە بۆ کوردان دەڵێ:

**هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم**

**عیلاجیان چۆنبکەم هاوار بەماڵم**

**بەزۆری جاهل و نەخوێندەوارن**

**لەلای نەوعێ بەشەربێ قەدرو خوارن**

---

(١) هەمان سەرچاوە

(٢) مێژووی وێژەی کوردی، نووسینی: سدیق بۆرەکەیی. بەرگی دووەم ل ٧١٩

**کەسێ قەدری لای خزمان نەمێنێ**
**لەلای بێگانە قەدری چی دەمێنێ؟** [1]

مـەلای گـەورەی شـاعیر، وەک زانایـەکی ئـایینی چاکـەخواز و شـاعیرێکی نیشـتمان پـەروەری بـە جـەرگ و سیاسـەتمەدارێکی ئەوسـای کـورد. ڕۆژانـە لەسـەر ئامۆژگـاری کردنـی ڕۆڵـەکانی میللەتەکـەی دەڕۆیشـت و ئەنجومـەنی تایبـەتی خـۆی و مینبـەری مزگـەوتی گـەورەی کۆیـەی کردبـوو بـە قوتابخانەیـەکی زانسـتی و ڕووناکبیری و دەسـتە بـە دەسـتەی خـەڵکی شـار و مەڵبەنـدەکانی دەوروپشـتی، وانـەی چاکسـازی و نیشـتمان پـەروەریی لێـوە فێـر دەبوون .[2]

| | |
|---|---|
| **مەلا ئەگەر مەلا بـــان** | **میللەت بۆ وای لێدەهات** |
| **ئەوروپایی چی دەکرد** | **لەسەر قیتعەی ڕۆژهەڵات**[3] |

شاعیرییەتی مەلای گەورە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە شاعیرە یان هونەریانە مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و شیعر و زمان و تەکنیک و وێنەدا دەکات. شاعیرییەتی مەلای گەورە بۆ کێشە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئایینیی و نەتەوایەتی دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەو کێشـانە نەبوونایە ڕەنگـە پـەنای بـۆ شـیعر نـەدەبرد. هەرچەنـدە نایشـارێتەوە، کـە لەسـەرەتای هەرزەکارییـەوە خولیایـەکی زۆری بـۆ شـاعیر بـوون هەبووە، بەڵام نەیتوانیوە بەسەر ئەو زمانە شیعرییەدا زاڵ بێت، کە شاعیرەکانی دیکە هـەیانبووە. ئەوەیشـی درکاندووە، کە شـاعیرێکی

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] نووسـینێکی مامۆسـتا کـەریم شـارەزایە، لـە ژمـارە ٢٣ی گۆڤـاری (ڕۆڤـار) تشرینی دووەم ساڵی ٢٠١٢ بڵاوبووەتەوە.

[3] هەمان سەرچاوە

خراب بووه، ئەوه لە ڕووی هونەری شیعرییەوە. لەلایەکی دیکە تێنەگەیشتن و کەمتەرخەمی قەومی کورد بە هۆکارێکی دیکە دەزانێ، کە وایکردووە لە شیعر نووسین بێزار بێت و خۆزگە بەوە بخوازێت، کە هەر شیعری نەنووسیایە؟!. مەلای گەورە بۆ شیعر نووسین بەدوای زمانێکی سادە دەگەڕا تا لێیەوە ئامۆژگاری میللەتەکەی بکات و لە نەهامەتی و دواکەوتن و خراپەکارییەکان ئاگاداریان بکاتەوە، شیعر لای مەلای گەورە وەسیلەیە نەک ئامانج وبوون بە شاعیر، وەک ئەوەی لای نالی و مەحوی و گۆران و هتد.... دا هەبووە. یانی ئەگەر ئەو هەست و مەهام و بڕوایانەی مەلای گەورە نەبووایە بۆ چاکسازیی و پەرۆشی ئەو بۆ چاککردنی کۆمەڵگە، ڕەنگە ئێمەیش تاقەتی ئەوەمان نەبووایە شیعرەکانی بخوێنینەوە، کە هیچ هونەر و تەکنیک و وێنەسازیی و جەمالیەتێکی تێدا نییە؟!، بەڵام کاتێک پەرۆشی ئەو بۆ خاک و نەتەوە و خەڵک و ئایین و ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی کوردی دەبینین، ئێمەیش بە ڕێزەوە سەیری شیعرەکانی دەکەین. لێرەدا وەنەبی مەلای گەورە شارەزایی لە ئەدەب و شیعر و شیعری شاعیرانی کورد و دونیا نەبووبێت، بە پێچەوانەوە بەڵگەی زۆر هەن، کە زۆر شارەزای ئەدەب و شیعر و شاعیرانی جیهانی و کورد بووە. بەشی زۆریانی خوێندووەتەوە و قسەی لەسەر کردوون یان ناوی هێناون.[1] هەرچەندە بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە، وەک ئەفلاتوون ئەویش

[1] ئەوە ڕاو سەرنجی توێژەرە لەسەر ئەزموون و کارە ئەدەبیەکانی مەلای گەورە، لەبارەی شیعر و شاعیریەتییان. تێگەیشتنی خۆیەتی سەبارەت بە دۆخی هۆنراوە و شیعرەکان، لە ڕووی شیعرییەوە. **توێژەر**

ڕەخنەیان لێدەگرێ، کە بووەنەتە دەربار و شایەر.[1] بەشێکیان، هەمیشە لەبەر دەرگای میر و سەرۆک و دەسەلاتداران وەستاون و خۆیان و شیعریان بۆ پارە، فرۆشتووە؟!

مەلای گەورە لە بەرگی حەفتەمی تەفسیرەکەیدا، لە لاپەڕە ٥٨ بەو شێوەیە باسی شاعیران دەکات:

لە افاک ی اثیم، مهبط وحی شیاطون شوعەران، دیارە خۆیان مضلن ئەتباعیان ضالن، گومراهن، هائیم و موتەحەییر و بێ مەسلەک و بێ مەبدئو بێ غایە، هەتکی ئەعراض، قەدحی ئەنساب، زەممی ئەشراف، مەدحی ئەجلاف، موبالەغاتی درۆ، بێ ئەنداز ئەکەن. ئەو شوعەرایانە بوون، مالّ و دەولّەتی ئەمەوی و عەباسییان بە قوڕێ گرت. خەزێنەی حکومەتیان چۆل کرد، سازندگی وەکی ئیبراهیم بن ئیسحاق موصلی[2] میراتی سێ ملیۆم دینار بوو، ئیمامی شافعیش بە قەرداری مرد. ئەو حکومەتانە ئەژیەن؟ خۆیان ئەوەندە ڕەزیلانە و سفیلانە جولانەوە صونعەتی شیعریشیان بێ قیمەت کرد، ئەمرۆ زاتەکی مەدح دەکەن، سبەی هەجوو. عەجائیب لە پیاوە گەورەکان، کو پێیان خۆش بووە مەدحیان بکەن؟ ئەیانزانی مەدحیان بۆ جەلەبی مالّە، نە بەیانی حەق، خەلّقیش نەیزاتی ئەوان. خولاسە سەییئاتی شاعیران –

---

[1] دەربار– شایەر بەو شیعر و ئاعیرانە دەگوترێت لە بۆنە و یادەکاندا لە بەردەم پاشا و میر و دەسەلاتداران بۆ وەرگرتنی پارە و دەستە خۆشانە شیعر بە بەژن و بالای پاشا و دەسەلاتەکەیدا هەلّدەدەن. بەشێک لەو شاعیرانە لە کۆندا وێنەیەکی ناشیرینی شیعر و شاعیربوونیان نیشانداوە، بۆیە مەلای گەورە بەو شێوەیە باسیان دەکات. **توێژەر**

[2] ئیبراهیم موصلی ٧٤٢ – ٨٠٤ ناودارترین مۆسیقاژەنی عەرەبە، لە کوفە لە دایک بووە و لە بەغدا مردووە. **توێژەر**

خصوص له ئیسلامەتی – نایەتە تەعداد. ئەفلاتوون[١] زۆر لە دژی شاعیرانە، ئان زیادە ئەوانەی بە خەیاڵ ئالیهە ئیعتیبار ئەکەن، وە شەڕیان ئەهاوێتە بەین، ئەفەرموێ: ئەمە زۆر خراپە بۆ عەوام، ئالیهە لە نەزەر وان مەبدەئی سەعادەت و خەیرن، کە ئەوان بە شەر بێن، ئکدی بکوژن، ئینسان ئەبێ چ بکا؟ گوێ لە شێخ ڕەزا[٢] کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان و برای شێخ عەلی تاڵەبانی چ بە خۆی ئەکا لەگەڵ هەتیوە بۆلغاری، تا ئەچێتە لای ئەحمەد پاشای بابان شتەکی بداتێ. حق الانصاف ئەحوال و ئەتوار و مەسلەک و غایەت و دەعوەتی موحەممەدی نیسبەتی لەگەڵ کەس نییە. لەسەرامەدانی صلاح (فکیف) لەگەڵ کاهین و شاعیر و کلی نانی؟

کورد تا گەیشتە دەوری نالی[٣] بە کوردی شیعریان نەبوو، لە (وەتیرە)ی شیعری عەرەبی و فارسی بەندی شاییان هەبوو: خزمینە گوێ و لەمن بی، بۆو دەکەم مەدحی یاری! بەلاوک یا غەیری تەرزی لاوک بەعزە وەقائیعیان ڕێک ئەخست، چ حەڕب – وەکی دمدم[٤]. یا عیشق، وەکی مەم وزین[٥] و برایمی مەلا زێندینان

---

[١] ئەفلاتون، ٤٢٣–٤٢٩پ. ز – خاوەنی پەرتووکی کۆمارە، کە لە کتێبەکەیدا شاعیران دەخاتە دەرەوە. **توێژەر**

[٢] مەبەست لە شێخ ڕەزای تاڵەبانی ١٨٣٧–١٩١٠ شاعیرە. **توێژەر**

[٣] مەبەست لە مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلی ناسراو بە نالی یە ١٨٠٠–١٨٥٦ز. **توێژەر**

[٤] مەبەست لە داستانی قەڵای دمدمە، کە بە حیکایەت لە فولکلۆری کوردیدا گێڕاویانەتەوە، لەسەردەمی خانی لەپزێڕیندا بنیاتراوەتەوە. نووسەر عەرەبی شەمۆ بەشێوەی ڕۆمان ئەو داستانەی یاداشتکردووە، شوکور مستەفا کردوویەتی بە کرمانجیی خواروو، هێمن موکریانی پێشەکی بۆ نووسیوە. **توێژەر**

[٥] مەبەست لە داستانی مەم و زینی ئەحمەدی خانی یە، ١٦٥١ – ١٧٠٦ز. **توێژەر**

و قەل و گوڵەزرد و ناسر و ماڵ ماڵ[١]. ئی بەڕاستی مۆسیقی و غەرامی بێ حەیرانی ئێمەیە. واقیعەن بە شیعری تاگور[٢] و سائیری ئەوروپاییان ئەچێ، بەندەکی کورتە. ئێکی درێژە، ئێکیتری وەسەتە، بەندی ئەحمەدی کۆر،[٣] مەیلی تەسەووف ئەکا، شاعیری میللیمان غەیری حاجی قادر[٤] نییە، منیش بەعزە ئەشعارم دانا، لە سۆزی دڵم، بۆ کوردان و ئیتاعەیان بۆ موتەشەییخان. مع الاسف بۆ من زەرەر بوو، ئەوانیش نەفعیان لێ نەدیت!

**من یەقەی خۆم لە بۆیە دادەڕم ئێوە نابن بە هیچ و من دەمرم**

حەقیقەتەن کورد نابن بە هیچ، ڕووحیان نەماوە، وەکی ئەشباحی سینەما دێن و دەچن. من لە ئەوائیلی عومرم حەزم لە شاعیری بوو، ئەمما شتێ بوو بە مانع، ئارەزووم ئەکرد، لە ئیبتیدای کاری شیعری دەقیق و پڕ مەعنا و ئابدار، وەکی کەلیم[٥] و صائیب[٦]و

---

[١] ئەمانە چەند بەیتێکی فۆلکلۆری کوردین و بە شێوەی حیکایەت و لاوک و سەربردە و شیعر و پەخشانیش دەگوترێن. **توێژەر**

[٢] تاگوور ١٨٦١ – ١٩٤١ ز، شاعیرێکی هیندییە، شیعرەکانی بە زمانێکی ئایینی و نیشتمانی نووسراون، لە ساڵی ١٩١٣ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. **توێژەر**

[٣] حاجی قادری کۆیی لە بارەی ئەحمەدی کۆر دەڵێت: لە شاری سابلاخە و بەیتێکی داخە بەیتێکی باخە. **توێژەر**

[٤] حاجی قادری کۆیی ١٨١٧-١٨٩٧ز، شاعیر و بیرمەندێکی بەناوبانگ و نەتەوەخوازی کورد بوو. **توێژەر**

[٥] کەلیم، ساڵی لە دایک بوونی نادیارە، شاعیرێکی هیندی/ فارسییە، دیوانێکی تایبەت بە مەسنەوییات داناوە، کتێبێکیشی بەناوی (پادشانامە) لە سەردەمی ئیمپراتۆری مەغۆل نووسیوە. لە ١٦٥٠ز مردووە. **توێژەر**

[٦] میرزا محەمەد عەلی ناوسرا و بە "صائیب" ١٦٠٣ – ١٦٧٧ز، بە یەکێک لە ناودارترین شاعیرانی ئێرانی دادەندرێ. **توێژەر**

کەمال[1] ی هیندی دانێم، ئەمەش مومکین نەبوو، مەیلەکەم داکەوت، کول بوو قووەتی نەساند (لله الحمد). بابم شیعری خۆشی هەبوو فارسی و کوردی، بە مندالّی شیعری بۆ دادەنام، تەشویقی ئەکردم لەسەر خوێندن:

**عەزیزی ڕۆژ و شەو بۆ خۆت بخوینە**
**لەناو گێژاوی جەهلدا مەمینە**
**لە دونیادا عەمەل تەحصیلی عیلمە**
**ئەوی عیلمی هەبێ دائیم بە حیلمە**
**مەلازادەی نەخوندی میسلی سەگسار**
**دەبی هەر هەڵپەڕی وەک سەگی هار**
**قول و قاچی موسڵمانان دەرێنی**
**لە سفرەی زاڵمان نانی ڕفێنی**

ئەگەر ئەشعاری کۆکراباوە دیوانێ ئەبوو.شوعەرای ئەوروپایی ئەمڕۆ، ڕوو لە حیکمەت و هیدایەتی ئوممەت ئەدەن، تەشویقیان بۆ مەصالیحی دەوڵەتی ئەکەن. ئەوی حیکمەت و عیلم و عیرفان نەزم نەکا، ڕۆحی حەماسەت و شەجاعەت و مەجد و کەرەم کاری بهاوێتە دەماغی قەوم، حەقیقەتەن شایانی تەبجیلە. لای خواش بە حورمەتە. ئەمانەن خوا ئیستیسنایان ئەکا ( الا الذین امنوا ......) تەبیعی ئەوانە هەجوو ناکەن، مەدحیش بکەن بە ئەندازە ئەیکەن (وانتصروا من بعد ما ظلموا ) بالمقابلە ئەمما تەجاوز ناکەن لە میقداری حەقیان. زەواتێ عیزام شیعریان دانایە، ئەبوبەکر[2] و

---

[1] کەمالەدین ئیسماعیل بە کەمال ئەصفەهانی ناسراوە، ساڵی لە دایک بوونی نادیارە، لە ١٢٣٧ بەدەستی لەشکری مەغۆل کوژراوە. **توێژەر**

[2] مەبەست لە پێشەوای موسڵمانان، ئەبووبەکری صدیق ە، مەلای گەورە لێرە

عومـەر،[١] وە ئەشـعاری عـەلی[٢] لـە تەبەقـەر عولیـا دایـە. ئیمـامی شـافیعی لـە مەشـاهیری شـوعەرایە، حـەتتا بـەعزێ لـە حـەقی ئـەڵێن: کان شـاعرا غلـب علیـة الفقـه! ئـی ئەصـمەعی[٣] بیلعەکسـە: کـان فقیهـا غلـب علیـة الشـعر! مـن ئـەوەم لـە حـەق بـابم و شـێخ ئـەوت: بـابم شاعیر بوو مەلایەتی غەلەبەی کرد. شـێخ ڕەزا مـەلا بـوو شـاعیری غەلەبەی کرد. شێخ ڕەزا تووڕە ئەبوو بـەعزە جار، ئەیوت: بۆ پێم ناڵێن مەلا؟

بـۆ ئوممـەت پێگەیانـدنی، ئهووەلـەن داک بـە لای لایـە ئـەتوانی منداڵ پوختە بکا. دووەم شاعیر، سـێیەم مامۆسـتایە تێگەیشـتنی، مـع الاسف هیچ و برسـی "یۆک" ).[٤]

---

وەک شیعردۆست ناوی دەهێنێت. **توێژەر**

[١] مەبەست لە پێشەوای موسڵمانان عومەری کوڕی خەتابە، مەلای گەورە وەک شیعر دۆست ناوی دەهێنێت. **توێژەر**

[٢] مەبەست لـە پێشـەوای موسڵمانان عـەلی کوڕی ئـەبوو تاڵیبـە، مـەلای گـەورە دەیـەوێت ئامـاژە بـە شـاعیرییەتی ئیمـامی عـەلی بکـات، کـە چ زمـانزان و ڕەوانبێژێک بـووە، کتێبێکی هەیـە بـەناوی (البلاغـة) پڕیـەتی لـە ئیسـتاتیکای ڕەوانبێژی. **توێژەر**

[٣] نـاوی تـەواوی ئـەبوو سـەعید عەبدولمـەلیک کـوڕی قوڕەیـب،ە ناسـراو بـە "اصمعی" لـە شـاری بەسـرەی عێراق لـە ١٢٢هیجری لـەدایک بووە، خـاوەنی قەصیدەی " صـوت صـفیر البلبلي" یـە کـە لەبـەردەم خەلیفـەی عەباسـییەکان "ئــەبو جەعفــەری مەنصــور"، خوێندوویەتییــەوە تــا فێــری بکــات، چیتــر سووکایەتی بە شاعیران نەکا. **توێژەر**

[٤] یوک – وشەیەکی تورکییە، یانی نییە. **توێژەر**

# تەوەری دەیەم:

## مەلای گەورە وەک نووسەر و

## وەک داکۆکیکارێک لە مافی ژن

مـرۆڤ بـوونەوەرێکی قســەکەرە، لەکاتێکـدا بێدەنگـە، لەکاتێکـدا بیردەکاتـەوە، لەکاتێکدا بەرێگەدا ئـەڕوات، لەکاتێکدا ئەخوێنێتـەوە و لێکدانەوە بۆ دیاردەکان دەکات، بەبەردەوامی قسەدەکات. قسـەکردن دۆخێکـی بنچینــەیی بوونــە و پێشــمەرجی ڕەســەنایەتی بوونیشــە لەهەمان وەختا. هەر لەبەرئەوەیە مرۆڤ مەحکومبووە بە قسـەکردن لەهــەموو ڕەوشـــە بوونەوییـــەکانی خۆیـــدا. لێـــرەدا قســـەکردن ئاماژەیـەکی قووڵـە بـۆ کـۆی خـۆدەربڕین و گوزارشـت لـەخۆکردنی مرۆڤ، مـرۆڤ لەڕێگەی قسـەکردنەوە بووەتـە قسـەکەری بـوون بـە گشتی. دەردەکەوێت، کە مرۆڤ قسـەکەری بوونـە. ئەگـەر تەماشـای ئـەم ڕوانینـە فەلسـەفییە بکـەین سـەبارەت بـە قسـەکردن، بـە دڵنیـایی پانتاییــەکی فــراوان و لــەخۆگری هــەموو کایــەکانی خــۆدەربڕینی مرۆڤە، بە نووسینیشەوە. نووسین بە تێکستکردنی گوفتاری مرۆڤـە. تۆمارکردنی ئەو وزە بوونەوییەی مرۆڤە، کە لەبارەی ژیـان، بـوون، مرۆڤ و ڕەهەندەگیانیەکانییەوە هەیـەتی بەگشـتی. نوسـین دۆخێکـی تایبــەت، قــووڵ و سیســتەماتیککراوتری فۆرمــەکانی قســەکردنە و بیرکردنەوە بەشێوەیەکی وردتر و کاریگەرتر تێیدا ئامادەیە. مـرۆڤ بەگشتی دەنوسێت، هەر لەناوی خۆیەوە بۆ نامـە و سـەرنجەکانی و تائەگاتـە ئاسـتی بەرهـەمهێنانی تێکسـت. ئـەوەی بەگشـتی نوسـینە گوزارشـتی سـەرەتاییانە و ئاسـاییە لـە ڕەوش و خەسـڵەتی جیهـان،

مرۆڤ خۆی و دیاردە جیاوازەکان، کە لە توانای قووڵایی بەخشین و چوون بەرەو ڕەهەندی قووڵ و پەنهانەکاندا نییە. نوسین ئیشە و بەشداریکردنی ژیانە لەڕێگەی بیرکردنەوە لە وشەدا. هەوڵێکە بۆ مانابەخشین بە بوون، شەڕی مانایە لەناو ئەو هەموو تەڵەزگەیەی مردندا، لەناو ئەو هەمووە سەنگەرگرتنەی مەرگ و ژیان دا. هەڵبەت ناتوانین وەڵامێکی پڕاوپڕی ئەو پرسیارە بدەینەوە، نوسەر بۆ دەنوسێت، یان چی لەنوسین دەوێت، لەلایەکەوە گرێدراوی ئەوەیە هەر نوسەرە لەگۆشەیەکی کەسی، کۆمەڵایەتی، یان ئایدۆلۆژی و فەلسەفییەوە لێی دەڕوانێ و لێکدانەوەی خۆی سەبارەت بەو پرسیارە پێشدەخات. بارکردنی نوسین بە کۆمەڵێک مەبەستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی، دینی و فەرهەنگی بۆ خۆی ڕەوشێکی نکوڵینەکراوە، بەڵام ئەوەی بۆ من گرینگە بەپلەی یەک ڕەوشێکی بنچینەیی بوونەوییانەی ئینسان- نوسەرە لە مەحکومبوونیدا بە نوسین. ئەمەش مەحکومییەتە بەوەی بنوسیت، دۆخێکی دیاریکراوە، کە وادەکات نەتوانین نە نوسین. بەدڵنیایی ئەمەی من باسی دەکەم بەتەواوی ناکەوێتە دەرەوەی ئەو بارودۆخانەی نوسین بە کۆمەڵێک مەبەستی جیاواز باردەکەن، بەڵام مەبەستمە زیاتر بۆ ئەو دۆخە بناغەییە بگەڕێمەوە کە لەناوەوەی بوونی مرۆڤ خۆیەوە دەست پێدەکات. نوسەربوون دەگەڕێنمەوە بۆ سەر هەمان ڕەگەزی مەحکومییەتی مرۆڤ بە ئازادی. هەرچەندە نوسەربوون و بەرهەمهێنانی تێکست هەموو مرۆڤەکان بەهرەمەندنین لێی، بەڵام بەرئەنجامی گەشەکردنی زانین و زیادبوونی فشاری بوونەویی ناخەکییانەی مرۆڤ خۆی بۆ گێڕانەوە، تێگەیشتن و وێناکردن و لێکدانەوەی دونیا وادەکات

نــەتوانێت نەنوســێت. نوســین گوزارشــتکردنی بــوون، شــتەکان، دیاردەکــان و مرۆڤەکانــە لــەخۆیان، لــەجوانی، باشــی، خراپــە و نابوتییەکانیان لە نوسین دا.[١]

تــەنیا هێــزی ناوەکییانــەی نوســەرنییە نوســین دەخوڵقێنێــت، شــــتەکان و دیاردەکــــان بــــەهۆی جــــوانی، باشــــی، خراپــــی و ناشــیرینیەکانیانەوە هێــزی خۆدەربڕینیــان هەیــە، ئەوانــە خۆیــان دەنوسنەوە. نوسین تەقەلایەکە بۆ خولْقاندنی مانا، نەک خولْقاندنی لەناو نوسین دا، بەڵکو کردنی کردە و پرۆژەی نوسینە بە مانا و جۆرێکــە لــە خۆتێســتکردنەوە بــۆ ئــەوەی بوونیــت و لێرەیــت، وەســتاویت بــە پێــوە و بێدەنگ نابێـت لـە ئاسـت خـۆت و جیهـان. نوسـین ئـەزمونکردنی هـەموو ئـەو مەترسییانەشـە کـە لـە واقیـع دا هێزی بەرەنگاربوونەوەیمان نییە، پانتایی ئەو زۆرانبازییانەشـە، کە ئەشـێ ئێمـە لـە واقیـع دا جـەنگاوەرێکی دۆڕاوبـین تێیـدا. نوسـین هــــەوڵێکی خــــودی بیرکردنەوەیــــە بــــۆ خۆئەرشــــیفکردن، خۆدۆکیـومێنتکردنی بیرکردنەوەیـە. بیرکردنـەوەی ڕاسـتەقینە تـەنیا لەقسەدا ناوەستێت و نایەوێ تەسلیمی قەدەری لەبیرچونەوەببێت. نوسـین پانتاییەکـە، بیرکردنــەوە نــەمری خــۆیی تێـدا ئەدۆزێتــەوە. ڕاستگۆیانە بڵێم، نوسەر ڕەنگە لەخەمی نەمرییەوە تەماشای نوسین بکــات. ئــەوەی وادەکــات نوســین لــەدایکبێ و تایبــەتتر نوســینی داهێنەرانـە غـەمی بوونەوییانـە و قـووڵی نوسـەرە لەئاسـتی نەمریـدا، بـەدیوێکی تـردا غـەمی مردنـە، ئەشـێ لەگۆشـەیەکەوە وەک ترسـی مردن تەماشـای بکـەین. نوسـین نـەمریی بیرکردنەوەیـە. لـەدونیادا و

---

[١] ماڵپەڕی ڕێکخراوی ئازادبوون بۆ تواناسازی، تاکگەرایی و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان/ نووسینی: دانیار محەمەد

لەدەڤەری ئێمەشدا نوسین بە ڕەنگی جیاواز و هەڵگری خواستی سیاسی، ئایدۆلۆژی و فیکری جیاوازەوە لەئارادابووە و هەیە، ئەمەش بەدڵنیایی بەرەو ئەوەمان دەبات، کە بڵێین لەپاڵ هەموو خەسڵەتێکی نوسین دا، نوسین چەکە، ئامرازە یان دەکرێ بە ئامراز و چەک. نوسین تەنیا سەرزەمینێکی جوان و ئینسانی نییە، هێندەی ئەوە و زیاتریش، لەتوانای خستنەوەی نابوتییەکانی دونیادابووە، وایکردووە لەبری مرۆڤ جانەوەر لەدایکبێ. نوسین ماشێنێکی بارکراوە بەو تێز و فیکر و ڕەگەزە ئایدۆلۆژییانەی، یان زانستییانەی، هەریەکەیان بەشێوازێک وێنای حەقیقەت بۆ دونیا دەکات).[1]

بێگومان ئەو پێشەکییەم، بۆیە هێنایەوە تا لێیەوە ئەو پرسیارە بکەم، مەلای گەورە وتار بێژبووە، قسەی زۆری بۆ خەڵکردووە، هەمیشە کۆڕ و دانیشتن و کۆبوونەوەکانی قەرەباڵغ بووە و خەڵکی لێ کۆبووەتەوە، بەڵام دەبینین لە نووسین نەوەستاوە، ئینجا بە نووسراو بێی بە چیرۆک و بەسەرهات و شیعر بێت، هەمیشە ویستوویەتی بە ڕێگەی نووسین و هۆنینەوە کۆمەڵگەی کوردەواری ئاگاداربکاتەوە و ئامۆژگارییان بکات. بەتایبەتی دۆخی ژن و ماف و داخوازییەکانی ئافرەتان، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەخنەی لە کۆمەڵگە گرتووە، کە نەیتوانیوە وەک پێویست مامەڵەیەکی موسڵمانانە لەگەڵ ئافرەتدا بکات. چەوساندوویەتیەوە، مافی خواردووە، ڕیزی بۆ دانەناوە، بێبەشی کردووە لە میرات، لە خوێندن و فێربوون، وەک کاڵایەک مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

---

[1] ماڵپەڕی ڕێکخراوی ئازادبوون بۆ تواناسازی، تاکگەرایی و پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان/ نووسینی: دانیار محەمەد

ویسـتوویەتی بـە ڕیگـەی شـیعر و پەنـدو حیكایەتـەوە ئاگادرایـان بكاتەوە، كە چیتر ئافرەتان نەچەوسێننەوە. مـەلای گـەورە ئەوەیشـی گەڕاندووەتەوە بۆ نەزانین و تێگەیشتنی بەشێک لە تاكی كوردی لـە ئیسـلام و گـەورەیی ئـاینی ئیسـلام، كـە لـە قورئـانی پیـرۆز و فەرموودەی پێغەمبـەری سـەروەر و ڕەوشـت و ئاكارەكانی مـاف و بـەهای ئـافرەتی پاراسـتووە. ئـەو بـە باشـی لـەو ئایەتـەی قورئـانی پیرۆز گەیشتبوو، كە دەفەرموویێت:

( يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) .[١]

مـەلای گـەورە وەكخـۆی لـەو ئایەتـە پیـرۆزە گەیشـتبوو، بۆیـە داكۆكییەكی سەرسەختانەی لەسەر ماف و داخوازییـەكانی ئافرەتـان دەكرد. ئەگەر چاوێكیش بە مێژووی كۆندا بخشێنن، دەبینین یۆنـان، بـە بایەخـدان بـە ئەفسـانە و خواوەنـدەكان، كـە بـە شـێكیان نـاوی ژنانـەیان هـەبووە. جگـە لـەوەیش خـوای عیشـق و جـوانی ژنیشـیان هـەبووە. ئـەو ئەفسـانانە كاریگـەری زۆریـان لەسـەر بیركردنـەوەی خـەڵک دانـابوو، تـا وردە وردە ئـەو ئایـدیا خورافییـە كاڵبوویـەوە، كۆمەڵگەی یۆنانی ئیدی بەریەككەوتنی دەگەڵ فیكر و فەلسـەفە بـۆ دروست بوو.[٢] بەو دەركەوتنە، دۆخی ژیانی یۆنانی كۆن بەتەواوی گـۆڕا، كۆمەڵگـەی یۆنانیـان فێـرە پرسـیار و گومـانكردن كـرد، بەجۆرێک قسەیان لەسەر مـاف و ئازادیەكانـدا دەكـرد، دەتـوانم بڵێم دوای شارسـتانییەتی بابـل و یاسـاكانی حـامۆرابی، ئەغریقییـەكان،

---

[١] القران الكريم، سورة الحجرات - ئاية ١٣

[٢] ديف روبنسون وجودي جروفز/ اقدم لكم افلاطون، ترجمه امام عبدلفتاح امام: ٢٠٠١ ص ٧

لەسەر دەستی سۆلۆن ٦٣٨ پ.ز – ٥٥٨ پ.ز، کە فەیلەسووف و یاسازان و ئەدیب بووە، بەردی بناغەی ژیانێکی جیاوازتری بۆ ژنان دانا.[١] ترسی ئەفلاتۆنیش لە پێدانی ماف بە ژنان، بەومانایەی ئەفلاتۆن لە ترسی دروسبوونی گەندەڵی کۆمەڵایەتی بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ دۆخی ژندا کردووە، مەسئەلەی لەشفرۆشی بابەتێکی زۆر تایبەت و پڕ مەترسی بووە لای ئەفلاتۆن.[٢]

لە ئەسینای کۆندا ناوهێنانی ئافرەتان و باسکردنیان، ئەگەر بەباشەیش بوایە لە ناو کۆڕە فەلسەفی و دەسەڵاتەوە کوفرێک بووە، چ جای ئەوەی باسی پیشە و کارەکەیشی بکرێت، سوکرات ٤٧٠ پ.ز – ٣٩٩ پ.ز ، ی فەیلەسوف نەک هەر ناوی دایکی دەهێنێت، بەڵکو باسی پیشە و کارەکانیشی دەکات.[٣] نووسەر سەبارەت بە هەلو مەرجی ژیانی ژنان لە ئەسپارتە چیرۆکێکمان لەسەر زاری نووسەری فەرەنسایی سیمۆن دی بۆڤار ١٩٠٨ – ١٩٨٦ بۆ دەگێڕێتەوە و لە پەرتووکەکەیدا یاداشتی دەکات. ئەو حیکایەتە ژیانی ڕاستەقینەی ئەسپارتییەکان بوو، کە ئافرەتان زۆر کەمتەر خەم و بێزارەبوون تێدا، باس لەوە داکات ژنان لە کاتی منداڵ درووستکردنا زۆر کەمتەرخەم بووینە، هیچ ئامانج و مەبەستێک لەپشت ئەو لەدایک بوونەوە نەبووە، وەک ئاژەڵ

---

[١] جمهورية افلاطون/ تأليف د. امير حلمى مطر، الهئيهة المصرية العامة للكتاب – مهرجان القراءة للجميع ١٩٩٤ ص٣٣

[٢] مكانة المرأه فى فلسفة افلاطون/ تأليف: د. مصطفى النشار، دار البقاء للطباعة والنشر والتوزيع – القاهرة ١١٤صفحة، ٢٠١٤ ص٢٨

[٣] افلاطون والمرأه/ تأليف: د. امام عبدالفتاح امام، مؤسسة الاهرام للنشر والتوزيع – الطبعة الثانية، القاهرة ١٩٩٨ ص٣٧

زاوزێیـان دەکـردوو وەک ئـاژەڵیش منـداڵیان دەبـوو. دەبـووا ئـەو منداڵەی کە لە دایکیش دەبێ منداڵێکی بەهێز و جەستە تەندروست بووایــە ئــەگینا کــەس نەیدەگرتــە خــۆی، تەنانــەت دایکەکەشــی. باسدەکرێت، کە منداڵەکەیان دەخستە ناو کۆمی شەراب تا بزانن تا چەند بە هێز و خۆڕاگرە، جار هەبوو هەر لەناو گۆمی شەرابەکان دەمردن.[1]

بەداخــەوە ئــەفلاتۆن لــە کۆمارەکەیــدا لایــەنی پــەروەردی جەســتەیی و فیزیکــی ژن دەچوێنێـت بـە سـەگ، دەڵێـت سـەگی پاسکردن و لەوەڕگا بەشداری نێرەکەی دەکات، لە هەمووشتێکدا بــەو شــێوەیــەش دەتــوانین ئــافرەتی نــاو کۆمارەکــەمان بــە پەروەردەیەکی پیاوانە ڕابهێنین، بەوە هەمان فێرکردنی پیاویشیان پێدەدرێت، پاشان هەمان کاری گرنگی پیاویش ئەنجام دەدەن لە جەنگدا [2].

(ئەفلاتوون لێرەدا هەوڵدەدا ژن لە ژنێتی بییەخێ، ئینسان لە کۆمارەکەی ئەفلاتووندا واتە پیاو، نێر بە مانا هێز و بازوو، بۆیە ئەو مێیە بێ هێزەی ناوێت و دەبێ وەک جەستەی پیاو ڕابهێندرێت و ببێت بە پیاو، بە مەفهومە ئەفلاتوونیەکەی ئینجا لە ناو دەوڵەتەکەمدا جێگەی دەبێتەوە. لەکاتێکدا مرۆڤ لە زۆر ڕووە و جیاوازترە لە ئاژەڵ و ناکرێ بەو وێنا بکرێت). **توێژەر**

لەدوا تەمەنیدا ئەفلاتوون لە زۆربەی بۆچوونەکانی لەسەر ئافرەت پەشیمان دەبێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە ناتوانێت ئەو سوپەر دەوڵەتەی کە ویستی دروستی بکات، ئاسان نییە و لە

---

[1] هەمان سەرچاوە ل ٥١

[2] هەمان سەرچاوەل ٣٠

موستەحیلاتەکانە، بۆیە ڕۆئیای خۆی دەگۆڕێت و پێداگری دەکات لەسەر فۆڕمی هاوسەرگیری لەناو خێزاندا، ئەوەیش وەک ئەرکێکی پیرۆز بەرانبەر کۆمەڵ سەیر دەکات. ئەوەیش ناشارێتەوە، کە ئەو ئەرکە پیرۆزە دەبێ ئاراستەکراو بێت، لە پیاوەوە بۆ ژنەکەی یان لە باوکەوە بۆ کچەکەی؟!. هەروەها مارەیی زۆر و خەرجی هاوسەرگیری ڕەتکردووەتەوە.[1]

(دوای ئەوەی پێشەکییەکی کورتمان لەسەر نووسین و وتار و قسەکردن، دواتر دیدی یۆنانیەکان لەسەر ماف و داخوازیەکانی ئافرەتان، ئەوەشمان بۆ ئەوەبوو سەرەداوی تێگەیشتنی ئەوانمان بۆ دەرکەوێت، تا بتوانین لە دونیای خۆمان بگەین. بێگومان بە هاتنی ئایینە ئاسمانییەکان تەورات – ئینجیل – قورئان، بەتایبەت ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕەوشی ژن بە تەواوی گۆڕا، چووە قۆناغێکی دیکە، ئیسلام میراتێکی دەوڵەمەندی لەدوای خۆیدا بۆ جێهێشتووین، کە لێیەوە بە باشی هەست بە ڕەوینەی جیاوازی نێوان نێر و مێ دەکرێ و خاڵە جەوهەری پێکەوە بوونیان بەرز دەنرخێنین. ئیسلام تێکۆشا تا جیاوازتر لەوانی دیکە قۆناغی تێگەیشتنی پیاوسالاری بگۆڕێت بۆ ژیان سالاری و مرۆڤسالاری، بەڵام بەداخەوە لە هەندێک وێستگەدا بە هۆی هەڵەتێگەیشتن و دوورکەوتنەوەی موسڵمانان لە قورئان و فەرمووده هەندێک دوور کەوتوونەتەوە لە ڕێزگرتنیان لە ژن و خێزان. ئەوەیش پەیوەندی بە دۆخی ژیان و ئاستی هۆشیاری و ژینگە و کارەساتەکانەوە هەیە. کەسایەتییەکی وەک مەلای گەورە لەوها دۆخێکدا دەنگ هەڵدە بڕێت و بە کۆمەڵگە دەڵێت ئیدی بەسە ستەم لە ئافرەتان و

---

[1] افلاطون، القوانين، د. تيلور ص٥٠

بێڕێزسەیرکردنیان، پێیان دەڵێت لەو ڕۆژەوە بەدوا، نابێت ئاوها بیربکەنەوە، پێویستە بگۆڕێن و خۆتان چاکبکەن. هەوڵە چاکسازیەکەی مەلای گەورە، هێندە گشتگیر و وردبوو، تا سنوورێک جێگەی خۆی گرت. بە وتار و نووسین و شیعرەکانی تاک تاکی کۆمەڵگەی کوردی تێدەگەیاندوو ئامۆژگاریی دەکردن، تا بێنەوەهۆشخۆیان و چیتر کچ و ژنەکانیان دوور نەخەنەوە لە خوێندن و وەرگرتنی زانیاری. پێداگربووە لەسەر خوێندنی کچان و کچەکەی خۆی نەجیبەخان یەکەم کچ بووە کە ناردوویەتیە قوتابخانە و لە دوای ئەویشدا خەڵک کچەکانی خۆیان ناردووە. ئەوە ڕیفۆرمە لە بواری کۆمەڵایەتی و دەبێ لەبەرچاوبگیرێت). توێژەر

# تەوەری یانزەهەم:

## ئافرەت لە پێش ئیسلامدا،

## بە گوێرەی گێڕانەوەی قورئانی پیرۆز

لەسەردەمی نەفامی ( جاهیلی )دا خەڵکی ڕقیان لە ئافرەت بوو، خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُمْ بِالأُنثَى ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ )[1]. واتە: خۆ ئەگەر مژدەی بوونی کچ بدرێت بە یەکێک لەو نەفامانە، ڕووی گرژ و تاڵ دەبێت و ڕەش دادەگیرسێت و سینەی پڕ دەبێت لە خەم و پەژارە. خەڵکی دوورگەی عەرەبی لەپێش ئیسلامدا ئافرەتیان بە سووک و بێ ڕێز تەماشا دەکرد و هەر بە زیندوویەتی دەیانکرد بە ژێر خۆڵەوە، بەڵام ئیسلام هات ئەو کارەی قەدەغە کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد و ئەوەی لەسەر موسڵمانان فەرز کرد، کە پێویستە ڕێز لە ئافرەتان بگرن و لە گەڵیاندا چاک بن و مافەکانیان پێشێل نەکەن ، خوای گەورە دەفەرموێت: ( وَإِذَا الْمَوْؤُودَةُ سُئِلَتْ * بِأَيِّ ذَنبٍ قُتِلَتْ )[2]. واتە: کاتێک کچی زیندە بە چاڵ کراو پرسیاری لێدەکرێت . بە چ گوناهێک، بە چ تۆمەتێک کوژرا ؟! لە سەردەمی نەفامی و پێش ئیسلامدا خەڵکی (ئەو پارە وماڵەی مردوو دوای خۆی بە جێی دەهێڵێت) نەیان دەدا بە ئافرەت ئەگەر چی شیاوی وەرگرتنیشی بوایە، بەڵام کاتێک ئیسلام هات بە باشترین شێوە بەشە میراتی ئافرەتی دیاری کرد و مافی خۆی پێدا. خوای گەورە دەفەرموێت: ( لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ

---

[1] سورة النحل : ٥٨

[2] سورة التكوير : ٨-٩

الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاء نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا )[1]. واته: پیاوان بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوک و دایک و خزمان بە میراتی لە دوایان بە جێ دەمێنێت، هەروەها ژنانیش بەشیان هەیە لەو شتانەدا کە باوک و دایک و خزمان بە میراتی لە دوایان بە جێ دەمێنێت، لە کەم و زۆری بەشی هەرکەسێک دیاری کراوە و دەبێت بیدرێتی لە سەردەمی نەفامی پێش ئیسلامدا پیاوان وەکو چۆن ماڵ و موڵکی مردوویان بە میراتی وەردەگرت بە هەمان شێوەش خێزانی کابرای مردوویان وەکو میراتی بۆ خۆیان دەبرد ، هەر کە پیاوەکە مرد پیاوێکی تر دەهات پۆشاکێکی دەدا بە سەر ئافرەتەکەدا و دەیوت: بوو بە بەشە میراتی من هەروەکو چۆن ماڵەکەیم بە میراتی برد ، بەڵام ئیسلام ئەمەی حەرام کرد ، خوای گەورە فەرموویەتی: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُواْ النِّسَاء كَرْهًا )[2]. واتە: دەبا ئەوانەش کە ( دوور نیە بەم نزیکانە بمرن ) و نەوەی لاواز و ساوایان لە دوا بە جێ بمێنێت ، خواناسی و ئاینداری بکەنە پیشەیان و گوفتاری چاک و بە جێ بڵێ .لە سەردەمی نەفامیدا پیاو ڕێگر بوو لە شووکردنی ئەو خێزانەی خۆی کە تەڵاقی داوە هەتاوەکو هەموو ئەو شتانەی بۆ نەگێڕێتەوە کە لەسەر ژنەکە خەرجی کردووە. باوک کچەکەی و برا خوشکەکەی خۆی لە شووکردن قەدەغە دەکرد ئەگەر بیویستایە، پیاو خراپ مامەڵەی لەگەڵ خێزانەکەی دەکرد و تەڵاقی نەدەدا تاوەکو فیدیەی پێ نەدایە . خوای گەورە فەرموویەتی: ( وَلاَ

---

[1] سورة النساء: ٧

[2] سورة النساء: ٩

تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُواْ بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلاَّ أَن يَـأْتِينَ بِفَاحِشَـةٍ مُّبَيِّنَـةٍ )[١]. واتـە: ئـەی ئەوانەی بـاوەڕتـان هێنـاوە دروست نیـە بۆتـان ژنـان بـە زۆر بکەنـە میراتی خۆتان و دەستیان بەسەردا بگرن (وەکو کەلوپەلی تری نـاو ماڵ)

لە جێگەیەکی دیکەدا فەرموویەتی: ( فَلاَ تَعْضُلُوهُنَّ أَن يَنكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْاْ بَيْنَهُم بِالْمَعْرُوفِ)[٢]. واتە: ئێوە (ئەی کەس و کاری ژن) مەبنـە کۆســـپ لـــە ڕێگەیانـــدا ئەگـــەر ویســـتیان شـــوو بکەنـــەوە بـــە هاوســەرەکانیان (یـاخود ویسـتیان شـوویەکی تـر بکـەن) ، کاتێـک ئەوان لە نێوان خۆیاندا ڕەزامەندییان نواند بە شێوەیەکی جوان.

لـە سـەردەمی نەفامیـدا ئـافرەت بـە دەسـت سـتەمی مێـرد و ڕەوشـت خراپـی و خـراپ مامەڵەکردنیـەوە دەینـاڵانـد ، بـەڵام کاتێک ئیسـلام هـات ئەمـەی قەدەغـە کـرد و فـەرمانی بـە پیـاو کـرد کـە بـە شێوەیەکی ڕێک و پێک و جـوان مامەڵـەی لەگـەڵ بەرنەسـەر. خـوای گەورە فەرموویەتی: ( وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ)[٣]

واتـە: هاوژینییـان لەگەڵـدا بـە جـوانی بەرنەسـەر. فەرموویـەتی: (وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّـذِي عَلَـيْهِنَّ بِـالْمَعْرُوفِ)[٤]. واتـە: ژنـان مافیـان هەیـە بەسـەر پیاوانـەوە بـە وێنـەی ئـەو مافانـەی کـە بـۆ پیاوانـە لەسـەر ژنـان بـە گـوێرەی بـاو و نـەریتێک کـە پەسـەندە لـە ئیسـلامدا. لەسـەردەمی نەفامیدا عیددەی ئافرەت لە دوای مردنی پیاوەکەی یـەک سـاڵ بـوو، بـەڵام کاتێـک ئیسـلام هـات ئـەم ماوەیـەی کـەم کـردەوە و کـردی بـە چوار مانگ و دە ڕۆژ ، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنكُمْ

---

[١] سورة النساء: ١٩

[٢] سورة البقرة : ٢٣٢

[٣] سورة النساء: ١٩

[٤] سورة البقرة: ٢٢٨

وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا يَتَرَبَّصْنَ بِأَنفُسِهِنَّ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا )[١].

**شیعرەکانی مەلای گەورە لەبارەی ژنەوە:**

لێرە هەوڵدەدەین نموونەی بۆچوون و هۆنراوەکانی مەلای گەورە لەبارەی ماف و داخوازیەکانی ئافرەتان بخەینە ڕوو. باسەکانی مەلای گەورە زیاترباسی مارەیی ژن و تەڵاقدان و کچ بە شوودان ونوشتە و شێخ و خورافیات و دواکەوتووی کۆمەڵگە بووە. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیعرەکانی مەلای گەورە، لە چوارچێوەی باس و خواسی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی دەسوڕێتەوە، پەیوەندی بە چەسپاندنی بیروباوەڕی کوردایەتییەوە هەیە لەناو دڵی خەڵکیدا. لەو ڕێگەیەوە توانجی توونند لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدات و بە هۆکاری دواکەوتوویی کورد ناویان دەهێنێت. هەڵبەتە لەناو کورد نموونەی چەندان زانا و مەلای دیکە هەن، کە بەگوێرەی ژینگەی کۆمەڵایەتیی و ئاینییان هەندێک کاریانکردووە، کە جێگەی ئەوەیە لەسەریان بووەستین. هەروەک لەو نامەیەی، کە حاجی قادری کۆیی ١٨١٧- ١٨٩٧ز لە ئەستەنبۆڵەوە بۆ حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادەی باوکی مەلای گەورەی ناردووە و لەدێڕێکداو لەوەسفی ئەو بنەماڵە زانست پەروەرەدا دەڵێت :

**بەغەیری جەدی ئێوە کێها زانا**

**بناغەی لەکوردستاندا علمی دانا[٢]**

مامۆستای پایەبەز مەلای گەورەی کۆییە، کە هەمیشە جیاوازتر

---

[١] سورة البقرة : ٢٣٤

[٢] کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی: نووسینی – مەلا حوسێن گورژی، چاپ نووسینگەی تەفسیر- ساڵی ١٤٣٠ک – ٢٠٠٩ز لاپەڕە ٦٠٣

لـه مـەلا و زانايـانی حـوجره دەركـەوتووه و هـەوڵی چاكسـازیی و ڕيفۆرميـــداوه، بـــەڵام لـــەچوارچێوەی نەريتـــه كۆمەڵايـــەتيی و عورفيیەكاندا. بەمانايەكی ديكه پرۆژه چاكسازييەكەی مەلای گەوره لەبازنەيەكی كۆمەڵايەتی و ئەخڵاقی دەسووڕايەوه. نەك ڕچەشكێنی لـه فتـواو لێكدانـەوه كۆنـەكان، بـۆ ئـەحكام و شـەرع. ڕەخنـه و توانجەكانيشـی چ ئەوانـەی بەشـيعر و چ ئەوانـەی لـه كـۆڕ و وانـه ئاينييـەكان و تەنانـەت لـه تەفسيرەكەيشـی زيـاتر ئامۆژگـاری و توانجگرتن بووه لـه ديارده نـا كۆمەڵايـەتی و ژيارييـەكان. لـەبارەی زانست و مەلايەتی و نووسين له بواری ئاينييدا سەرنجتان بۆ چەند كارێكی مەلای گەوره ڕادەكێشين لەو بوارەدا: ئەو پيداگری لەسـەر ئازادی ژن و خوێندن دەكردەوه .

له شيعرێكدا دەڵێت :

**بڵێن به قەومی كوردان دەستی من و دامێنيان**
**عەيبه به حەققی يەزدان ژن هێنان و تەڵاقدان**
**ژن زينەتی دنيايه، ئەمانەتی خودايه**
**حەبيبی موستەفايه قەڵاتن له بۆ مێردان**
**ژنيش وەك موزەكەره عەينی ئەويش بەشەره.**[1]

---

[1] هەمان سەرچاوه ل ٢٨٣

# تەوەرەی دوانزەهەم:

## مەزهەب و فتوا و تێگەیشتنی مەلای گەورە بۆ ئایینداری

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاینێکی ئاسانە و هەمیشە ئاسانکاریش دەکات بۆ بەندەکانی خودا، ئاینێکە کە هەمیشە خەڵکی هانداوە بۆ لێبوردەی وچاوپۆشیکردن لەکەم وکورتیەکانی بەرانبەر، تەنانەت لەم بارەیەشەوە پێغەمبەری ئازیزمان " درودی خوای لەسەر بێت " فەرموویەتی : (علیکم من الدین ما تطیقون، فإن الله لا یمل حتی تملوا)[1]. واتە : ئەوەی لەدیندایە و لەتواناتاندایە ئەنجامی بدەن، خوای گەورە بێزار نابێت هەتاوەکو ئێوە خۆتان بێزار نەبن. جا بۆیە دەبێت ئەو کەسەی بەشوێن زانیاری وشارەزای لەدیندا دەگەڕێت دەبێت لە ئەندازەیەکدا نەرم ونیان بێت لەگەڵ دەروونی خۆیدا، بەشێوەیەک نا کە هەمیشە لەسەر ئومێد وهیواکان ڕای بهێنێت، تا وای لێدێت بەبێ کار وکردەوەی چاکە بەتەمای پاداشتی باش بێت لای خوای گەورە بە بەڵگەی ئەوەی ئاین ئاسانە وخوای گەورەیش بەڕەحمە . لەبەر ئەوە ئەم مەسئەلەیە مەسئەلەیەکی مامناوەند گیرە کە مرۆڤی باوەڕدار دەبێت بەهەموو شێوەیەک دەست بگرێت بە بنەما و مەبادئەکانی ئیسلامەوە وبەئەندازەی تاڵە موویەکیش لێی لانەدات، لەهەمان کاتیشدا خوای گەورە حەڵاڵی کردوە ومۆڵەتی داوە کە باوەڕدار دەست بگرێت بەو

---

[1] الراوي: عائشة أم المؤمنين ، المحدث: الألباني | المصدر- صحيح ابن ماجه ، الصفحة أو الرقم : ٣٤٣٥ ، خلاصة حكم المحدث / صحيح

(ئاسانكاريانەش)ی كە خوای گەورە داینـاون بۆ مرۆڤـەكان تـاوەكو دینەكـەیان لەسـەر قـورس وگـران نـەبێت بەشـێوەیەک كـە نـەتوانن فەرمانەكانی ئەنجام نەدەن، ئەمـەش مانـای ئـەوە نیـە مـرۆڤ شـوێن زەلـە و هەڵخلیسـكانی هەنـدێک لـەزانایان بكـەوێت كـە خۆیـان پـیش هــەموو كــەس فــەرمانیان كــردووە كــە شــوین ڕاو بۆچونێكیــان نەكـەوین بـەبێ بەڵگـە، بۆیـە دەبێـت مـرۆڤ ڕێگـە نـە بـەخۆی و نـە بـەهیچ كەسـێكی تـریش نـەدات كـە لـەتاوان وگوناهـدا ڕۆبچێـت و بـەردەوام بێت، بـۆ نموونـە بـڕوات بگـەڕێت لەهـەموو مەسـئەلەیەكدا كام مەزهەب و كام زانا ڕایەكی هەیە لەگەڵ هەواو ئارەزووی ئەودا دەگونجێت كۆیان بكاتەوە و پاشان بێت بـەو كـارەی فـەتوای حـەڵاڵ وحەرامی مەسائیلەكان بۆ خـەڵكی بدات و ناویشـی لـێ بنێـت ئـاینی ئاسانكاری و میانەڕەو، بێگومان ئەم كـارە كـارێكی بێـزراو و خراپـە لای زانایـان وهـیچ زانایـەكی متمانـە پێكـراو لـەكۆن ونوێـدا فـەتوای بەوەها كارێک نـەداوە، وبگـرە بـە (زندقة) بـێ دینیـان داوە لەقەڵـەم، چونكـە ئـەم كـارە (مـا أنـزال اللـه بهـا مـن سـلطان) خـوای گـەورە و پێغەمبەرەكەی فەرمانیان نەكردوە بەوەها شتێک. بۆ نموونە: ئەگـەر كەسـێک پرسـیاری حـەڵاڵ وحـەرامی ( بیـرە ) ی لێكردیـت، تـۆیش بگــەڕێیت وپــاش گــەڕان بڵێیــت : بــۆ ئــەوەی دیــن فــەرمانی بــە ئاســانكاری كــردوە ئــەوەتانێ ڕایــەكی (أبــو حنیفــة) هەیــە ئــەڵێت خواردنـەوەی بیـرە دروسـت وجـائیزە . یـان ئەگـەر پرسـیای حـەڵاڵ وحەرامی خواردنی ئاژەڵێكیان لێكردیت پاش ئەوەی بۆت دەركـەوت تەواوی زانایـان بەلاینـەوە حەرامـە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی كـە ڕایـەكی لاواز لای ئیمـامی مالیک هەیـە بـە دروسـتی خـواردنی گۆشـتی ئـەو ئاژەڵە تۆیش بێیت بەبەڵگەی ئاسانكاری فەتوای پێ بدەیت . ئەمەش

وەک وتمـان بـەکۆی دەنگـی زانایـان حەرامـە و بـە بـێ بـاوەڕی و زەندەقەیان داناوە، چونکە هیچ مەسئەلەیەک نیە ئیللا ڕایەکی ئاسـان وڕێگە پێدراوی تێدا دەبینیتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەیە پێدەچێت ئـەو زانایــەی ئــەو ڕایــەی هەیــە بەڵگــەی حــەرامی ئــەو کــارەی پــێ نەگەشتبێت.

ئیمای شاطبي (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لـەم بارەیـەوە ئـەڵێت : إذا صار المكلف في كل مسألة عنت لـه يتبع رخص المذاهب وكل قول وافق فيها هواه فقد خلع ربقة التقوى وتمادى في متابعة الهوى ونقض ما أبرمه الشارع وأخر ما قدمه.[1] واتە: ئەگەر کەسێک لەهـەر مەسـئەلەیکدا کـە گـران وقـورس بـوو لەسـەری شـوێن (ڕوخصـەت وئاسـانکاری) زانایـان کـەوت ولای هـەر زانایـەک شـوێن ئـەو شـتە کەوت کە لەگەڵ هەواو ئارەزووی خۆیدا گونجا ئـەوە بـا بزانێت کە کە گرێ وهەڵقەی تەقوا وخواناسی لەملی خۆی داکەندوە، لە شـوێن کــەوتنی هــەوا وئــارەزووی خۆیـدا ڕۆچــووە وئــەوەی کــە خــوا وپێغەمبەرەکـەی دیاریـانکردوە هەڵیوەشـانۆتەوە وئەویشـی ئـەوان فەرمانیان پێکردوە کە پێش بخرێت ئـەو پشـگوێی خسـتوە وگرنگی پێ نەداوە. هەروەها ئیمـامی ئـەوزاعیش (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێت) وتویـەتی: مـن أخـذ بنـوادر العلمـاء خـرج مـن الإسـلام.[2] واتـە: ئـەو کەسـەی دەسـت بگرێت بـە ڕایـە نەشـازەکانی زانایانـەوە ئـەوە لـە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەرچووە. هەروەها سولەیمان التيمي ئـەڵێت: ئەگـەر هـاتوو دەسـتت گـرت بەڕوخصـەتی هـەموو زانایانـەوە ئـەوە تەواوی شـەڕ تێدا کۆبوەتەوە.

---

[1] الموافقات للشاطبي - مجلد ٢ ، ص٣٨٦ – ٣٨٧
[2] شعب الإيمان رقم ١٩٢٣ - مجلد ٢ ، ص٣١٥

شوێن کەوتنی ڕوخصەتی زانایان، بەکۆدەنگی زانایان حەرامە و دروست نییە؟: !

ابن القیم الجوزیة (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا (إعلام الموقعین) دا دەڵێت: دروست نییە موفتی موسڵمانان شوێن فڕوفێڵی حەرام ومەکروهـ بکەوێت، شوێن ئەو ڕوخصەتانە نەکەوێت بۆ ئەو کەسەی، کە سوود وقازانجەکەی دەوێت، چونکە شوێن کەوتنی شتێکی لەو شێوەیە فاسقی ولەسنوور دەرچوونە، حەرامیشە پرسیارلێکردنی.[١] (ابن عبد البر)ی مالیکیش وتویەتی : شک نابەم لەنێو زانایاندا جیاوازی هەبێت لەم بارەیەوە، کە دروست نیە دەست گرتن لە ڕوخصەتی هەموو زانایانەوە.[٢] ابن الحزم وباجی وابن الصلاحی شارەزووری و زۆرێکی تریش لەزانایان، کۆدەنگی زانایانیان گواستوەتەوە بۆمان کە دروست نیە و حەڵاڵ نیە بۆ موسڵمان کە کاری تەنها شوێن کەوتنی ڕوخصەتی زانایان بێت. ابن حزم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەڵێت: هەندێک کەس هەن، کە لاوازی دین و تەقوایان گەشتوەتە ئاستێک، کە هەرچی هەواو ئارەزووی خۆیان پێیان خۆش بێت لە وتن زانایان کۆی دەکەنەوە، ئەوەیشی بەدڵیان نەبێت پشتگوێی دەخەن، دێن ئەوەی ڕوخصەتە لە وتەی زانایان وەری دەگرن، بەبێ ئەوەی سەیر بکەن و بزانن ئایا خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) چییان فەرمووە.[٣]

وقال الإمام أحمد: لو أن رجلا عمل بقول أهل الكوفة في النبيذ،

---

[١] إعلام الموقعین بەرگی دووەم / لاپەڕە ٣٨٧

[٢] جامع بيان العلم وفضله - مجلد ٢، ص٩٢.

[٣] الإحكام لابن حزم، مجلد ٦ - ص ٣١٧

وأهل المدينة في السماع (يعني الغناء) وأهل مكة في المتعة كان فاسقا.[1] واتە : ئەگەر کەسێک بە وتەی ئەهلی کوفەی کرد لە حوکمی بیرە خواردنەوەدا کە بەلایانەوە دروست خواردنەوەی، لە گوێگرتن لە گۆرانی ومۆسیقا بە وتەی ئەهلی حیجازی کرد کە دروستە، لە حوکمی (موتعەی نساء) مارەکردنی ئافرەت بەکاتی بەقسەی ئەهلی مەککەی کرد، ئەوا ئەو کەسە فاسق بووە و لەسنوور دەرچووە، ئەم وتەیەش مەبەست پێی ئەوەیە نابێت مرۆڤی باوەڕدار وەک مێش ومەگەز بێت و بچێت تەنها بەو وتە نەشیاوانەوە بنیشێتەوە کە لەگەڵ ڕۆحی ئیسلامدا نایەنەوە. قال إسماعيل القاضي رحمه الله: دخلت مرة على المعتضد فدفع إلي كتابا فنظرت فيه فإذا قد جمع له فيه الرخص من زلل العلماء، فقلت: مصنف هذا زنديق ! فقال: ولِمَ ؟ قلت: لأن من أباح المسكر لم يبح المتعة، ومن أباح المتعة لم يبح الغناء، وما من عالم إلا وله زلة، ومن أخذ بكل زلل العلماء ذهب دينه؛ فأمر بالكتاب فأحرق. واتە: ئیسماعیلی قاضی ئەڵێت: ڕۆژێکیان چوومە ژوورەوە بۆلای خەلیفە (المعتضد) ئەویش کتێبێکی دا بەدەستمەوە، سەیرم کرد نووسەرەکەی هەرچی وتە و زەلە و ڕوخصەتی زانایانە بۆی کۆکردوەتەوە، منیش وتم : دانەری ئەم کتێبە زەندیق و بێ دینە، خەلیفەش وتی: بۆچی ؟ وتم: ئەو زانایەی کە بە زەلەیەکی سەرخۆشکەرێکی بەڕێگە پێدراو داناوە، موتعەی بەلاوە دروست نیە، ئەویشی موتعەی بەلاوە دروستە، گۆرانی بە ڕێگە پێدراوە

---

[1] الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر لأبي بكر بن الخلال رقم ١٧١ ص ٢٠٦ ، وإرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول للشوكاني ص ١٦١، وعون المعبود ١٣ / ١٨٧ ، وشرح قصيدة ابن القيم ٢ مجلد ص٥٢٤.

نەزانیوە، هیچ زانایەک نییە کە زەلە و وتەی نەشیاوی نەبێت، جا هەرکەسێک شوین زەلەی زانایان بکەوێت ئەوە دینی ڕۆشتوە، پاشان خەلیفە فەرمانی کرد بە سوتاندنی کتێبەکە. ئێمەش دەڵێین پێویستە لەسەر هەموومان، کە بگەڕێینەوە بۆ لای قورئانی پیرۆز و سوونەتی صەحیحی پێشەوامان، نەک قسەی ئەم وئەو یان ئەو کەسانەی کە وەک وتمان تەنها شوێن قسە و ڕوخصەتی زانایان دەکەون و هەواو ئارەزووی خۆیان کردووە بە موفتی و فەتوا دەری خۆیان و خۆیان گومڕا بوون و خەڵکلیشیان گومڕا کردووە، ئەوەیش کە وتمان واجبە وئەرکی هەموو لایەکمانە، وەک خوای گەورە فەرموویەتی: {فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجاً مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا}[1] واتە: نەخێر، سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لافی بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە ڕوودەدا لە نێوانیاندا تۆبە نەکەن بە دادوەر و گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵ و دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەک دروست ببێت بەرانبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووە و دەبێت بەتەواویی تەسلیم بن و ڕازیی بن . لەبارەی ئاسانکاری و دەست گرتن بە ئاسانکاریەوە ئەم ڕیوایەتە هاتووە، کە دەڵێت: "ما خير رسول الله صلى الله عليه وسلم بين أمرين إلا أخذ أيسرهما ما لم يكن إثما فإن كان إثما كان أبعد الناس منه وما انتقم رسول الله صلى الله عليه وسلم لنفسه إلا أن تنتهك حرمة الله. واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) سەرپشک نەکراوە لە نێوان دوو شتدا ئیللا شتە ئاسانەکەی

[1] سورة النساء:٦٥

هەڵبژاردووە بەمەرجێک ئەگەر تاوان و گوناهـ نەبێت، جا ئەگەر تاوان و گوناهـ بوو ئەوا ئەو لەهەمووو کەس لێی دوورتر بووە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەرگیز لەبەر خاتری خۆی تۆڵەی لەکەس نەسەندوەتەوە، مەگەر کاتێک کە سنووەرکانی خوای گەورە بەزێنرا بێت.

ئەم فەرمووەدەیە چاکترین بنەما وچاکترین تەرازووە لەم بوارەدا، جا کەوابوو ئەگەر ئاسانکاریی و ڕوخصەتی زانایان تاوان و گوناهـ نەبووە، ئەوا شوێنکەوتنی دروستە وگومانی تێدا نیە، بەڵام ئەگەر تاوان و گوناهـ بوو بە هەموو بنەماکانی ئیسلام و کۆدەنگی زانایان، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی ئەوەی باسمانکرد و دروست نییە شوێنکەوتن مرۆڤ سەر لە گومڕاییەوە دەردەکات...

مەلای گەورە زۆر بە وردی و شێوەیەکی زانستیانە لەو پرسە دەڕوانێت و دەڵێت:

(گرانی تەکلیف بە نەظەر شەخص، بە نەظەر قەوم ئەگۆڕێ. قەومێک، کە لە ڕووی ئیمان و ئیخلاص، ڕوح دانان و ماڵ سەرفکردنی لا سەهل بێ، ئەبێ چی لەلا گرن بێ؟ مەعلومە باسووکی لە هەموو وەقت چاک نییە! پاپۆڕ لە بەحر باری سووک بێ، بە سووکی ئەخنکێ، بالنسبە تا گران بێ باشە. قەومێ مەیلی زیللەت و ئەسارەتیان هەبێ، عیززەت و ئیستقلالیەتیان غایەت لەلا گرانە، خادمی نادەن بە مەخدوومی، مەئموریی ناگۆڕنەوە بە ئامیری، گزیریان لە ئەمیری پێ خۆشترە. قەومێ ئەجانب پەرست بێ، ئیتاعەی (خۆیی)یانی لا لە کێو هەلگرتن گرانترە. کەوابێ دیارە موسڵمان لە سووکی ئەترسن، لە ئیستیلای ئەجانیب خۆفیان هەیە، لە تەشریعی ئەترسن، کە بە ناوی تەزکییە، سوخریە و ئیستعبادی

تیا بێ، وەک شەرعی عیسا: کەسێ زلەکت لە ڕووی بدا، ڕووەکەی تری بۆ ڕاگرە، زلەکیش لەو بدا! کەسێ فرسەخێ بە سفر بیت، دوو فرسەنگ لەگەڵی هەڕووا زاتەن من لە مێژە عەرزی موسڵمانان ئەکەم، هەر عەقیدەیێ، هەر ئەمرێ سەوقی کردن بۆ حەیات، بۆ عەمەل، خەفەتی ڕوحی و بەدەنی دا، بزانن ئەوە لە ئەحکامی ئیسلامییە یە. وە ئیللا غەشە. ئەساسەن لە دینی ئیسلام نییە، بۆ کوشتن ئوممەت هاویشترابی، حاصڵی، تەڵەب ئەکەن جەنابی حەق بارێکیان باوێتە سەر، خەفەتێکی ڕۆحی و نەشاطی عەمەلی بدا، نەک گرانیان کا بە کەسالەت و عەتاڵەت، ڕوحیان غەلیظ بێ. ئەوی لەگەڵ فیتڕەتی خۆمان موافیق بێ، نیهایەت جرفمان کا لە خراپە بۆ چاکە. وەکو جوو بوونە ژێر دەست، خادیمی هەیکەلی (ثەوری اخرس)، موحیببهتی عەمەل چی بەسەرهێنا؟ وە هەم تەماشای مەیلی (مفرط) مان مەفەرموو، تۆ سادەماتی باری زۆر گران هەڵگرین، سبەی نا. گەلێ هەیە مەیلی تاعەت، ئەیخاتە ژێر باری زۆر قورس، ئاخری ئەوەستێ، وەک ڕەهبانیەتی دیانان و زوهدی ئێمە).[1] (گەلێ لە موسڵمانانیش ئەڵێن هەر ئێمە (ناجین)، غەیری ئێمە هەموو فرەقی ئیسلامی ئەچێتە ئاگر، نە تەنها فرەقی اعتقادیات، بەڵکو ئەرپابی طوروق و مەزاهیبیش وا ئەڵێن. ئەگەر ئینساف بکەین، ئەو لاف و گەزافی لەناو ئێمەدا هەیە، باوەڕ ناکەم لەناو جولەکە و دیاناندا هەبێ، بەڵام ئەوانە قورئان خوێن نین، ئیعتیقاد بە قسەی ڕۆئەسای خۆیان ئەکەن. لە کتێبێکی ڕافزییانم دیت، کە خودا ئەفەرموێ: هەر کەسێک عەلیی خۆش بوێ، تا عەنانی ئاسمان گوناهی هەبێ، من لێی خۆش ئەبم. ئەوی ڕقی لە عەلیی ببێتەوە،

[1] تەفسیری کوردی/ بەرگی یەک ل ٣٣٤

ئەگـەر مابـەینی ئـەرز و ئاسـمان چاکـەی هـەبێ لێـی قبـوڵ ناکـەم عـەزابی ئـەدەم. منیش نووسـیم: ئەگـەر حوسـنی معامەلـەی لەگـەڵ خودا هەبوایە، ئەبوایە ئەویش لـە موتیع و موحیبباتی خـوا خـۆش بـێ، بـا ڕقیشـی لێیـان بێتـەوە! بـەڵێ ئینسـان بـە قسـەی خۆشـکەڵە خۆشـکەڵە، هەڵئەخەڵـەتێ. ئـەو نەوعـە خودپەسـند و هەرزەگۆیانـە ئەبێ جەزایان چی بێ؟ هەر خودا ئەیزانێ، بە کەس نابێتە بەیان).[1]

تێبفکرن" کەسێکی عەقڵی هەبێ چۆن کەتمی ئەو حەقایقە ئەکا و ئەڵێ: خالیقی ئەرز و ئاسمان عیسایە؟ کەسێکی کەمی شعور و ئیمانی هەبێ چۆن ئەڵێ تـەدبیری کائینات بە قوتب سپاردرایە، بێ ئەمر و ئیرادەی ئەو، زەرراتی کائینات حەرەکە ناکا؟ ئەو نەبێ ئەرز و ئاسمان وەرئەگەڕێ؟ کەسێکی لە غایەتی جەهل نەبێ، چۆن ئەڵێ عەلی موکەویری لەیل و نەهارە؟ باری لـە نبووەت صـەرفی نـەزەر! بۆچی بە عەقڵ، خەیاڵی صەحیح تەماشای ئەرز و ئاسمان ناکەین، بزانن ئەو عالەمە چییە؟ بزانن ئەو عالەمە عەزیمە بە چ قووەت و ئیرادە و عیلمێک خەلق کراوە؟ بە چ حیکمەتێک بەو ئینتظامە غەریب داندراوە، بەڵام کە عەقڵ نەما، قسە لەگەڵ کێ بکەین؟ بالخاصـە، کە کـەڕامات هاتـە گـۆڕێ بـە جـارێ عـەقڵ و عیلم و حیکمـەت ئـەفڕێ، نیزامـی کائینـات ژێـر بـەرە و ژوور ئـەبێ... حـەق و حەقیقـەت گـوم ئـەبێ. خودایـە تـۆ شـاهیدی هـەر دینێـک، هـەر مەزهـەبێک، هـەر مەشـرەبێک لەگـەڵ عـەقڵ موخـالیف بـێ، مـن لێـی بـەریم، دینـێکم ئـەوێ... بـە مەزهـەبێک ڕازیـم، کـە بـە ئیمتزاجـی عـەقڵ و نبـووەت ڕوحێکـی خالیصـی تیـا پەیـدابوو بـێ و منـیش نـائیلی ئـەو حەیاتـە موعتەدیلـە بـبم و ئـەو دینـەش حەقیقەتـەن دینـی ئیسـلامە. ئـەم

[1] تەفسیری کوردی بەرگی یەک ل ١٣٩

ئیمتزاجـەیش خـالقی ئـەکوان، منزلـی قورئـان بـۆ ئێمـەی کـردووە، ئێمەیش (لله الحمد) پێی ممتزج بووین و زۆریش سـەعی ئەکەم، کە هەوامیش بەڕاستی لە حەق و حەقیقەت بگا با لایشیان مـەنفوور و بێ حورمەت ببم... خودا ئەزانێ لە عەبدولڕەحمانی جەلی هـەتا مـن، کە لە کۆیێ ژیاوین، خیانەتمان لەگەڵ دین و میللەت نەبووە.(1)

(1) تەفسیری کوردی بەرگی یەک ل ١٨٢

# تەوەری سێزدەهەم:

## تێڕوانینی مەلای گەورە

## بۆ چەمکی موجەدید (نوێگەر)

مــەلای گــەورە زۆر بــەوردی لەســەر چــەمکی نوێگــەریی و ئەوانـەی هـەڵگری ئـەو ناسـنامەیەن قسـەکات، پێیوایـە بەشـی زۆری مـەلای ئـەو سـەردەمە، بـە تایبـەتی مـەلایانی کـورد شـایەن بـەو ناونیشانە نین، چونکە دۆخی بیرکردنـەوەی مـەلای کـورد هێشـتا لـە نێـو مەنزومـەی فقـە و شـەرع نەهاتووەتـەوە دەر، مـەلای گـەورە پێیوایـە بـوون بـە موجەدید، نوێگـەر هـەر وا ئاسـان نییـە، کەسـی تایبـەت و زانـای چـاک چـاکی دەوێـت. مـەلای گـەورە لـەبارەی موجەدیـدەوە تیڕوانینـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، پێشـیوایە کـورد، چونکە لە فەلسەفە و فیکری تـازەی دونیـا شـارەزا نییـە و ئامـادەش نییـە ئـەو فیکرانـە بخوێنێتـەوە، بۆیـە توانـای بـوون بـە موجەدیـدی زەمانەی نییە ئەو لەبارەی پرۆسەی نوێگەرییەوە ئاخۆ کێ هـەڵگری ئەو ناوەیە، نموونە بە فەیلەسوفانی یۆنـان و بەتایبـەت بـە ئـەفلاتون دەهێنێتەوە و لەسـەر تێڕوانینـەکانی بۆ ژیـان دەوەسـتێت، پێدەچێت مــەلای گــەورە زۆر بــە وردی کتێبــی کۆمارەکــەی ئــەفلاتونی خوێندبێتەوە، چونکە لەسەر قۆناغ بەندی و مەدینە فازیلەکەی بـاش بـاش دەوەسـتێت و وەک سـەمپڵ باسـیان دەکـات، بـۆ نموونـە دێتـە سەر دانانی یاسا، بۆ ژیـان و بیرکردنـەوە و گـۆڕینی کۆمەڵگە. ئـەو پێیوایـە بـۆ ئـەوەی بگـۆڕێت پێویسـتە لـە دەرەوەی بابەتـە فقیـەکان بچێتـە دەرەوە، چونکـە موجەدیـد دۆخـی کۆمەڵگـە بـەو ئەندازەیـە

سەیر دەکات، کە ئاڕاستەیان بگۆڕێت، شتێک ببێتە هۆی چەقبەستن و وەستانیان ئیدی مومکین نییە ئەو گۆڕانە. لای مەلای گەورە گرنیگدانی مەلایانی کورد بە زانستی فقهو نەحو و تەجیوید و هتد..... نامانگەینێتە شارستانییەت، لە دیدی مەلای گەورەوە گەیشتن بە شارستانییەت بە داهێنان و بیرکردنەوە و بەرهەمی زانستی دەبێت. نایشارێتەوە ئەوەی ئێستا لە ئەورووپا و ئەمریکا و بەریتانیا بەدەست هاتووە بەرهەمی بێدینەکانە نەک ئایینداره‌کان، دەشڵێت دەبووا ئێمەی ئایینندار و موسڵمان ئەو ڕچەشکێنیەمان کردبا و تۆپ و تەیارە و سەیارەمان دروستکردبا. کاتێک ئەوان دروستی دەکەن موسڵمان و ئەهەلی دین لە جیهان شەرمەزار دەبن و کەسانی لا دین پێمان دەڵێن: ئەگەر ئاینەکەی ئێوە زانست و زانیاری تێدابایە، وەک ئێمە پێشدەکەوتن. مەلای گەورە ئەسەفێکی زۆر بۆ ئەو ڕەوشە دەخوات و دەڵێت: ئەگەر ئێمەی موسڵمانان، ئەو کارەمان کردبا و زانست و زانیاریمان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تەرخانبکردایە، ئێستا خەڵکی بە پەرۆشەوە دەهاتنە ناو ئایینی ئیسلام، باوەشی خەڵکی بۆ ئایین تەنها بە خزمەتکردن و پێشکەوتن دەبێت. کاتێکیش دێتە سەر ناوی موجەدیدینی سەردەم شێخ محەممەد عەبدە و جەمالەدینی ئەفغانی قەت لەبیر ناکات و دەڵێت: لە جیاتی ئەو موفەکیر و تێگەیشتووانە لەلایەن جەمعی موسڵمانان دەعم بکرانایە، دێن تەکفیریان دەکەن و بە کافر ناویان دەهێن. ئەسەفێکی زۆر بۆ ئەو بارودۆخەی زانایانی موسڵمانان دەخوات و دەڵێت: سێ موجەدیدی گەورە ئێستا لە عالەمی ئیسلامی هەن، کە شایانی ئەوەن پێیان بگوترێت موجەدید. مەلا عەبدولڕەحمانی جەلی باپیرە گەورەم، موفتی زەهاوی، شێخ

محەمـەد عەبـدە. پاشـان دەڵێـت: خـودا صـانعە کەسـی صانعیشـی خۆشدەوێت. مەلای گەورە هاواردەکات و دەڵێت: میللـەت لـە گوێی گـادا نووسـتووە، بەخەبـەر نایـە. زانایـەکی وەک تـەنتاوی ئومێدی وابـوو، لـەسـایەی تەفسـیری وی عالـەمی ئیسـلامیەت بەخەبـەر بێن، دەشـڵێت لـەو زەمـان و ڕۆژگـارە یـەک مـەلا بـە خەبـەر هـات لـە مـەغریب، ئـەویش بـە هـەموو قـووەتی خـۆی هجـومی کـردە سـەر تەنتاوی و تەکفیری کرد؟ .!

(واقیعـەن لازم بـوو، بـۆ عالـەمی ئیسـلامی لەسـەر هـەر سـەد ساڵە، (موجەدید)ێ ئەمما بە گوێرەی زەمانـە، "موجەدید" نـەیانبا بـۆ عالـەمی خـەیاڵ و قرونـی "قبل التـاریخ" ، "لکن مـع الاسـف" ئەمـەش نەبوو. شێخی ئادابی زیکر و فیکری دانێ مەلایە دوو سێ تـەئلیفی خیلافی بکات، "موجەدیدن"، یەکێ دوو سێ قسەی حکومایان بدزێ، یەک دوو تەعن لـە دیـن دا، فەیلەسـووفە، ڕەبی موبـارەک نـەبی ئـەو موجەدیدانە، ئەو فەیلەسوفانە، قادیانی و عیسایی و محەممەدی چی بـۆ کـردی؟ ئـەوا خۆمـان هاویشـتیتە "حـوجرە"یی دەوڵـەتی سـەلام بزانین چۆنمان ئەخوا؟ گورگ ئەڵێ: ماڵی بـابم مـەڕ، دەخـۆم دونگی تـەڕ، خـۆی ناکـا لـە لـەوەڕ" بـەڵێ ئـەو نەوعـە موسـالمەی زۆر خۆشئەوێ؟) [1].

حـەزم لـە موشـاجەرەی خۆبـەخۆیی نییـە، ئەمەنـدەم مەقصـودە ڕوحی ئایەت محافەزە کەم، کە حەیاتێ بداتە ئێمە هەرچی دەعوەتی ئێمە بکا بۆ موخالەفە، بۆ مردنی بە "ڕەزیلی" مەیلم لەگەڵی نییـە، بـە دەعوەتی ئیسلامی نازانم، دەسەڵاتم هەبا ماجەرای بەینی سـەحابانم لە کوتب مـەحوو دەکردەوە، بـا موڕاجەعـەی جمهوریـەتی ئـەفلاتون

[1] تەفسری کوردی بەرگی نۆ ل ١٩٠

کەین، بە گوێرەی دەستورێ، کە بۆ ئیسلاحی یۆنانیان دادەنێ، بەو تەرزە کە تەرزە دەستورێ بۆ ئیسلاحی موسڵمانان دانێین، چ دەکا بە شوعەرایان، کە باسی شەڕ و شۆڕی "الە"ە نەزم ئەکەن لە بەینی ئوممەت بڵاو ئەبێتەوە، بەو ئەفسانانە قەوم موتەزەڕیر ئەبێ، تەربیە هـەڵتاگرێ "الهـە" بـەو نەوعـە بـن، ئینسـان ئـەبێ کـۆبێ؟ بـەڵێ موجەدیدمان پێ ئەوێ، "ئەمما" موجەدیدی تەریق و مەزهەب نا، چ نییە، موجەدبدی عالیم، "زەکی النفس" بێ مەیل و قەدیر، جامعی قووەیی ماددی و مەعنەوی. بەڵێ یەک شەخس ئیکتیفا ناکا، با دوو سێ جەمعێ یەک بگرن، خەریکی "تەجدید" بن، هەر حەدیسێ قیمەتدار بوو، "مع الاسف" زایەع کرا. ئوممەت عەجایبە خاسەتەن مەلا، مەلای موختەلیف مەزاهیب، ئوممەت موجەدیدی بۆ کیهە مەلا قبوڵ کا؟ هەریەکە ئەڵێ: ئی من. ناشکوری نەبێ لەبەر مونازەعات بێ فائیدە ئەچێ. مەلا "عەبدولڕەحمان" ی جەلی باپیرە گەورەم، لەسەر سەدەی سێیەم بوو، مەلای بابم کە لەسەر سەدەی چارەم بووە، "موفتی زەهاوی"، لە میسر "شێخ محەمەد عەبدە" شایانی موجەدیدن "لکن" ئەوانی ئێمە "مع الاسف" "بالکیە" خەساربوون. شێخ محەممەد عەبدە باشە، گەلێ ئستیفادەی لێکرا، مەقیعی چا بوو، ئەویش لە تەئسیری قووەی حوکم و ئیدارە بوو، بێ قووەتی ماددی چ ناکرێ، پادشاهێ عادل و فەیلەسوف وەکی ئەفلاتون ئەڵێ: ئەتوانێ ببێتە موجەدید ئەگەر خۆشی مەلا نەبێ، "ئەمما" ڕەهبەرلی، مەلای چاین چاکە ئیستیفادەی لێ ئەکرێ. ئوممەت لە گوێی گادا نووستووە، بەخەبەر نایە، "تەنتاوی" ئومێدی وابوو، لە سایەی تەفسیری وی عالەمی ئیسلامیەت بە خەبەر بێن، "لکن" یەک مەلا بە خەبەر هات، لای "مەغریب" زەمین، ئەویش بە هەموو قووەتی خۆی

هجـومی کـردە سـەر "تـەنتاوی" تـەکفیری کـرد، ئـەی بەدبـەختی ئوممـەت، زاتـێ وەکـی "محەممـەد عەبـدە" ، "جەمالـەدینی ئـەفغانی" ، "سـەید ڕەشـید" تـەکفیر ئەکـەن، حەقـەن ئـەوان وەک ئـەو شـیعانەن تـەکفیری یـارانی گوزینی "ڕیسـالەت" پەناه، ئەکەن، "مـع أنـه" ئـەوان خوای "تەعالان" ، "عز وجل") بۆ وانی داناوە مەغفیرە.[1]

بۆ ئەو ئوممەتـە موجەدید زۆر لازمـە، "لکن" ئەویشـیان گۆڕی، "موجەدیـد" ئـەوەی کـۆن بـوو، "حسـب الزمـان" بـێ کـەڵک مـا، ئـەبێ بیگۆڕی بـە شـتی نوێ، چاک مـوافیقی عەصـر، موجەدیـدی دنیامـان لازمترە، لە موجەدیدی دین، ئەو مەعنایـە کـە عمـوم تێئەگـەن ئـەمڕۆ بـە هـەزاران تەکیـە و زاویـە و خانـەقا زۆرە، لـە مەداریسـی ئێمـە، مەعمەلی ئەسڵیحە، ئەلبەسـە، حـەوائیجی عەصـر نـابینی، ئەگـەر ئـەو ئیختیڕاعاتەی لـە دەسـت موسـڵمانان هاتبـا ین وای بەسـەر دەهـات؟ مومکین بوو ئەکسەری لە دەست کافرەکان موسڵمان بووبان. ئەیان وت: ئەوان لە ئاساری دینی حەقە، خـوای تـەعالان ئەوانـەی لـە ڕێـی وی لەسـەر عـەردی صـەف بەسـتەی حـەڕب ئـەبن، خۆشـبوێن، بـە هەزار دەرەجە ئەیوانەی بە تەیارە لە جەوی سەما، بە غەواصات لـە قەعری "بیحـا" لـە ڕێـی وی شـەڕ بکـەن، خۆشـتری ئـەوێن، حکومـای غـەرب تـا تـەرکی دینیـان نـەکرد، نەبوونـە "موختـەریع" بۆیـە بوونـە دوژمنـی دیـن، بـەڵێ جینـی ئیجتهـادی تـابیعی ڕەئـی ئیلاهـی مایـەی "تعالی" یە ڕوحی تەرەقییە، خودا صـانعە، صـانعی زۆر خۆشـدەوێ، خەلیفەی خودا لە عەردی صانعن. موصڵیحە گەورەکانی مودەبیرن، "اما مع الاسف" سیاسـەت عزی عیلمـی حوکـەمایانیش بـە فەسـاد دا،

[1] هەمان سەرچاوە، بەرگی نۆ ل ٢٣٩.

ئەوەی ئەوان بۆ سەعادەتی بە شەری ئیختیراعیان کرد، سیاسیون لە ئیمحای[1] بەشەری صەرفی ئەکەن[2]، نازانم بلێم چی؟ خودا بە لوتف و مەرحەمەی خۆی ڕەحمێ بە بەشەریەت بکا.

---

[1] یانی سڕینەوە

[2] تەفسیری کوردی، بەرگی دە ل ٨٤

**ئەنجام:**

بەو پێیی مەلای گەورە لە سەردەمی ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە، تێکەڵبوون بە کلتووری ئەورووپایش لەبرە و دابووە. وڵاتە ئیسلامییەکانیش، خەریکی خۆ ڕیکخستنەوە بوون. ئەو سەردەمەیش ڕۆژگاری عەبدورەحمان کەواکیبی و محەممەد عەبدە و جەمالەدین ئەفغانی بووە. بیر و هزری ئەوانیش بەسەر زانایانی کورد دیارە، لە ناویاندا مەلای گەورە بووە. دیارە مەلای گەورەش هەمان ئەو ڕەوتەی گرتەبەر، بەڵام ناتوانین بڵێن مەلای گەورە نوێگەر بووە، بەڵکو ڕیفۆرمخواز بووە. واتە کارەکانی مەلای گەورە زیاتر لەچوارچێوەی ئیسلاحی کۆمەڵایەتی دەسووڕایەوە، نەک ئایینی. بەمانایەکی ورتر مەلای گەورە زیاتر ڕیفۆرم و ئیسلاحی کۆمەڵایەتی کردووە، ئەویش لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

دەکرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

١- مەلای گەورە توانیویەتی لەژێر ڕۆشنایی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ژن بە شێوەیەکی جیاواز دەربرێت، ئەمە بووەتە مایەی قەڵسبوونی هاوچەرخانی.

٢- کۆمەڵگە هان دەدات واز لە خورافە بهێنن و خۆیان دووربگرن لە کاری ناشیاو و هیچ.

٣- خێزان و هاوسەرەکان دنە دەدات، لەگەڵ یەک باش و تەبابن، گەر وانەبوون هیچ شتێک سوودی نابێت، ژیان هەر لەژێر ساباتی هاوژینیی بەهرە دەدات.

٤- چەندان پەند و حیکایەت و سەرگوزەشتە دەهێنێتەوە، بۆ باشترکردنی کۆمەڵگە و دوورخستنەوەیان لە خووی خراپ.

٥- بە شێوەیەکی کراوە، باسی زۆر بابەتی تایبەت بە ئافرەت و خێزان و کۆمەڵگە دەکات.

ئەم تەفسیرەی مەلای گەورە نەک تەنیا لەبارەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و توانج لە نەریت و دواکەوتوویی، بەڵکوو دەشێ لە هەموو بوارەکانی دیکەش سوودی لێ وەربگیرێت.

**سەرچاوە کوردیەکان:**


١- (ڕەنگدانەوە شارستانییەتی یۆنانی لە ناو شارستانییەتی ئیسلامیدا - لە سەردەمی عەبباسی یەکەمدا (٧٤٩- ٨٤٧) ز) نوسەر: زریان حاجی. ژمارەی لاپەر: ٢٨١ ساڵی چاپ : ٢٠١٢.

٢- دیدی مەلای گەورە بۆ فەرموودە (شیعرەکانی بە نموونە) توێژبنەوەی پ.جەواد فەقێ عەلی (یۆتیۆپ).

٣- (مەلای گەورەی کۆیە وتەفسیرەکەی و چەند سەرنجێک) نووسەر: عەلی باپیر. ٦٩ لاپەڕ. بڵاوکردنەوەی: نووسینگەی تەفسیر. ساڵی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠١١.

٤- (تەفسیری قورئانی پیرۆز) بە کوردی - نووسەر: مەلای گەورە. ٦٠٠٠ لاپەڕ. لە (١٠ بەرگ) و لەساڵی (٢٠٠٩ز) لەسەر ئەرکی مام جەلال لەچاپدرا.

٥- (مەلای گەورە - زانا و ئەدیب و شاعیر) نووسەر: عەبدولخالق عەلائەدین. چاپی دووەم: ٢٠٠٩.

٦- (ژن لە تەفسیری مەلای گەورەدا) نووسەر: حەیدەر عەبدوڵڵا. ماڵپەڕی خوێندگە.

٧- کوڵی دڵی مەلای گەورەی کۆیی/نووسینی: مەلا حوسێن گورژی ساڵی چاپ، ٢٠٠٨

٨- مەلای گەورە/ نووسینی: مومتاز حەیدەری – چاپی دووەم – ٢٠٠٩

٩- مەلای گەورە - کوێخای دیوەخانی هزر و میوانی دیوانی شیعر- نووسینی: قانع خورشید، ساڵی چاپ – ٢٠١٤

١٠- فڕی فڕی قەل فڕی – نووسەر: مەلای کەورە ، پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینی/ قانع خورشید، ساڵی چاپ – ٢٠١٧

١١- دەرد و دەرمانی زانایان/ لەبەر ڕۆشنایی تەفسیرەکەی مەلا گەروەی کۆیی/ نووسینی: هێمن عومەر خۆشناو- لە بڵاوکراوەکانی نووسینگەی تەفسیر- ساڵی چاپ ، ٢٠٢٠

١٢- ئافرەت لە دیدی مەلای گەورەوە/ نووسینی: ئاڵا دارا عەبدولمەجید – نووسینگەی تەفسیر، ساڵی چاپ – ٢٠٢١

١٣- دین و جیهانبینی مەلای گەورە - هەڵبژاردەیەک لە بەهێزترین

بابەتەکانی تەفسیری مەلای گەورە - نووسینی: هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی - نووسینگەی تەفسیر، ساڵی چاپ- ٢٠١٧
١٤- ژیان و ئەزموونی مەلای گەورە/ نووسینی: هاوکار عەبدوڵلا شێخ وەسانی - نووسینگەی تەفسیر، ساڵی چاپ- ٢٠١٧
١٥- بیرەوەری و ڕوانینەکانی مەلای گەورە/ کۆکردنەوە و ڕێکخستن و پەراوێزی: هێمن عومەر خۆشناو

**مصادرالعربية:**

١- (اليهود واكاذيبهم ) للمؤلف : مارتن لوثر. ٢١٨ ص. مراجعة والتقديم والتعليق: د. محمود النجيرى – مكتبة النافذة.
٢- (مختارات من كتابات الرجل الذي غير تاريخ المسيحية ١٥١٧ المجلد الأول) مؤلف: مارتن لوثر. ١٧٢ ص. تاريخ الإصدار: ٢٠١٧.
٣- (الإسلام بين العلم والمدنية) تأليف: الإمام محمد عبده. ١٣٨ ص. جميع الحقوق محفوظة للناشر مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة: ٢٠١٢.
٤- (العروة الوثقى) تأليف: جمال الدين الأفغاني ومحمد عبده. ٤٩٠ ص. جميع الحقوق محفوظة للناشر مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة: ٢٠١٢.
٥- ( التراث والتجديد - موقفنا من التراث القديم) : تأليف د. حسن حنفي. ١٨٦ ص. الناشر مؤسسة هنداوي سي آي س: ٢٠١٧.
٦- ( الوحي والواقع - تحليل املضمون) تأليف: د. حسن حنفي. ٢٥٣ ص. صدرت هذه النسخة عن مؤسسة هنداوي عام: ٢٠٢١.
٧- (رسالة في اللاهوت والسياسة) تأليف: باروخ سبينوزا. ترجمة: د. حسن حنفي. مراجعة: فؤاد زكريا. ٤٦٢ ص. صدرت هذه الترجمة عن مؤسسة هنداوي عام: ٢٠٢٠.
٨- (نحن والتراث - قراءة معاصرة في تراثنا الفلسفي) تأليف: محمد عابد الجابري. ٣٢٩ ص. تاريخ الإنشاء: ٢٠٠٧.
٩- (تكوين العقل العربي) تأليف: محمد عابد الجابري. ٣٨٤ ص. سنة النشر: ١٩٨٨.
١٠- محمد عبدالله الجلي (مەلای گەورە) وجهوده العلمية: تأليف: د. جواد فقي علي الچوم حيدري – سلسلة رسائل جامعية : الطبعة الاولى –

اربيل ٢٠٠٦ .
١١- التكميل في وجوب الفرق بين الواجب والمستحيل: تـأليف العلامـة محمـد عبدالله جليزاده – تحقيق: أ.د. جمال محمد فقي رسول بـاجلان – الطبعـة الاولى ٢٠١٥ .
١٢- نقد أسلوب الزلمي ونقض اعتراضاته/ تأليف – د. حسـن خالـد مصـطفى محمود الفتي، من منشـورات أهـل السـنة الجماعـة – أتبـاع النقشـبندية / أربيل، سنة ٢٠١٠م.
١٣- مفهـوم الاصـلاح أو نحـو اصـلاح الفهـم المصـطلح: تـأليف / د. محمـد بـريش- خبيـر فـي الدراسـات المسـتقبلية والاسـتراتيجية عضـو " معهـد الدراسات المصطلحية.
١٤- المفردات في غريب القران: تأليف/ راغب الاصفهاني.
١٥- اصول النظام الاجتماعي في الاسـلام/ تـأليف: الشـيخ محمـد الطـاهير بـن عاشور سنة ٢٠٠٥م.
١٦- التراث والتجديد/ تـأليف: د. حسـن حنفـي، سـنة ٢٠١٧ مؤسسـة هنـداوى للنشر.
١٧- الفكر الإسـلامي – نقد واجتهـاد/ تـأليف: محمـد اركـون ترجمـة وتعليـف: هاشم صالح – الطبعة السادسة – ٢٠١٢
١٨- مستقبل الثقافـة فـي مصـر/ تـأليف: طـه حسـين – صـدر هـذا الكتـاب عـام ١٩٣٨ و صدرت هذه النسخة عن مؤسسة هنداوي عام ٢٠١٤.
١٩- من الاجتهاد إلى نقد العقل الإسلامي/ تأليف: محمد اركون – ١٩٩٣
٢٠- اليمين واليسار في الفكر الدينى/ تأليف: الدكتور حسن حنفي: منشورات دار علاءالدين- ديمشق، ودار الثقافة الجديد – القاهرة ص ٦-٧
٢١- مقال: مفهوم اليسار الاسلامي في فكر الدكتور حسـن حنفـي – بقلـم: د. جميـل قاسـم – موقـع الانترنيـت- المعـارف الحكميـة – معهـد الدراسـات الدينية والفلسفية.
٢٢- كيـف يفكـر النـاجحون/ تـأليف: جـون سـى ماكسـويل، ترجمـة: فايقـة جرجس، مراجعة: مروة عبدالفتاح شحاتة، الناشر: كلمات عربية للترجمة والنشر، الطبعة الاولى ٢٠١٢م القاهرة.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

١ - وەسیەتەکانی هەڵم - شیعر- هاوبەش/ ١٩٩٧.

٢- ئەلف، کۆمەڵە شیعر- هاوبەش/ ٢٠١٩.

٣- بە تەنیشت ژیانەوە - دەقی ئەدەبی/ ٢٠١٩

٤- بۆرژان - ڕۆمان/ ٢٠١٩

٥- ئەستێرەی ژەنیار - نۆڤلێت/ ٢٠١٩

٦- مرۆڤ زەوی نەدۆزیتەوە - ڕۆمان/ ٢٠٢٠

٧- ژنەکانی ناو پیاو پیاوەکانی ناو ژن - ڕۆمان/ ٢٠٢١

٨- گۆڕستانی چراغ - ڕۆمان/ ٢٠٢١

٩- کۆتایی دیموکراسی- ئامادەکردن/ ٢٠٢٢

١٠- ڕاست و چەپ- کۆمەڵە وتار/ ٢٠٢٢

١١- ئەو کاتەی ژیان ناوێکی دیکەی هەبوو- دەقی ئەدەبی/ ٢٠٢٣

١٢- دیوانی (من) دەقی ئەدەبی/ ٢٠٢٣

١٣- گوتاری ڕیفۆرم و نوێگەری لە دونیای ئەدەبیی و ئایینی مەلای گەورەدا- لێکۆڵینەوە/ ٢٠٢٥

١٤- مەلای گەورە: چاکسازی – نوێگەری